# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

www.gulan-media.com



## شەفافییەت، هاندان، خۆپاراستن
## سیانەی کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی و دەسپێکی پیادەکردنی حکومڕانی باش

شاجوانی هونەرمەندانی عەرەب نەجوی سوڵتان:





نهێنییەکـــانت دەپـــارێزی؟


خۆراک بۆ خۆپاراستن لە کەم خوێنی


قەڵای زەرد دەبێتە میوانی (عمید)ی کویتی


مـــاری دوو ســـەر


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد ســـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
MANAGING EDITORS
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر


■ بەرگ و دیزاین
لوقمان رەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
د.عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)

# ئیرادەی خۆنوێکردنەوە لە ناو پارتە سیاسییەکان تاچەند لە ئارادایە؟



**((پارتە سیاسیەکان لەبری ئەوەی هەوڵبدەن خەڵك گرنگی بەو مەسەلانە بدات کە پارتەکان بە گرنگی دەزانن، باشترە گرنگی بەو مەسەلانە بدەن کە خەڵك بە گرنگی دەزانێت))**
**-کینس واڵاك سەرۆکی — NDI**

بەکارهێنانی وشەکانی پارتی سیاسیی و کۆمەڵگە لەم راپۆرتە، بەمەبەستی ئاماژەکردنە بەو پارتە سیاسیانەی کە بروایان بەدیموکراتی هەیە،هەروەها بەکارهێنانی کۆمەڵگەش ئاماژەکردنە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئێستا کۆمەڵگەی دەمەزراوەیی دیموکراتین یان لە دەستپێکی بونیادی دیموکراتیدان، ئەم ئاماژەکردنە لەگەڵ ئەوەی ئاماژەکردنێکی زۆر سادە و سەرەتاییە، بەڵام بۆ ئەم راپۆرتە بەپێویستمان زانی، هۆکاری ئەم پێداویستیە لەم چەند خاڵە ئاماژە پێبکەین:

١- حزبە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لەگەڵ ئەوەی هەموویان بەشداری پرۆسە سیاسیەکە دەکەن و لیستی خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە، بەڵام ئامانجی هەموویان دیموکراتی و بونیادی دیموکراتی نیە.

٢- هەیکەلی زۆربەی زۆری پارتە سیاسیەکان و ئەو بزووتنەوەو قەوارە سیاسیانەی لە کوردستاندا هەن، هەیکەلێکی لە شێوەی حزبی بەلشەفی یان ستالینیان هەیە، واتە لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەرەمی و شانەبەند لە خوارەوە بۆ سەرەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو پارتە سیاسیەکان لەدەرەوەی هەیکەلی رێکخستنەکانی خۆیان دوژمنێك دەبینن، هەروەك چۆن پارتە بەلشەفی و ستالینیەکان، هەموو ئەوانەی دەکەوتنە دەرەوەی هەیکەلی رێکخستەکانی خۆیان بە دوژمن و لایەنگیری سەرمایەداری لە قەڵەمیاندەدان.

٣- لە دیدی پارتە سیاسیەکانی کوردستاندا هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاندانی بەشداری هاوڵاتیان لە دەرەوەی حزبە سیاسیەکان بۆ بەشدار بوون لە پرۆسەی سیاسیی، بە خاڵی لاواز بوونی پارتە سیاسیەکان دادەنێن، بۆیە هەوڵێکی زۆری پارتە سیاسیەکان هەست پێدەکرێت، بۆ ئەوەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوە جەماوەری پیشەییە کان بکەن بە پاشکۆی حزبی خۆیان، ئەم حاڵەتە جارێکی دیکە ئەوانەشی دەکەونە دەرەوەی هەیکەلی رێکخستنەکانی پارت و بزووتنەوە سیاسیەکانی دیکە بەسەر حزبەکاندا دابەشکردۆتەوە، هەر بۆنموونە کاتێك دەڵێین (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) ئەوا بێ ئەوەی بیرمان بۆ هیچ لایەك بچێت دەزانین ئەو رێکخراوە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە دەشڵێین رێکخراوی خوێندکارانی کوردستان، ئەوا دیسان دەزانین باسی رێکخراوێك دەکەین سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، ئەم حاڵەتە تەنها تایبەت نیە بە پارتی و یەکێتی، بەڵکو چەند پارت و بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستان هەیە، هێندەش رێکخراوی قوتابیان و خوێندکاران هەیە، هێندە رێکخراوی لاوان و گەنجان، ئافرەتان و ژنان و خوشکان، هونەرمەندان، هتد ئەگەر رێکخراوێك یان سەندیکایەکیش لە ناو یەك رێکخراو یان یەك سەندیکا رێکخرابێت، بۆ نموونە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان،دەبینین دیسان لە ناو رێکخراوەکەدا دابەشبوونێکی سیاسیی هەیە کە هاوتای پارت وبزووتنەوە سیاسیەکانی کوردستانن، بۆ نموونە ئەگەر نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان پارتی بێت، ئەوا جێگرەکەی یەکێتی یە، سکرتێرەکەی شیوعیە، بریاردەرەکەی یەکگرتووی ئیسلامیە، پۆستێکی دیکە هی کۆمەڵی ئیسلامیە، لەگەڵ نوێنەرێکی ئاشوری یان کلدانی،ئەوانی دیکەش وەك هونەرمەندان، رۆژنامەنووسان، پارێزەران ..هتد بە هەمان شێوە دابەشکراون.

٤- پارت و بزووتنەوە سیاسیەکانی کوردستان لە روانگەی بەرژەوەندی سیاسیی و ئایدۆلۆژی خۆیەوە سەیر کۆمەڵگە دەکەن، هەر بۆنموونە، لەبەر ئەوەی قۆناخی وەرچەرخان لە ئابووری مەرکەزیەوە بۆ ئابووری ئازاد، باشترین چەترە بۆ ئەوەی ئابووری لەژێر چنگی دەوڵەت رزگاربکرێت وبکرێتە مۆنۆپۆڵی پارتە سیاسیەکان،ئەگەر بەم ئاراستەیە حزبە سیاسیەکان بۆیان بچێتە سەر ئەوە هەنگاو هەڵگرتن لە ئابوری مەرکەزیەوە بۆ ئابوری بازار شادەماری پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، بەڵام ئەگەر بۆیان نەلوێت،



**ئەم راپۆرتە بانگێشە نیە بۆ هیچ لایەنێکی سیاسیی، بەڵکو بەدەرخستنی رۆڵی پارتە سیاسیەکانە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی**

**تەنگژەی پارتە سیاسیەکان لە وڵاتانی پێشکەتووی دیموکراتی و ئەو دەوڵەتانەشی لە دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدان تەنگژەیەکە و بوونی هەیە**

**پەروێز موشەرەف پەنای بردە بەر کودەتای سەربازی بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگژانەی کە رووبەرووی سیستەمی پارتایەتی پاکستان ببۆوە، خەڵک هێندە لە پارتە سیاسیەکان نائومێد بووبوون، لەگەڵ ئەوەی پێشوازیان لە کودەتاکەش نەکرد، بەڵام بە کودەتاکە رازیبوون، ئێستاش لە مۆریتانیا بە هەمان شێوەیە پەنا بۆ کودەتای سەربازی براوە**

یان پارتێکی سیاسیی وا هەستبکات ئەوەی پارتی بەرامبەر بۆی دەلوێت بۆ ئەم ناچێتە سەر، ئەوا ئەسڵەن ئابوری ئازاد گەورەترین دوژمنی کۆمەڵگایە و ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی خۆی بە باڵای بەرژەوەندی گەل دادەبڕێت، لە ژێر پەردەی بەرگریکردن لە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی هەوڵ بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەدات.کەواتە لێرەدا مەبەست ئەوەنیە، وەرچەرخان لە ئابووری دەوڵەتەوە گۆڕاوە بۆ مۆنۆپۆلی پارتەکان یان مۆنۆپۆلی بەرپرسی پارتە سیاسیەکان، بەڵکو سەرکردەی ئەو لایەنە سیاسیانەی دژی ئەم حاڵەتە رادەوەستن، وا هەست دەکەن ئەوان لەو مۆنۆپۆڵە بێ بەشکراون و دەبێت ئەوانیش بەشێك لەو مۆنۆپۆڵەیان بەدەستەوە بێت، بەرپرسی ئەو پارتە سیاسیانەی ئێستا ئابوریان مۆنۆپۆڵکردووە، مافی ئەوانیان پێشێلکردووە،هەربۆیە بێجگە لە دژایەتی ئەم حاڵەتە ئەوانیش بەرنامەیەکیان پێ نیە بۆ چۆنیەتی وەرگرتنەوەی ئابوری لە مۆنۆپۆلی بەرپرسی پارتەکانەوە بۆ کۆنترۆڵی بازار، کە دەشڵێین بەرنامەیان نیە،بێگومان لاپەرەی رۆژنامە و گۆڤار و شاشەی تیڤی ئەو لایەنانە گەواهیدەری ئەو راستیەن، لەبەر ئەوەی باسی هەموو سلبیاتەکان دەکەن بەڵام باسی چارەسەر ناکەن.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن بەشێکی کەمن لەو ئیشکالیەتەی لە سیستەمی پارتایەتی وڵاتی ئێمە هەیە، بۆیە لەسەرەتاوە ئاماژەمان بەوەکرد، ئەم راپۆرتە پارت، وەك پارتی دیموکراتی و کۆمەڵگە وەك کۆمەڵگەی دیموکراتی راڤە دەکات، نەك بەرگریکردن لە چەمك و ئایدۆلۆژیەتی ئەم پارتی سیاسیی یان بزووتنەوە یان قەوارەی سیاسیی، ئەم راپۆرتە بانگێشە نیە بۆ هیچ لایەنێکی سیاسیی، بەڵکو بەدەرخستنی رۆڵی پارتە سیاسیەکانە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و، لەو روانگەیەوە سەیری باردۆخەکە دەکات، کە هەتا ئێستاش پارتە سیاسیەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەو توخمە سەرەکیانەن کە ئەلتەرناتیڤیان نیە،بەڵام پارتە سیاسیەکانیش بێ کەموکورتی نین، بۆیە ئامانجی ئەم راپۆرتە بەدیار خستنی کەموکورتیەکانی پارتە سیاسیەکانە وەك پێداویستیەك بۆ بونیادی دیموکراتی.

## رۆڵی سەرەکی پارتە سیاسیەکان و دەسنیشانکردنی کەموکوڕیەکانیان

لەبەر ئەوەی پارتە سیاسیەکان بەردەوام ئەو رۆڵە گرنگە دەگێڕن کە بۆ بونیادی دیموکراتی هیچ ئەلتەرناتیڤێکیان نیە،کەواتە پێویستە کەموکورتی پارتە سیاسیەکان بەردەوام بخرێنە روو هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی تەوژمێکی سیاسیی بەو جۆرە لە کۆمەڵگە سەرهەڵنەدات کە بانگێشە بۆ دیموکراتی بێ بوونی پارتی سیاسیی بکات، هەروەها بۆ ئەوەی پارتە سیاسیەکان بەردەوام لە گەشەکردندا بن و ئەو میکانیزمە بن کە بتوانن هەم نوێنەرایەتی خەڵك بکەن و هەمیش ئاستی بەشداری هاوڵاتیان لە پرۆسە سیاسیەکە فراوانتر بکەن.

لێرەوە ئێمە پێویستمان بە چەند دانپێدانانێك هەیە،کە پێویستە کاتێك دێنە سەر مەسەلەیەکی واگرنگ،لایەنگیریمان بۆ پارتێکی سیاسیی دیاریکراو راستیەکانمان لەبەر چاو وننەکات، یان خۆمان لەو راستیە بێ ئاگا نەکەین، کە پارتە سیاسیەکان بە شێوەیەکی گشتی لەم قۆناخەی ئێستاماندا لە تەنگژەیەکدادان و پێویستە ئەو تەنگژەیەش چارەسەر بکرێت، بەڵام پێش ئەوەی هەوڵەکانی خۆمان بە ئاراستەی چارەسەرکردنی تەنگژەکە بخەینە گەر، واقیعەکە پێویستی دەکات لەسەرمان سیما و کاردانەوەی ئەو تەنگژەیە وەك خۆی باس بکەین، ئەم حاڵەتەش لەگەڵ ئەوەی پێویستی بەوەیە، هەردەبێت تایبەتمەندی وڵاتی خۆمان لەبەر چاو بگرین، بەڵام لە چوارچێوەیەکی گشتیدا، دەکرێت ئاماژەش بەو راستیە بکەین کە تەنگژەی پارتە سیاسیەکان، تەنگژەیەك نیە تایبەت بێت بە کۆمەڵگەی ئێمە، نەخێر تەنگژەی پارتە سیاسیەکان لە وڵاتانی پێشکەتووی دیموکراتی و ئەو دەوڵەتانەشی لە دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدان تەنگژەیەکە و بوونی هەیە، دیاردە هاوبەشەکانیشی بریتین لە:

أ- بەشێوەیەکی گشتی لە تێکڕای کۆمەڵگە دیموکراتیەکان( پێشکەتوو،یان تازە پێگەیشتوو) هاوڵاتیان رۆژ لە دوای رۆژ لە پارتە سیاسیەکان نائومێد دەبن.

ب- راپرسیەکان دەریانخستووە،دەنگدەران بەمجۆرە سەیری پارتە سیاسیەکان دەکەن( کاریگەریان نیە، گەندەڵن،بایەخ بە پێداویستیە گشتیەکانی کۆمەڵگە نادەن،گەنجەکان بەگومانن لە پارتەکان و نایانەوێت وەك چالاکگەرێك لە ریزی پارتە سیاسیەکان دەربکەون)

ت- لە بەرامبەردا پشتگیری بۆ کاندیدی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنەکاندا لە زیاد بووندایە.

هەربۆیە پسپۆرانی سیاسیی لە ئاکامی ئەم دیاردە گشتیانەی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەردەکەون، چەند خاڵێکیان دەستنیشانکردووە کە لەگەڵ دەستپێکی بونیادی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەستیان پێدەکرێت:

* لەگەڵ دەرکەوتنی دیموکراتی بەشێوەیەکی بەرفراوان، پارتە سیاسیەکان لاواز دەبن.

* پارتەکان هێندە بایەخ بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەدەن، هێندە بایەخ بە بەرژەوەندی گشتی نادەن.

* لە جەماوەر دووردەکەونەوە.

* بەرپرسی پارتە سیاسیەکان گەندەڵ دەبن و کاری گەندەڵی ئەنجامدەدەن.

ئەم خاڵانە تایبەت نین بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، بەڵکو تایبەتن بەهەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە دەستپێکی بونیادی دیموکراتین هەر لە پاکستانەوە لە ئاسیا تادەگاتە پیرۆ و فەنزویلا لە ئەمریکای لاتین،لە روسیا هەتا دەوڵەتانی ئەفریقیا، کەواتە ئەم حاڵەتەی کە تەنگژەکان رووبەرووی پارتە سیاسیەکان دەکاتەوە، پارتەکان دەکاتە خاڵی گەوهەری لە کێشە سیاسیەکەدا، لێرەوە زۆر جار مامەڵەی خراپ بۆ چارەسەری ئەم تەنگژەیە دەخرێتە گەر، ئەمەش واتە لەبری ئەوەی هەوڵبدرێت تەنگژەی بەردەم پارتە سیاسیەکان چارەسەر بکرێت هەوڵدەرێت، رۆڵی پارتە سیایەکان کەمبکرێتەوە یان نەهێڵرێت، هەربۆنموونە:

١- لە پاکستان پەروێز موشەرەف پەنای بردە بەر کودەتای سەربازی بۆ چارەسەرکردنی

ئەو تەنگژانەی کە رووبەرووی سیستەمی پارتایەتی پاکستان ببۆوە،خەڵك هێندە لە پارتە سیاسیەکان نائومێد بووبوون، لەگەڵ ئەوەی پێشوازیان لە کودەتاکەش نەکرد،بەڵام بە کودەتاکە رازیبوون، ئێستاش لە مۆریتانیا بە هەمان شێوەیە پەنا بۆ کودەتای سەربازی براوە.

٢- لە روسیا مەترسی لەسەر بونیادی دیموکراتی بەستراوەتەوە بە نەبوونی پارتی بەهێزی دیموکراتی، لە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشانەوە، هەوڵدراوە پارتی بەهێز دروست ببێت، بەڵام پارتی بەهێزی دیموکراتی دروست نەبووە،ئەم حاڵەتە راستەوخۆ پەیوەندی بە رۆڵی یەلتسن و پوتینەوە هەیە کە رێگە نادەن پارتی دیموکراتی بەهێز دروست ببێت، بوریس یەلتسن حەزی نەدەکرد بچێتە ناو هیچ پارتێکی سیاسیی،دوای ئەوەی پارتی کۆمۆنیستی بەجێهێشت پێی وابوو، پارتی سیاسیی هیچ سوودێکی نیە. فلادمیر پۆتینیش، ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسیی نیە، لە هەڵبژاردنەکانی دۆماشدا، ئەو پارتە سیاسیەی پشتگیری پوتینی دەکرد رێژەی ٪٢٥ی دەنگەکانی بەدەست هێنا،بۆیە پوتین بەپەلە یاسایەکی دەرکرد، کە پارتە سیاسیەکان زۆر بەزەحمەت دەتوانن خۆیان رێکبخەنەوە و ببنە پارتی دیموکراتی بەهێز.

٣- لە پیرۆ و فەنزویلا، سیستەمی پارتایەتی لەبەریەکهەڵوەشاوە، پارتەکان وەك دامەزراوەیەکی دەستەبژێری گەندەڵ سەیر دەکرێن،ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی بۆشاییەکی سیاسیی دروست بێت، هەردوو سەرکردەی پۆپۆلیستی شافێز لە فەنزویلا و فۆجیمۆری لە پیرۆ کە دووسەرکردەن مەیلی سەرکوتکاریان هەیە،هەوڵدەدەن بەپێی مەزاجی خۆیان بۆشایی حزبە سیاسیەکان پربکەنەوە، بەواتایەکی دیکە شافێز و فۆجیمۆری لەسەر خۆڵەمێشی بێ متمانەیی پارتە سیاسیەکان دروست بوون،هەوڵدەدەن بەناوی ئەکتیڤبوونەوە پەرلەمان پیرۆزی نەمێنێت بۆ ئەوەی پاریزگاری بەدەسەڵاتی خۆیانەوە بکەن.

٤- لە بەنگلادیش لەگەڵ ئەوەی پشتگیریەکی گەورەی هاوڵاتیان بۆ گرووپە چالاکەکان هەیە، بەڵام پاشەکشە و بەستەڵەکی پارتە سیاسیەکان بۆتە هۆکاری ئەوەی هاوڵاتیان زیاتر بەرەو هەژاری بچن و زیاتر نائومێد بن.

٥- تەنگژەی پارتە سیاسیەکان وەك لەو چەند خاڵە ئاماژەمان پێکردن،هۆکاری سەرەکیەکەی ئەوەیە کە پارتە سیاسیەکان شێوازێکی دامەزراوەییان نیەکە ئەو رێوشوێنانەی حزب دەگرێتە بەر لەگەڵ بەرپرسەکان لە بازنەیەکدا کۆیان بکاتەوە،بەرپرس یان کادیرانی هەڵسوڕاوی ناو پارتە سیاسیەکان هێندەی بە دوای ئامانجە ئایدۆلۆژیەکان و یەکخستنی هەڵوێستەکان بۆ بەرژەوەندی پارتە سیاسیەکانیان وێڵن،هێندە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی پەرۆش نین، بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ پشتگیری جەماوەری بۆ پارتە سیاسیەکان روو لە کەمبوونەوەیە و ئەندام و هەڵسوڕاوانی ناو پارتەکانیش زیاتر لە سڕبوون و تەمبەڵی نزیکدەبنەوە،ئەم رۆڵە سلبیەی پارتە سیاسیەکان لە کۆمەڵگە دەیگێڕن بۆتە هۆکاری ئەوەی هاوڵاتیان بێزار بن و تاقەتی ئەوەیان نەمێنی کێشەکانی خۆیان لە ناو خۆشیاندا باسبکەن، بۆیە دەبینین دروستبوونی رای گشتیش لەو پەری لاوازیدا دەبینرێت، هەندێك جار وا هەست دەکرێت ئەسڵەن رای گشتی هیچ بونێکی نیە.

٦- ئەمە وایکردووە، میدیاش رۆڵێکی سلبی بگێرێت، لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا کاندیدی سەربەخۆ بەسەر کاندیی پارتە سیاسیەکان تەفزیل دەکات،یەکێك لە پسپۆرە رۆژئاواییەکان زۆر زیرەکانە دەستی خستۆتە سەر ئەم تەنگژەیە و دەڵێت: (( زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە هیچ کاندیدێك نەیتوانیوە دەنگ بەدەستبهێنێت ئەگەر بانگێشەی بۆ ئەوە نەکردبێت دەیەوێت هەموو سیستەمە سیاسیەکە بگۆڕێت))ئەم حاڵە بووە هۆکاری ئەوەی پارتی ریفۆرمی کەنەدی لە ساڵی ١٩٩٣ سەرکەوتنێکی بەرچاو لە هەڵبژاردنەکان بەدەست بهێنیت و پارتی کۆنزیرفاتیف کشانەوە بە خۆیەوە ببینێت.

## رەنگدانەوەی تەنگژەی پارتە سیاسیەکان و دروستبوونی کەلتوری بێ متمانەیی

ئەگەر بەشێوەیەکی واقیعیانە هەڵوەستە لەسەر ئەم تەنگژەیە بکەین، کە دەکرێت پێی بڵێین تەنگژەی دروستبوونی بێ متمانەیی بە پارتە سیاسیەکان، هەستدەکەین خەریکە ئەم بێ متمانەییە بە پارتە سیاسیەکان دەبێتە کولتووری کۆمەڵگە، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە سەرکردەی پۆپۆلیستی تیا دەردەکەوێت و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی هەوڵدەدات، بێ متمانەیی بە پارتە سیاسیەکان بکاتە کولتووری کۆمەڵگە.

ئەم کولتووری بێ متمانەییە بەتەنها تەنگژەی بۆ پارتە سیاسیەکان دروست نەکردووە، بەڵکو وەك ئەو پسپۆرانەی کە راپرسی و رووپێویی گشتیان لەسەر ئەم پرسە گرنگە ئەنجامداوە،ئاماژە بە مەترسی گەورەتر دەکەن:

أ- ئاماژە بەوەدەکەن پارتە سیاسیەکان لەم گرفتە بە تەنها نین.

ب- بەڵکو دامەزراوەکانی سیستەمە دیموکراتیەکەش کەوتۆتە تەنگژەوە لەبەر ئەوەی کولتووری نەبوونی متمانە بۆتە گومانێك و هەر تاکێك بە گومانەوە سەیری دامەزراوەکانی سیستەمە دیموکراتیەکە دەکات و ئامادەنیە بەشدرای لەگەڵدا بکات.

ت-لەمەش خراپتر ئەو راپرسی و رووپێوانەی لەسەر دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو لە ئەمریکای لاتینی، ئەوروپای رۆژهەڵات، ئەفریقیا ئەنجامدراون،هەستدەکەین ئاستی متمانەی هاوڵاتیان بەمجۆرە پۆلێن دەکاتەوە:

١- هاوڵاتیان بە پلەی یەکەم متمانەیان بە پیاوانی ئایینی و شوێنە ئایینەکان هەیە.

٢- ئەو سەرۆکە پۆپۆلیستیانەی لەسەر خۆڵەمێشی حزبە سیاسیەکان دەرکەوتوون.

٣- بە پلەی سێیەم هاوڵاتیان متمانەیان بە سوپا هەیە.

٤- بە پلەی چوارەم متمانەیان بە دادگا و دەسەڵاتی دادوەری هەیە.

٥- بە پلەی پێنجەم متمانەیان بە پەرلەمان

**فلادمیر پۆتینیش، ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسیی نیە، لە هەڵبژاردنەکانی دۆماشدا، ئەو پارتە سیاسیەی پشتگیری پوتینی دەکرد رێژەی ٪٢٥ی دەنگەکانی بەدەست هێنا**

**بەرپرس یان کادیرانی هەڵسوڕاوی ناو پارتە سیاسیەکان هێندەی بە دوای ئامانجە ئایدۆلۆژیەکان و یەکخستنی هەڵوێستەکان بۆ بەرژەوەندی پارتە سیاسیەکانیان وێڵن، هێندە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی پەرۆش نین**

هەیە.
٦- بە پلەی شەشەم کە نزمترین ئاستە متمانەیان بە پارتە سیاسیەکان هەیە.
مارتا لاگۆس کە یەکێکە لەو پسۆرانەی ئەم روپێوەی لە چیلی ئەنجامداوە دەڵێت: ( ئەم روپێوەی ئەنجامدراوە ئاماژە نیە بۆ ئەوەی کە خەڵك پشتگیری لە دیموکراتی ناکات،خەڵك پشتگیری دیموکراتی دەکات، بەڵام ئەم روپێوە ئەو بۆشاییەمان پیشاندەدات، کە لەنێوان پشتگیریکردن لە دیموکراتی و رازیبوون لە ئەدای دیموکراتی و متمانە بە دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراتیدا هەیە) هۆکاری ئەوەشی کە پارتەکان بە دوایین پلەی متمانە دێن لای هاولاتیان لاگۆس دەڵێت: ( هۆکارەکەی ئەوەیە پارتە سیاسیەکان لە کاری خۆیاندا شەفاف نین،خەڵك نازانێت چۆن بریار دروست دەکەن،بنەمای پارتە سیاسیەکان بەکراوە نازانن هەتا ئاگاداری ئەوە بن چ سیاسیەتێك بونیاد دەنێن و متمانەی پێبدەن) .

**پارتە سیاسیەکان لە کاری خۆیاندا شەفاف نین، خەڵک نازانێت چۆن بریار دروست دەکەن، بنەمای پارتە سیاسیەکان بەکراوە نازانن هەتا ئاگاداری ئەوە بن چ سیاسیەتێک بونیاد دەنێن و متمانەی پێبدەن**

## پارتە سیاسیەکان زیاد نین و پێویستن دەبێت کەموکورتیەکانی خۆیان راستبکەنەوە

کە دەڵێین پارتە سیاسیەکان زیادنین و پێویستن بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی، مەبەستمان ئەوەنیە، پاکانە بۆ پارتەکان و بەرپرسەکانیان بکەین،بەڵکو راشکاوانە ئاماژە بەو راستیە دەکەین،پارتە سیاسیەکان لە ئاستی ئەو پێداویستیە نین کە کۆمەڵگەی دیموکراتی پێویستی پێیانە،بۆیە پارتەکان و سەرکردەسیاسیەکانیشیان بەشێکی گەورەی بەرپرسیاریەتی باردۆخەکەیان دەکەوێتە سەرشان، گەوهەری مەسەلەکەش ئەوەیە، پارتە سیاسیەکان دەبێت خۆیان چاکبکەن و بەخۆیاندا بچنەوە،لەبەر ئەوەی بەدیلی دیکە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی نیە جێگەی پارتە سیاسیەکان بگرێتەوە،کەواتە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا رۆڵی پارتە سیاسیەکان چیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەچەند خاڵێك دەدەینەوە:
١- پارتە سیاسیەکان پێناسەی کۆمەڵێك پێداویستی دەکەن و کۆمەڵێك پێداویستی دیاریدەکەن کە هەم جەماوەر لێیتێدەگات و هەمیش سیستەمی سیاسیی لێیتێدەگات و وەڵامدانەوەشی بۆ دەبێت.

**پارتە سیاسیەکان پێناسەی کۆمەڵێک پێداویستی دەکەن و کۆمەڵێک پێداویستی دیاریدەکەن کە هەم جەماوەر لێیتێدەگات و هەمیش سیستەمی سیاسیی لێیتێدەگات و وەڵامدانەوەشی بۆ دەبێت**

تیب ئۆنێل ( Tip O’Neill)وتەبێژی پێشووی کۆشکی سپی سەبارەت بەم رۆڵەی پارتە سیاسیەکان پیادەی دەکەن دەڵێت: ( هەموو سیاسەتێك لەسەر بنەمای لۆکاڵ دروست دەبێت، تەنها پارتە سیاسیەکان دەتوانن ئەو رۆڵە گرنگە بگێرن و هاریکاری هاولاتیان بکەن بۆ ئەوەی لە پێگەی سیاسیەتی نیشتمانیەوە سەیری ئەو سیاسەتە ناوخۆییە بکەن).
٢- پارتە سیاسیەکان رۆڵی میانگیر ( Mediate)دەگێرن، واتە پارتە سیاسیەکان زەمینەی هاوبەش دروست دەکەن لە نێوان بۆچوونە لۆکاڵەکانی نێوخۆی ویلایەتێك یان شارێك لەگەڵ بۆچوونە نیشتمانیەکان، پارتەکان بۆچوونە لۆکاڵەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نیشتمانی پێناسە دەکات، هەر بۆنموونە لەوانەیە سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی لۆکاڵ کە لە ناوچەیەکدا نفوزێکی سیاسیی هەیە، هەوڵبدات سیاسەت لەسەر ئەو بۆچوونە لۆکاڵە دابرێژێت، لەم حاڵەتەدا ئەرکی پارتە سیاسیەکانە ئەو بۆچوونە لۆکاڵە لەسەر ئاستی نیشتمانی پێناسە بکاتەوە و رووی پۆپۆلیستەکە پیشانی جەماوەر بدات .
٣- پارتە سیاسیەکان کۆکەرەوەی بەرژەوەندیەکانن،بۆیە زەمینەی سازش و لێبوردەی و تەنازول دروستدەکەن، ئەمانەش پێکەوە گیانی دیموکراسی پتەو دەکەن.
٤- پارتە سیاسیەکان لە ناو ئاژاوە و گێرەشێوێنی نیزام دروستدەکەن، ئەم دروستکردنی نیزامە دەبێتە هۆکارێك بۆ یەکریزی کۆمەڵگە و هێشتنەوەی کۆمەڵگە بەیەکگرتوویی.
٥- بەبێ بوونی پارتە سیاسیەکان( کە ئەمە پەیوەندی بە هیچ کۆمەڵگایەك وسەردەمێکەوە نیە و بۆ هەموو کۆمەڵگە و سەردەمێك وەك خۆی وایە) دەرگا والا دەبێت بۆ کەسانێك کە:
* نکۆڵی لە دامەزراوەکانی حکومەت بکەن.
* نکۆڵی لە دەزگای چاودێری و پشکنینی ولاتی خۆیان دەکەن، هەر بۆ نموونە ئەگەر دیاردەیەکی گەندەڵی لە شوێنێك دەرکەوت بەرپرسی لۆکاڵی ئەو ناوچەیە نکۆڵی لە دەزگای چاودێری و پشکنینی ولاتەکەی خۆی دەکات و ئیعترافی پێناکات.
٦- بێجگە لە پارتە سیاسیەکان هیچ دامەزراوەیەکی دیکەی ولات نیە رێگر بێت لە:
* حکومەت بەرێگەی هێز حوکمرانی بکات.
* حکومەت لەلایەن فەوزەویەکەوە حوکمرانی بکرێت.
* حکومەت لەلایەن کەسێکی بەهێز( دیکتاتۆر یان مەیلی دیکتاتۆری هەبێت) حوکمرانی بکرێت.
٧- پارتە سیاسیەکان گەشە بە بیربۆچوونە هاوبەشەکان دەدات،گوشار لەسەر سیستەمە سیاسیەکە دروستدەکات.
٨- دەربرینی بیربۆچوونی جیاواز لە هەمبەر کێشەکان،ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی باشتر لە کێشەکانی کۆمەڵگە تێبگەین و ئاسانتر چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە.
٩- کاتێك پارت یان قەوارەیەکی سیاسیی لە دەرەوەی حکومەت بێت، خۆی وەك ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابی و بەدیل پیشانی دەنگدەر دەدات بۆ ئەوەی متمانەی پێبکەن.
وێرای ئاماژەکردن بەم لایەنە ئیجابی و سلبیانەی پارتە ساسیەکان لە کۆمەڵگە هەیانە، بەڵام مێژووی ٢٠٠ساڵی دیموکراتی ئەوە پیشاندەدات،هیچ دیموکراتیەك بەبێ بوونی حزبی سیاسیی بوونی نەبووە،ئەمە پێمان دەڵێت هەوڵدان بێ بوونی پارتی سیاسیی هەوڵدانێکی بێ ئاکام و فاشیلە، دەکرێت لەم رەوەوە نموونەی دووسەرکردەی بەناوبانگی جیهانی( جۆرج واشنتۆن و ژەنراڵ دیگۆل) ئاماژە پێبکەین، ئەم دووسەرکردە نیشتمانیە، کە یەکەمیان بۆ ئەمریکا بە باوکی رزگارکەری ئەمریکاو دووەمیان بۆ فەرەنسا بە یەکێك لە گەروە پیاوەکانی سەدەی بیستەم نەك تەنها فەرەنسا بەڵکو بۆ هەمووجیهان ناسراوە، ئەم دووسەرکردە گەورەیە کە دامەزرێنەری دوو سیستەمی دیموکراتی گەورەی دیموکراتی لە جیهاندا ئاماژەیان بۆ دەکرێت،زۆر رقیان لە پارتی

سیاسیی بوو، پارتە سیاسیەکانیان وەك دوژمنی نەتەوەی فەرەنسا و گەلی ئەمریکا سەیر دەکرد، تەنانەت جۆرج واشنتۆن لە گوتاری ماڵئاواییکردنی گەلی ئەمریکا لە مەترسیەکانی پارتە سیاسیەکان ئاگادار دەکاتەوەو بە مەترسیترین دوژمن پێناسەی دەکات، بەڵام وێرای ئەم هەموو رق لێبوونە بەرامبەر بوونی پارتی سیاسیی، بەڵام هەوڵەکانی هەردوکیان بەو ئاراستەیە سەرچاوەی گرت، کە ببێتە زەمینە رەخساندن بۆ بونیادی دیموکراتیەکی سەقامگیر لەسەر بنەمای پارتە سیاسیەکان، ئەم حاڵەتە پێویستی پارتی سیاسیی وەك فاکتەری هێزی ئەو دامەزراوەی پێی دەگوترێت پارتی سیاسی ئەو توانایەی هەیە ناکۆکیەکان و جیاوازیەکانی ناو کۆمەڵگە رێکبخات،پرۆفیسۆر مارجۆری رۆندۆم( Marjorie Random) دەربارەی دەرکەوتنی پارتی سیاسیی لە ئەمریکا دەڵێت: ( سیستەمی سیاسیی ئەمریکا بەوەدەناسرێتەوە کە بەرەنجامی ململانێی بووە لە نێوان پیویستیمان بۆ پارتە سیاسیەکان و دژایەتیمان بۆ پارتە سیاسیەکان، بەڵام لەباری واقیعدا،ئەلتەرناتیفێکی گونجاو نیە رۆڵی حزب و ئەرکی حزب لە کۆمەڵگە جێبەجی بکات) سەبارەت بە دیموکراتیە تازە پێگەیشتوەکانیش یان ئەو دەوڵەتانەی لە دەستپێکی بونیادی دیموکراتیدان، پرۆفیسۆر کینس سەرۆکی ئامۆژگای نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی دیموکراتی دەڵێت : ( لە قۆناخی ئینتیقاڵی یان لە دەستپێکی بونیادی دیموکراتی، ئەوە مەسەلەیەکی پێویست نیە خۆمان بەوە خەریك بکەین ئایا بۆ بەهێزکردن و پشتگیری دیموکراتی لە نێوان پشتگیرکردن و بەهێزکردنی، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پارتە سیاسیەکان، دامەزراوەکانی دیموکراتی، یەکێکیان هەڵبژێرین و پشتگیری لە یەکێکیان بکەین،ئەمانە هەموویان پێویستن و دەبێت هەموویان پشتگیری لێ بکرێن و بەهێز بکرێن، بەڵام تەحەدی راستەقینە کە رووبەرووی ئەو دیموکراتیانە دەبێتەوە ئەوەیە کە چۆن هەنگاو هەڵدەگرن بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە نێوان پشتگیریکردن و بەهێزکردنی هەرسێ لایەنەکە دەکرێت،ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ئەو سێ لایەنە ببنە دامەزراوەی سەرتاپاگیر بۆ هەموو پرۆسە دیموکراتیەکە،هەروەها بۆ ئەوەی ببنە پشتگیری بەردەوام بۆ چەسپاندی پەرەپێدان و فراوانکردنی پەرەپێدان و چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی.

## چۆن حزبە سیاسیەکان لە کۆمەڵگە دیموکراتی خۆیان نوێدەکەنەوە؟

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، هەوڵدان بۆ بونیادی دیموکراتی بە بێ بوونی حزبی سیاسیی هەوڵدانێکی بێ ئاکامە، بۆیە لە پێناوی ئەوەی حزبە سیاسیەکان لە ئاستی ئەو پێداویستەیەی کۆمەڵگەی دیموکراتی بن، ئەوا گرنگە هۆکاری لاوازی و بێ متمانەیی هاوڵاتیان بە حزبە سیاسیەکان راشکاوانە بخرێنە روو:

١- دەبێت پارتە سیاسیەکان پێش هەموو شت، چاو بخشێننەوە بە ئیتکی کاندیدەکانیان لە پۆستە گشتیەکاندا، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو کاندیدەی کە پۆستێکی گشتی وەردەگرێت تەرجەمەی سیاسیەتی حزبەکەی دەکات بۆ جەماوەر و خەڵك لە رەفتاری ئەوەوە سیاسەتی پارتەکەی هەڵدەسەنگێنێت.

٢- دەبێت پارتەکان هەوڵبدەن هەیکەلی خۆیان بە جۆرێك نوێبکەنەوە کە بوار بۆ بەشداری فراوانی هاوڵاتیان برەخسێنێت.

٣- دەبێت پارتە سیاسیەکان لەسەر دووئاست گرنگی بە شەفافیەت بدەن، یەکەم لە گەڵ حکومەت دووم لەگەڵ سیستەمە سیاسیەکە بەگشتی.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد، هەموویان پێکەوە لە خاڵێکی گرنگەوە سەرچاوە دەگرن ئەویش پیادەکردنی دیموکراتیە لە ناو خودی حزبەکاندا، دەبێت ئەم خاڵە لە نێو پارتە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەولەویەتی دەستپێکی ئەو گۆڕانکاری و نوێکردنەوەیە بێت کە پارتەکان دەیانەوێت دەستی پێبکەن،ئەم دەستپێکە دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ گێرانەوەی متمانەی هاوڵاتیان بۆ پارتە سیاسیەکە،دوای ئەویش دەبێتە هۆکاری گێرانەوەی متمانە بۆ دامەزراوەسیاسیەکانی دیکە و پرۆسە دیموکراتیەکە بەشێوەیەکی گشتی.هۆکاری گرنگی ئەولەویەتدان بە پرۆسەی دیموکراتی ناوخۆی حزبەکان ئەوەیە بەرپرسەکانی پارتە سیاسیەکان لە ناو پارتە سیاسیەکەدا بۆ لێپرسینەوە رادەهێنێت،واتە ئەندامانی حزب لەو کاندیدەی خۆیان دەپرسنەوە کە لە پۆستێکی گشتیدا نەیتوانیوە ئەرکەکانی خۆی بەسەرکەوتوویی پیادە بکات.

٤- ئەگەر لەم چوارچێوەیە ئاماژە بە تەنگژەی پارتە سیاسیەکانی ئەمریکای لاتینی بکەین، کە لە هەندێك وڵات لەسەر خۆڵەمێشی بێ متمانەیی پارتە سیاسیەکان ئەو سەرکردە پۆپۆلیستیانە دەرکەوتوون کە مەیلێکی دیکتاتۆریان هەیە، دەبینین هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە پێویستە بکرێن بۆ نوێبوونەوەی حزب بە شێوەی رووکار دەیگرنە بەر وەك:

أ- هەوڵیانداوە لە ناوخۆیی حزبە سیاسیەکاندا دیموکراتی پێرەو بکەن.

ب- هەوڵیاندا ریفۆرم لە تەمویلی حزبە سیاسیەکاندا بکەن و بە سیستەمی هەڵبژاردندا بچنەوە.

ت- هەوڵیانداوە شەفافیەت پیادە بکەن.

ث- هەوڵیانداوە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ لاوان و ئافرەتان پیادە بکەن.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێرامانە دەبینین ئەم هەوڵانەی کە لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی دەدرێن،ئەو ئاکامە پێویستەی بەدەست نەهێناوە کە متمانە بۆ پارتە سیاسیەکان بگێرێتەوە بەڵکو وەك پێشتر لەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکرد،ئێستاش ئاستی متمانەی پارتە سیاسیەکان بەپێی ئەو راپرسی و رووپیوانەی ئەنجامدەرێت، دەبینن پارتەکان خاوەنی کەمترین متمانەن، لەبارەوە پسپۆرانی سیاسیی و شارەزا لەسەر ژیانی پارتایەتی لە ئەمریکای لاتینی ئاماژە بەوەدەکەن و دەڵێن: ( ئەم ریفۆرمانەی دەستپێکراوە بە تەنها بەس نین بۆ ئەوەی کێشەی بێ متمانەی چارەسەر بکات، لەبەر ئەوەی هاوکات لەگەڵ ئەنجامدانی ئەم ریفۆرمانە پێویستە دووهەنگاوی دیکەش هەیە فەراموش نەکرێت:

١- پێویستە سیاسەتمەدارەکانی ناوحزب خۆیان بگۆڕن .

پارتە سیاسیەکان کۆکەرەوەی بەرژەوەندیەکانن، بۆیە زەمینەی سازش و لێبوردەی و تەنازول دروستدەکەن، ئەمانەش پێکەوە گیانی دیموکراسی پتەو دەکەن

مێژووی ٢٠٠ ساڵی دیموکراتی ئەوە پیشاندەدات، هیچ دیموکراتیەک بەبێ بوونی حزبی سیاسیی بوونی نەبووە

٢- پێویستە ئاستی هۆشیاری و ئاستی جێبەجێکردن هاوتای ریفۆرمەکە بێت، واتە ریفۆرمەکە هەر تەنها دروشم نەبێت بەڵکو بە ئاستێکی بەرز کار بۆ جێبەجێ کردنیشی بکرێت))

## ئەزموونی پارتی کرێکارانی بەریتانیا وەک نموونەیەک بۆ هەستانەوەی حزب دوای شکستهێنانی

-١-

لە ساڵی ١٩٩٧ دوای ١٨ ساڵ دابڕان لە حکومرانی پارتی کرێکارنی بەریتانیا جارێکی دیکە وەك پارتێکی خاوەن متمانە گەڕایەوە ناو گۆڕەپانی سیاسیی بەریتانیا و حکومەتی پێکهێنانەیەوە، زۆر لە پسپۆڕانی سیاسیی لە ناویاندا پرۆفیسۆر کینس والاکیش، هەستانەوەی پارتی کرێکارنی بەریتانیا دوای دابڕانی ١٨ ساڵی لە حکومرانی وەك نموونەیەك لە ریفۆرمی پارتەسیاسەکان و نوێکردنەوە و مۆدێرنکردنەی حزبی سیاسیی ئاماژە پێدەکەن و پێیان وایە ئەزموونی پارتی کرێکاران لەم بوارە شایستەی ئەوەیە هەموو پارتێکی سیاسیی سوودی لێوەربگرێت،لەم روانگەیەوە جێگەی خۆیەتی بۆ سوود وەرگرتن لەم ئەزموونە لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە بەرپرسە گەورەکانی پارتی کرێکاران راشکاوانە ئاماژەی پێدەکەن و دەڵێن: ( سەرکەوتنی پارتی کرێکاران لە فەشەلی ئەو چەندین ساڵەوە لە دایکبووە کە پارتی کرێکاران پیایدا تێپەڕیووە) ئەمە فێرمان دەکات :

١- سوود وەرگرتن لە هەڵەکانی رابردوو.

٢- ئامادەباشی بۆ گۆڕانکاری و ئیحتواکردنی کاردانەوەکانی ناو حزب.

بێگومان پارتی کرێکارانی بەریتانیا لەماوەی ١٨ ساڵی فەشەلی خۆیدا چەندین رێگەی بۆ گۆڕانکاری تاقیکردەوە هەتا گەیشتە ئەم راستیە، کە سەرکردەکانی پارتی کرێکاران راشکاوانە ئاماژەی پێدەکەن و دەڵێن: ((ئێمە لەسەرەتای فەشەلهێنانمان وامان بیردەکردەوە کە دەبێت دەنگدەران هەست بە نیگەرانی لەسەر ئەو مەسەلانە بکەن کە ئێمە وەك پارتی کرێکاران لەسەری نیگەرانین)) بەڵام ئەزموونی کاری بەردەوامان لەسەر گۆرانکاریەکان فێری کردین دەبێت بەجۆرێکی دیکە بیر بکەینەوە، واتە: ((پێویستە ئێمە وەك پارتی کرێکاران لەسەر ئەو مەسەلانە نیگەران بین، کە خەڵك نیگەرانی هەیە لەبارەیانەوە)). ئەم ئاراستەیە چەند گۆڕانکاریەکی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا:

* بووە هۆکاری ئەوەی کە پەیرەو پرۆگرامی پارتی کرێکارانی بەریتانیا سەرلەنوێ بگۆڕێت.

* میکانیزمی حکومەت بۆ هۆکاری بەرهەمهێنان گۆڕانی بەسەردا بێت.

* ئەم دووخاڵە پێکەوە بوونە هۆکاری ئەوەی کە گۆرانکاری لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی،گەشەسەندنی ئابوری روویدات.

-٢-

## دەبێت ئەندامانی حزب و کاندیدەکانی حزب لە پۆستە گشتیەکان هەموو رۆژێک بە رۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردن سەیر بکەن

گۆرانکاریەکی دیکەی پارتی کرێکاران دەستی پێکرد، ئەوە بوو بەرنامەیەکی دارشت، بۆ وەزیرەکانی حکومەت، ئەندامانی حزب، یەکێتی و سەندیکا پیشەییەکان کە چالاکگەری پارتی کرێکارانی تێدابوون، بەوەی دەبێت لەسەر پابەندبوون و موناقەشەکردن و جێبەجێکردنی پرانسیپە تازەکانی حزب و هەموو رۆژ وا هەست بکەن کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندان،ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کادرەکانی حزب رۆژانە چالاك و هەڵسوراو بن، نەك تەنها لە کۆبوونەوە دەوریەکانی حزب یان لە کاتی هەڵبژاردندا.ئەم شێوازە تازەیەی پارتی کرێکاران پیادەی کرد، لە دوولا کاریگەری گەورەی دروستکرد:

* سەرلەنوێ یەکگرتووی ریزەکانی حزبی یەکخستەوە.

* پەیامێکی یەکگرتووی خستە بەردەمی دەنگدەر بۆ ئەوەی متمانەی پێبدات.

-٣-

گۆڕینی ئایدۆلۆژیەت بۆ بەهاکان پارتی کرێکاران دەستبەرداری موناقەشەی وشك وجدی لەسەر ئایدۆلۆژی بووە و هەوڵیدا پەنا بەو بەهایانە(Value)بدات کە خەڵك وەك بەهایەکی بەرز سەیریان دەکات، ئەم ئاراستە تازەیە وایکرد سەرکردەکانی پارتی کرێکاران لە کاتی گوتارداندا کاریگەریی لەسەر خەڵك دروستبکەن و ئەو تەنگژەی بێ متمانەیە کۆتایی پێبێت، کە لە هەشتاکاندا بەدەستیەوە دەیاننالاند.

-٤-

## خۆ سادەکردنەوە و دەستەرداربوون لە ئاڵۆزی

پارتی کرێکارانی بەریتانیا لە فەشەلەکانیەوە بۆی دەرکەوت، دەبێت حزب سادە بێت، بەرپرسانی حزب رۆح سووك و سادەبن و بەئاسانی خەڵك بیانگاتێ و بەئاسانی دەردەدڵی خۆیان بۆ بەرپرسەکان باس بکەن،ئەم حاڵەتە دەرگای پارتی کرێکارانی بەرووی هەموو چین و توێژەکانی بەریتانیا ئاوەڵا کردو بووە هۆکاری ئەوەی بەرێژەیەکی زۆر بەرز ئافرەتان خۆیان لەریزەکانی پارتی کرێکاران ببیننەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە لە هەڵبژاردنی ١٩٩٧ کە پارتی کرێکاران هەڵبژاردنەکانی بردەوەوە، ١٠١ ئەندامی پەرلەمانی ئافرەت بوون، ئەمە بە بەراورد لەگەڵ پێشان کە تەنها ١٩ ئەندام پەرلەمانتاری ئافرەتی هەبووە، واتە زیاتر لە پێنج جار رێژەی ئافرەت لە ریزەکانی پارتی کرێکارانی بەریتانیا زیادی کردووە.

**پارتە سیاسیەکان پێش هەموو شت، چاو بخشێننەوە بە ئێتکی کاندیدەکانیان لە پۆستە گشتیەکاندا، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو کاندیدەی کە پۆستێکی گشتی وەردەگرێت تەرجەمەی سیاسەتی حزبەکەی دەکات بۆ جەماوەر و خەڵک لە رەفتاری ئەوەوە سیاسەتی پارتەکەی هەڵدەسەنگێنێت**

-٥-

## سەرکەوتنی گۆڕانکاریەکان کۆمەڵێک هەڵەی پێشتری ڕاستکردەوە

سەرکەوتنی گۆڕانکاری خۆنوێکردنەوەکانی پارتی کرێکارانی بەریتانیا، چەند ڕاستییەکی بۆ کۆمەڵگەی بەریتانی خستەروو:

١- بوونی تەنگژەی پارتە سیاسیەکان خزمەت بەهیچ لایەنێکی کۆمەڵگە ناکات، بەپێچەوانەوە بەردەوامی تەنگژەکە دەبێتە هەڕەشە بۆسەر سیستەمی دیموکراتی.

٢- بایەخدان و پشتگیریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هۆکارێك نین بۆ کەمبوونەوەی متمانەی خەڵك بە پارتە سیاسیەکان، بەڵکو خودی تەنگژەی ناو حزبەکان و نەبوونی ئامادەباشی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ناو حزبدا، ڕەنگدانەوەی سلبی لەسەر خەڵك دروستدەکات و بەرامبەر بەحزب بێ متمانەیان دەکات.

٣- پشتگیریکردن و هاندانی خەڵك بۆ بەشداری سیاسیی فراوان لە دەرەوەی حزبە سیاسیەکان دیسان هۆکارێك نیە بۆ لاوازی حزبەکان، بەڵکو دوورکەوتنەوە لە خەڵك هۆکاری سەرەکی لاوازی حزبەکان بوو.

-٦-

## چۆن سوود لەم ئەزموونە وەربگرین

ئەم ئەزمونە کۆمەڵێك بۆچوون کە پێشتر بۆ دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو وەك ستاندەرێك سەیر دەکرا پێچەوانە کردەوە،زیاتر لە چەندین دەیە بوو بۆچوونە نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بە گەشەسەندنی دیموکراتی لە دەوڵەتانی تازە پێگیشتوو بەو جۆرە بوو: (( ئەو هاریکاریانەی دەوڵەتانی بەخشەر بۆ پشتگیری دیموکراتی پێشکەشی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووی دەکەن، دەبێتە هۆکاری گەشەسەندنی ئابوری و ڕەخساندنی هەلی کار، ئەمەش جۆرێك لەسەقامگیری کۆمەڵایەتی دروست دەکات)) پسپۆرانی سیاسەت دەربارەی ئەم ستاندەرەی پێشتر پشتی پێدەبەسترا،دوای سەرکەوتنی ئەزموونی پارتی کرێکاران دەڵێن: (( هەتا ئەگەر ئەو گەشەسەندنە ئابووریەش لە ئاکامی یارمەتی دەوڵەتانی بەخشەرەوە هاتە دی، بەڵام زۆر جار تەنها جەختکردنە سەر گەشەی ئابووری بەبێ ئەوەی هاوشان گەشەکردنێکی سیاسیی لەگەڵیدا نەبێت، ئەوا گەشە ئابووریەکە قورسایی خۆی لە دەستدەدات و هیچ بایەخ نامێنێت)

ئەمە دەریخستووە کە ژمارەیەکی زۆر لە کێشەکانی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو هەیە ڕاستە دەرنجامی ئابوری لێدەکەوێتەوە بەڵام لەبنەڕەتدا گوهەری کێشەکە سیاسیە نەك ئابوری.ئەمەش ئاستی ئەو پەرەپێدانەیە بەردەوەمیان پیشاندەدات، کە پێویستە گەشەی ئابوری و سیاسیی هاوشانی یەکدی بن و سیستەمی سیاسیی ئەو توانایەی هەبێت چارەسەر بۆکێشەکان بدۆزێتەوە بەبێ ئەوەی پەنا بۆ سەرکوتکاری و توندوتیژی بەرێت.

**سەرکەوتنی پارتی کرێکاران لە فەشەلی ئەو چەندین ساڵەوە لە دایکبووە کە پارتی کرێکاران پیایدا تێپەڕیووە**





د.شیرزاد نەجار

# دینامکیەتی حزبی سیاسی ئاراستەی ریفۆرم و نوێبوونەوە

> حزبی سیاسی پێگەیەکی گرنگی لە هەیکەلی سیستمی سیاسیدا هەیە، بەڵام چۆن دەتوانێت پارێزگاری بەو پێگە گرنگەیەوە بکات و بەردەوامی هەبێت؟

بۆ ئەمڕۆ ناتوانرێت بیر لە دەوڵەت بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ حزبی سیاسی و رۆڵی لە ژیانی سیاسی و پرۆسەی سیاسیدا بکەین، ئەمەش واتە بۆ ئەمڕۆ حزبی سیاسی توخمێکی سەرەکی دەوڵەتە، دەوڵەتی هاوچەرخیش بەشێکی بە حزبە سیاسییەکان وەسف دەکرێت، هەروەها حزبە سیاسییەکان وەك دامەزراوەی نافەرمی دەوڵەت دادەنرێت، بەواتای ئەوەی بەشێك نییە لە دامەزراوەی بیرۆکراتی دەوڵەت، (بێجگە لە دەوڵەتانی شمولی و دیکتاتۆری)، ئەمەش واتە لەبنەڕەتدا حزبی سیاسی لەگەڵ ئیدارە مامەڵە ناکات، بەڵکو لەگەڵ هاوڵاتیان مامەڵە دەکەن و لەگەڵ خەم وگرفتەکانیان کارلێك دەکەن، بەجۆرێك حزب دەبێتە ئالەتێك بۆ گەیاندنی داواکاری هاوڵاتیان بۆ سیستمی سیاسی.

بەمجۆرە حزبی سیاسی پێگەیەکی گرنگی لە هەیکەلی سیستمی سیاسیدا هەیە، بەڵام چۆن دەتوانێت پارێزگاری بەو پێگە گرنگەیەوە بکات و بەردەوامی هەبێت؟ ئایا حزبی سیاسی دەتوانێت وەڵامدانەوەی بۆ گۆڕانکارییەکان و ئەو گوشارانە هەبێت کە لە کۆمەڵگەوە دەخرێتە سەری؟ ئایا هەموو پارتە سیاسییەکان هەمان توانایان هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ وەڵامدانەوەی ئەو گوشارانە خۆیان بگونجێنن؟ ئایا ئەم تواناو گونجانە مانای ئەوەیە کە پێویستە حزبی سیاسی ناوە ناوە بەرنامەی خۆی بگۆڕێت؟ ئایا مانای ئەوەیە دەبێت حزبی سیاسی رێوشوێنی ریفۆرم لە چوارچێوەی بەرنامە و هەیکەل و بونیادی حزب وەربگرێت، هەتا بتوانێت بجولێت و چالاك بێت و سەرەنجامیش تایبەتمەندی دینامیکی وەربگرێت؟ دیسان پرسیارێکی دیکەی گرنگ سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە: کێ بەدەستپێشخەری ئەم گۆڕانکارییە هەڵدەستێت: سەرکردایەتی حزبە یان قاعیدەی حزب؟

هەموو ئەم پرسیارانە گرنگن و شایستەی ئەوەن لەلایەن تۆژەرانی زانستی سیاسەتەوە بایەخیان پێبدرێت، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگە دواکەتووەکاندا، کە بەدەست کێشە پەیوەندارەکان بە پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسی دەناڵێن و دەیانەوێت قۆناخی ئینتیقالی تێبپەڕێنن، هەربۆیە تێبینی ئەوە دەکەین کە لەمجۆرە کۆمەڵگایانە رۆڵێکی تازە و پێویستی حزبی سیاسی سەرهەڵدەدات، ئەویش بەشداری حزبە بۆ نوێکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایانە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا حزبی سیاسی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا دەبێتە ئالەتێك بۆ نوێبوونەوەی سیاسی یان نە ؟

حزبی سیاسی گردبوونەوەیەکی نەرمی کۆمەڵێك تاکە کە بە کۆمەڵێك پەیوەندی پێکەوە گرێدراون، (یاسای و نایاسای) ئامانجیان جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەیە کە لەبەرنامەی حزبدا هاتوون، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات یان بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا، لێرەدا هەیکەلەی حزب رۆڵێکی کاریگەر بۆ تەفعیلکردنی بەرنامەی حزب دەگێڕێت، ئەمەش بەو مانایە لە پێناوی جێبەجێکردنی بەرنامەی حزب ئەوا پێداویستیەکی بابەتییە کە هەیکەلی حزب بەهێز بکرێت (بەهێزکردنی دامەزراوەکانی حزب، ناوەندەکان، رۆڵی ئەندامان لە ناو حزبدا).

لە چوارچێوەی حزبیشدا دوو جۆر لە هەڵسوڕاوی سیاسی هەیە:

- کادرە هەڵسوراوەکان لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی حزب.
- ئەندامەکانی دیکە کە گرنگن و لە رێکخراوەکان و یەکێتییەکان وگروپەکانی بەرژەوەندی و گوشار و فیکر کاردەکەن.

ئەمانە کاردەکەن و لەناو چوارچێوەی هەیکەلی حزبدا کارلێکدەکەن،

(بونیادی رێکخستنی حزب)کە دەکرێت تەسك بێت یان فراوان بەمجۆرە:

-١ چەمکی تەسك بۆ حزبی سیاسی:

ئەم چەمکە بەوجۆرە سەیری حزب دەکات کە تەنها جەخت دەکاتە ئەندامانی حزب کە پێی یاسا دیاریکراون سەرەنجامیش پابەند دەبن بە (یاسای پارتە سیاسییەکان) لە میانەی رێکخستنی چالاکییەکانی حزب، سەرکردەی حزبەکەش لە پیادەکردنی چالاکییەکانی خۆی پابەندە بەو یاسایە، بەجۆرێك ئەگەر یاساکە رێگریان بکات بەدوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بکەون لەناو بونیاد و هەیکەلەی حزبدا، ئەوا ناچار دەبن ستراتیژییەتی چالاکی خۆیان بگۆڕن بۆ ستراتیژییەتی جەماوەری کەمتر رێکخستنی کەمتر سەرەنجامیش بەرەو چالاکی کەمتر جەماوەری و کەمتر کاریگەر هەنگاو هەڵدەگرن.

-٢ چەمکی فراوان بۆ حزبی سیاسی:

بەپێی ئەم چەمکە حزبی سیایی بریتییە لە پێکەوە گرێدانێکی کۆمەڵایەتی هێزە سەرەکییەکان کە سەرکردە بە تاکانەوە دەبەستێتەوە لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان، سەرکردەکان لە نێوان خۆیاندا ململانێ دەکەن لە پێناوی ئەوەی کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی حزب هەبێت و کۆنترۆڵی بکەن، ئەمەش واتە دەرکەوتنی ململانێی حزبی بەردەوام بۆ کۆنترۆڵکردنی حزب و ئیدارەی سیاسەتەکەی، بەمجۆرە رێکخستنی حزبی دەبێتە پیشاندانی ململانێ و سیراعی حزبی کە دەرهاویشتەی هەوڵی هەڵسوڕاوانی ناوحزبە (کادرەکان)ە، بۆ ئەوەی شکست بە نەیارەکانیان بهێن و دەست بەسەر سەرکردایەتی حزبدا بگرن.

ئەم چەمکی فراوانە بۆ حزبی سیاسی دینامکییەتی سیاسی حزب دیاریدەکات و، سەرەنجامیش تایبەتمەندی حزب دیاریدەکات، کە بریتییە لە کێشەی ناوخۆ بە پلەیەکی بەرز و هاریکاری گشتی بە پلەیەکی کەم، ئەم کێشەو ململانێیانە لە چوارچێوەی ئەو دینامکیەتەدا تەکتولاتی حزبی لە ناوخۆدا بەرهەم دەهێنێت زیاتر لە گونجاندنی ناوخۆی حزب، سەرکردەکانی

حزب بەشـــێکی گەورەی لێپرسینەوەیان دەکەوێتە ســـەر لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا حزبهاوپەیمانییە لە نێوان سەرکردە کە پەسەندی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی وا دەبینن ســـوودی هاوبەشیان دەبێت بـــە مانەوەیان لەگەڵیاندا، ڕێکخســـتن و هەیکەلی حزبی سیاسیش کار بۆ دەکات بەرێگەی کاری بەکۆمەڵ کێشـــەکان چارەســـەر بکات و بەرێگەی پرانســـیپی پێکەوە گونجان (التوافق) ســـەقامگیری بەدیبهێنێت، بۆ ئـــەوەی کاری بەکۆمەڵ بهێنێتەدی هەتـــا ئەگەر ئەفزەڵیاتی ســـەرکردە جیاواز و هاودژیش بێت، لەگەڵ ئەم ڕۆڵـــە گرنگەی ڕێکخســـتن و هەیکەلی حزبی سیاســـی، بەڵام ســـەرکردەکانی حزب ململانێ لە نێوخۆیاندا دەکـــەن، بۆ ئەوەی هاریکاری ناو حزب لەگەڵ ئەفزەڵییەتەکانی خۆیان بگونجێنن. (کە لەگەڵ ئەفزەڵییەتی ئەوانی دیکە جیاوازی هەیە) بۆئەوەی ئاراســـتەی حزب بەرەو ئامانج و بەرژەوەندییەکی دیاریکراو بەرێت.

باردۆخی ئێســـتای حزبی سیاســـی و ڕۆڵی گرنگـــی لە ژیانی سیاســـیدا لەگەڵ چەمکی تەســـکی حزبی سیاســـی ناگونجێـــت، (واتە چەمکی یاســـایی حزب)،بۆیە ئاماژە بۆ بوونی سروشتی نەرمی حزب دەکەین.

## ئایا سروشتی نەرمی حزبی سیاسی چییە؟

ئەم سروشـــتە نەرمەی حزب توێژەری سیاسی (کانك) پێی دەڵێت:((هایدرۆلیکی ڕێکخستنی حزب)، بەجۆرێك حاڵەتی حزبی سیاســـی بە ئاو دەچوێنێت کە چۆن هەوڵدات بگەڕێتەوە ئاستی پێشووی خۆی لە هێزوکاریگەریدا.

لەنـــاو حزبیشـــدا ئـــەو چەمکەی ســـەرەوە ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر ســـەرکردایەتی حزب یەکگرتـــوو بێت ریفۆرمەکانـــی حزب گەمارۆ دەدرێت و ســـنورداردەبێت ســـەرەنجامیش حزب دووچاری حاڵەتی ســـڕبوون و وەڵام نەدانەوەی گۆڕانکارییـــەکان دەکاتـــەوە، پەیوەندییەکانـــی نیوان ســـەرکردایەتی حزب، ئـــەو پەیوەندییانەن کـــە کارلێك دەکەن و بـــەردەوام دەبێت لە پێناوی کارکردنی پێکەوەیی، ســـەرکردە ئیســـلاحیەکان لە حزبدا لەسەریانە ســـتراتیژییەکان ڕێکبخەن و بیخاتە نـــاو چوارچێوەی دامەزراوەکانی حزبەوە، ئـــەم پرۆســـەیە لەوانەیـــە ســـەرکردەکان ناچار بکات کە لە میکانیزمـــی کاریگەرەوە بگۆڕێن بۆ هاوســـەنگییەکی نـــوێ لـــە چوارچێوەی سەرکردایەتیدا.

لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدا، ئایا چوارچێوەی ڕێکخســـتنی حزب دەتوانێت ئاکاری ستراتیژی سەرکردەکانی حزب سنوردار بکات؟

چوارچێـــوەی ڕێکخســـتنی حـــزب، هێـــزو پشتگیری دەبەخشێتە ئەو ڕێڕەوەی سەرکردایەتی حزب دەیگرێتەبەر،کاتێك ئـــەوان هەوڵی ریفۆرم دەدەن، ئەوا ئاســـت و پلەی ریفۆرم دەوەســـتێتە سەر ئەوخواست و داهێنانەی کە سەرکردەکان بۆ بەدیهێنانی ریفۆرم پیشانی دەدەن.لەمبارەوە زانای بەناوبانگی سیاسەت (لوفن شتاین) دەڵێت: بە دەگمەن ســـەرکردەکانی حزب شەڕی سیاسی و یاســـایی لە پێناوی ئەو ریفۆرمانە دەکە کە زیان بەخۆیان و بە بەرژەوەندییەکانیان دەگەیەنێت.

لەم کێشەیەدا ســـەرکردە سیاسییەکان هەموو هۆکارێکی بەردەســـت بەکاردەهێنن دژی ئەوانی دیکـــە وەك: (بەکارهێنانی هـــۆکاری دارایی، دەنگدان، دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆ، چوارچێوەی ڕێکخستنی حزب، ئەم ســـیراعە لەناو حزبدا لە پێنـــاوی کۆنترۆڵکردنی چۆنییەتی ئاراســـتەو ســـەرکردایەتی حزبـــە، ئەمەش مەســـەلەیەکی گەوهەرییـــە بۆ تێگەیشـــتن لـــە تایبەتمەندی زاتیەتی حزب، بەڵام ئاســـان نییە، بەپێچەوانەوە ئاڵۆزەو پێویستی بە میتۆدێکی تازەیە بۆ ئەوەی تێبگەین و پێڕەوی یاســـای بۆ دیراسەتی حزب تێدەپەڕێنێت.


بەپێی ئـــەم میتۆدە تازەیە، حزبی سیاســـی بریتیە لە کیانێکی بەکۆمەڵ و کوتلەی جیاوازی سەرکردەی تێدایە بەستراونەتەوە بە پەیوەندییەکانی ناوحزب، بەڵام بە بەرژەوەندی جیاواز و هاودژەوە، لەناو ئەم سیراعەشـــدا، ئەوە ڕوون نییە کام کوتلە یان باڵی حزب توانای قەناعەت پێهێنانی ئەوانی دیکەی هەیە وەك ســـەرکردایەتی شـــەرعی بۆ حزب، ئەوەی جێگە تێبینییە لەم سیراعەدا ئەوەیە چوارچێوەی ڕێکخســـتنی حزب لەلایەن یاریزانە ســـەرەکییەکانەوە (ســـەرکردەکان) ڕووبـــەڕووی پشتگوێ خستن دەبێتەوە، ئەمەش لەبری ئەوەی ریفۆرم بکرێت، ئامانجی سەرەکی دەبێتە گەیشتنە دەســـەڵات، کانك بەو جۆرە وەسفی ئەم باردۆخە دەکات و پێـــی دەڵێـــت (دۆڕان بۆ چوارچێوەی ڕێکخستنی حزب)).

ئـــەم پەیوەندییە یان ئەم پێکەوە بەســـتنەوەی نێـــوان ریفۆرم و هەیکەلی حـــزب (چوارچێوەی ڕێکخســـتنی حزب) ئـــەم تێبینیانـــە لە خۆی دەگرێت:

- ئاســـتی ریفۆرم چەند ئەقڵانی بێت، ئەوا هەیکەلەی حزب هەمیشـــە بەپێی ئامانجەکانی دەجولێت، نـــەك بە هاندەری ریفـــۆرم، ئەمەش مانـــای ئەوەیە هەیکەل و بونیادی حزب زۆرجار ئاستەنگە لەبەردەمی ریفۆرم.

ئاکامی چاوەڕوانکراوی دینامکیەتی حزبی سیاسی بەمجۆرەیە:

- سیراعی حزبی کاتێك دەستی پێکرد، ئەوا لە ناو جومگە و دامەزراوەکانی حزب بڵاودەبێتەوە.
- حزب چەند باڵێك لە خۆی دەگرێت، هەموو باڵەکان ســـوود لە هاریکاری یەکتری وەردەگرن، بـــەڵام لە هەمانکاتـــدا هەر باڵێك لـــە پێناوی بەدیهێنانـــی ئەولەویەتـــە تایبەتییەکانی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێت.
- حزبی سیاسی بریتییە لە هاوپەیمانییەکی نەرم لە نێوان سەرکردە حزبییەکان کە هەندێك جار پێکەوە کاردەکـــەن و هەندێك جاری دیکە دژی یەك.
- ریفۆرمی حزبـــی ئەگەر جێبەجێ بکرێت، ئامانجی ستراتیژی بەدیدەهێنێت، بەڵام ئامانجی ریفۆرمی بەرفراوان بەدەست ناهێنێت.





سەرکردە ئیسلاحیەکان لە حزبدا لەسەریانە ستراتیژییەکان ڕێکبخەن و بیخاتە ناو چوارچێوەی دامەزراوەکانی حزبەوە، ئەم پرۆسەیە لەوانەیە سەرکردەکان ناچار بکات کە لە میکانیزمی کاریگەرەوە بگۆڕێن بۆ هاوسەنگییەکی نوێ لە چوارچێوەی سەرکردایەتیدا.

مایکل بەوم بۆ گوڵان:

# باشترین پێوەر بۆ کرانەوە و شەفافیەتی پارتەکان پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکانە

**پرۆفیسۆر مایکل بەوم، ئوستادی زانستی سیاسەت و سەرۆکی بەشی سیاسیەتە لەزانکۆی ماسیۆشیتد و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیستمی پارتایەتی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی و هەروەها لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری پارتە سیاسیەکان لەسیستمی دیموکراتیدا، بۆقسەکردن لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی پارتایەتی لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا، پرۆفیسۆر بەوم بەمجورە بۆ گوڵان هاتە دوان.**



**هیندستان توانیویەتی لەڕووی سیاسیەوە ململانێیەکی ئاشتیانە بچەسپێنێت، ئەگەرچی لەڕووی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیەوە لەئاستێکی بەرزدا نییە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتی سوید**

*** ئایا تا چ ڕادەیەك پارتە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی ئاستی گەشەی کۆمەڵگەکەن، بەمانایەکی تر ئایا تا چ ڕادەیەك جیاوازی نێوان پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا و پارتە سیاسیەکانی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بۆ جیاوازی گەشەی کۆمەڵگەکانیان دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆرباشە، تا ڕادەیەکی دیاریکراو ئامانجی پارتە سیاسییەکان بریتیە لەگوزارشتکردن لەبەرژەوەندیەکان و دۆزینەوەی کەناڵێك بۆ گەیاندنی خواست و داواکارییەکان، پارتە سیاسییەکان ئەم ئەرکانە ئەنجامدەدەن بەچاوپۆشین لەئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگەکە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە سیستمێکی دیموکراسی لەئارادابێت و بوار بەم کارە بدات، چونکە دیموکراسی ڕەخساندنی کەشێکە بۆ ململانێی ئاشتیانە، بێ پەنابردنە بەر توندوتیژی و خوێنڕشتن. کەواتە ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگە هەرچییەك بێت ئەگەر سیستمێکی سیاسی لەئارادابوو ڕێگەی بەململانێی و ڕکابەریدا، یاخود هەڵسا بەڕێکخستنی ململانێیەکە بەشێوەیەك کە نەبێتەهۆی پەنابردنەبەر بەرپاکردنی شەڕ و هەڵگرتنی چەك بۆ یەکلاکردنەوەی جیاوازیەکان ئەوا ئەو سیستمەکە سەقامگیرە، بۆ نموونە هیندستان توانیویەتی لەڕووی سیاسیەوە ململانێیەکی ئاشتیانە بچەسپێنێت، ئەگەرچی لەڕووی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیەوە لەئاستێکی بەرزدا نییە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتی سوید، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیەکان نابنە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر باس لە بەرەوپێشچونی ئابووری بکەین، ئەوا ڕەنگە لە کاتی بوونی هەژاریەکی بەربڵاودا، یاخود کەمی سەرچاوەکاندا ڕکابەری و ململانێیەکی توندوتیژئامێز لەسەر بەدەستهێنانی ئەو سەرچاوەیە و لەسەر بەدەستهێنانی پۆستە باڵاکان بکرێت، کەواتە من دەڵێم ئەگەر ئاستی بەرەوپێشچونی ئابووری وڵاتێك بەرز بوو، ئەوا سیستەمە سیاسیەکەش ئاسانتر دەتوانێت ئەرکەکانی ئەدا بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لە نێواندا هەیە، بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتدا دیموکراسی پیادە دەکرێت ئەگەرچی لە ڕووی ئابووریەوە گەشەیەکی بەرچاویان نەکردووە، لە هەندێ وڵاتی دیکەدا ئەگەرچی لەڕووی ئابوورییەوە دەوڵەمەندن، بەڵام دیموکراسی نین، یاخود دیموکرسیەکی ناکامڵن. کەواتە ئەرکی پارتە سیاسییەکان ئەوەیە هەڵبستن بەڕێکخستنی ململانێکان لەڕێی پابەندبوونە بەچەند ڕێسایەکی دیاریکراوەوە کە ئەگەر هەموو لایەك پێوەی پابەندبن ئەگەری دروستبوونی توندوتیژی کەم دەبێتەوە.

**لەئەمەریکا کە نزیکەی ٢٠٠ ساڵە دیموکراسی پیادە دەکات کەچی گەندەڵی تێدا ڕوودەدات، کەواتە ئەم حاڵەتانە پەیوەست نین بەوڵاتێکی دیاریکراوەوە**

*** لەوڵاتە گەشەگردووەکاندا ئەو کەسانەی ئەندامن لەپارتە سیاسیەکاندا ڕێژەی ٣٪ی دانیشتوانی وڵاتەکە پێکدەهێنن، لەکاتێکدا لەوڵاتە تازەگشەکردوەکاندا دەگاتە ٦٠٪، ئەمەش سەردەکێشێت بۆئەوەی پارتە سیاسیەکان بەرەو گەندەڵی بچن، ئایا چۆن دەکرێت شەفافیەت لەکاری پارتە سیاسیەکاندا بچەسپێنرێت؟**

- من دەزانم ئێوە ئاماژە بە چی دەکەن و لەڕاستیدا چارەسەرێکی سیحری نییە بۆ ئەم مەسەلەیە. ئەگەر بۆ ڕابردویەکی تا ڕادەیەکی نزیکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بگەڕێینەوە ئەم حاڵەتە بەدی دەکەین، مەبەستم لەبەکارهێنانی دەزگای بیرۆکراسی و سامانی وڵاتەکەیە بۆ سزادانی نەیاران و پاداشتکردنی لایەنگر و پشتیوانەکان، ئەمە لەسەر ئاستی ویلایەت و شارەوانیەکانی ئەمەریکا ڕوویدا، تەنانەت نزیکەی مانگێك پێش ئێستا یەکێك لەبەرپرسەکانی ویلایەتی نیوجێرسی لەسەر حاڵەتێکی گەندەڵی دەستگیرکرا، بەڵام هەڵوێستی خەڵك لەڕێی نارەزایی دەربڕین، هەروەها چاودێری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەربەخۆی دەسەڵاتی قەزائیەوە توانرا کار بۆ بەرهەڵستی کردن و کەمکردنەوەی ئەم حاڵەتە بکرێت لەئەمەریکا، من پێموایە هەر بەمشێوەیەش دەکرێت کار بۆ بەرهەڵستی کردن و بەگژداچوونەوەی ئەم حاڵەتانە بکرێت لەوڵاتانی دیکەدا، واتە لەڕێی فشاری خەڵك و چاودێری ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی قەزائی و هتد. لەگەڵ ئەوەشدا،

لەئەمەریکا کە نزیکەی ٢٠٠ ساڵە دیموکراسی پیادە دەکات کەچی گەندەڵی تێدا ڕوودەدات، کەواتە ئەم حاڵەتانە پەیوەست نین بەوڵاتێکی دیاریکراوەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە چەسپاندنی شەفافیەتەوە ئەوا دەکرێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆژنامەگەری ئازاد هەڵبستن بە ئاشکراکردنی ڕەفتار و کردارەکانی پارتە سیاسیەکان هەم لە سەر ئاستی ناوخۆی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بە تایبەتی کە چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەن کار لەسەر ڕێزبەندکردنی وڵاتانە دەکەن لەسەر بنەمای ئاستی گەندەڵی تێیاندا.

*** لەدیموکراسیدا ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات هەیە لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە، بەو پێیە هەندێ پارتی سیاسی سەردەکەون و هەندێکیان شکستدەهێنن، چۆن پارتە دۆڕاوەکان دەتوانن پێداچوونەوە بەخۆیاندا بکەن و دووبارە خۆیان ئامادەبکەنەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو؟**

- لەوڵاتە گەشەکردووەکان زۆرجار پەنا بۆ گۆڕینی سەرکردەکان دەبەن، هەروەك ئەوەی پارتی موحافیزینی بەریتانیا کردی لەدوای جۆن مەیجەرەوە، واتە لەڕێی هەڵبژاردنی ڕوخساری نوێیەوە، لەبەرئەوەی لەو کۆمەڵگەیانەدا بەهۆی کاریگەری گەورەی ڕاگەیاندن ئەوا کەسایەتی پارتە سیاسیەکان دەبێت پرس و مەسەلەیەکی زۆر گرنگ، لە کاتێکدا لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا مەسەلەکە جیاوازە و ئەوەی زیاتر ڕۆڵ دەبینێت ئەوەیە ئایا پارتی دەسەڵاتدار پرۆژەی خزمەتگوزاری جێبەجێکردووە و بەڵێنەکانی خۆی هێناوەتەدی، چونکە ئەگەر پارتی دەسەڵاتدا بەم شێوەیە کاربکات ئەوا موعارەزە دەرفەتێکی کەمی دەبێت لەهەڵبژاردنەکاندا ئەنجامی باش بەدەستبهێنێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر سست بێت و گوێ بەخواست و پێداویستیەکانی خەڵك نەدات ئەوا موعارەزە دەتوانێت کار لەسەر نارەزایبونی خەڵك بکات و دەرفەتی بۆ دروستدەبێت بۆ سەرکەوتن لەهەڵبژاردنەکاندا.

*** لە وڵاتانی ئەوروپادا، جگە لەبەریتانیا دوو پارتی سەرەکی بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکەن، بەڵام لەکۆتاییدا یەکێك لەو پارتانە لەلوتکەوە بەرەو شکستدەچێت، هۆکاری ئەم شکسهێنانەی پارتە سیاسییەکان چییە؟**

- هۆکارەکان زۆرن، ڕەنگە یەکێك لەو هۆکارانە بێزاربونی دەنگدەران بێت لەو پارتەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە لەدەسەڵاتدایە، کە ئەمەش خواستی گۆڕان لای خەڵك دروستدەکات، چونکە زۆرجار مانەوەی پارتێکی دیاریکراو لەدەسەڵاتدا بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێتەهۆی دروستبوونی گەندەڵی و فەزیحەت و هتد، هەروەها زۆرجار هۆکارەکە سەرکردەکانی پارتەکەن.

*** لەئیتاڵیادا ئەو حاڵەتە بەدیدەکەین کە حکومەتی ئەو وڵاتە بەبەردەوامی دەگۆڕێت، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئیتاڵیا حاڵەتێکی جیاوازە، چونکە سەرۆکی وەزیرانی ئەو وڵاتە لەهەر شوێنێکی دیکە بووایە ڕەنگە تۆمەتبارکرایە و ئێستا لەزینداندابووایە، لەگەڵ ئەوەشدا دووبارە هەڵبژێدرایەوە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران. بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی لەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە کەسایەتی سەرکردەکان کاریگەریەکی زۆریان هەیە لەسەر دەنگدەران، مەبەستم ئەوەیە چیتر دەنگدان لەئەوروپا لەسەر بنچینەی چینایەتی یان هەر بنچینەیەکی دیکەی نەگۆڕ نییە، بەڵکو دەنگدەران بیروبۆچون و هەڵوێستی خۆیان دەگۆڕن ئەگەر هاتوو بیروڕایان دەربارەی سەرکردەکانی پارتێکی دیاریکراو گۆڕا، من ناڵێم مەسەلەکانی دیکە گرنگ نییە لەکاتی دەنگداندا، گرنگن بەڵام بەڕادەیەکی کەمتر.

*** لەو وڵاتانەدا کە پێشتر وڵاتگەلێکی کۆمۆنیستی بوون، دوای ڕووخانی کۆمۆنیزم پارتە سیاسییەکان خاوەنی ئەزموونێکی زۆر نەبوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلە دیموکراسیەکاندا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بونیادی پارتە سیاسەکان لەوڵاتێکی دیموکراسیدا جیاوازە بەبەرواورد بەوڵاتێکی کۆمۆنیستی؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بەبونیادی سیاسی و دیموکراسی پارتە سیاسیەکانەوە من پێموایە باشترین پێوەر بۆ کرانەوە و شەفافیەتی پارتەکان پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکانە، بۆ نموونە ئایا پاڵێوراوەکان لەلایەن سەرکردەکانەوە دەسەپێنرێن، یاخود لە هەمان کاتدا ئاستەکانی خوارەوەی پارتە سیاسیەکەش بەشداری دەکەن لەم پرۆسەیەدا. ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستیەوە، من پێم وایە ڕەوتەکە پێچەوانە بۆتەوە، بۆ نموونە ڕەوتی بە دیموکراسیبوون لە ڕوسیادا لە ساڵانی نەوەتەکاندا بەهێزتر بو بە بەراورد بە ئێستا، حاڵی حازر ڕووسیا توانیویەتی هەڵبستێت بەهەراسانکردنی پارتە موعارەزەکان، بە ترساندنی کەسایەتیەکانی موعارەزە، هەروەها ئەوانەی سەرقاڵی بەرهەڵستی کردنی سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە دەبن دەبێت باجێکی زۆر بدەن، لەهەمان کاتدا بەرزبونەوەی نرخی نەوت و دووبارە دابەشکردنەوەی داهاتەکانی لە نێو هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە بووە هۆی دروستبونی ڕازیبونێك لە نێو خەڵکی ئەو وڵاتەدا لە ئاست ئەو سیاسەتەی پۆتین گرتیەبەر. لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە پوتین ناتوانێت تاسەر درێژە بەو سیاسەتە بدات، یاخود درێژە بەو شەرعیەتیە بدات بە تایبەتی ئەگەر وڵاتەکە ڕوبەڕوی دۆخێکی ئابووری دژوار ببێتەوە.

*** لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا، پارتە سیاسیەکان بەدەست ئاستێکی نزمی متمانەوە دەناڵێنن، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامدراون ئاماژە بەوە دەکەن کە لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا متمانەی خەڵك بەپارتە سیاسیەکان و بەسیاسەتمەداران کەم بۆتەوە، ئەمە بۆ وڵاتانی ئەمەریکای لاتینیش ڕاستە. تەنانەت خەڵك نارازیە بەو سیاسەتە دیموکراتیەی پیادە دەکرێت، ئەگەرچی بەدیلی نادیموکراسیش ڕەتدەکەنەوە، واتە لەکاتێکدا خەڵك لەڕووی تیۆریەوە پشتگیری لەدیموکراسی دەکەن بەڵام لەڕووی واقیعیەوە لێی نارازین، پێشنیار و بیرۆکەی جیاواز هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە، بۆ نموونە هەندێك پێیانوایە ئەو شێوازی نوێنەرایەتیکردنەی لەسەدەی نۆزدەمەوە پیادە کراوە چیتر لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت و دەبێت ڕاوێژی زیاتر لەگەڵ خەڵکدا بکرێت و دەبێت ڕاپرسی زیاتر ئەنجامبدرێت، هەندێك ئەمە بە مایەی کارەسات دەزانن و پێیانوایە خەڵکی کات یان مەعریفەی پێویستی نییە بۆ ئەم کارە ناکرێت دووبارە بگەڕێینەوە بۆ ئەو شێوازەی کاتی خۆی لەئەسینا پیادە دەکرا، هەندێکی دیکە پێیانوایە دەبێت کرانەوە و شەفافیەتی زیاتر لەپارتە سیاسیەکاندا ئەنجامبدرێت.

**چیتر دەنگدان لەئەوروپا لەسەر بنچینەی چینایەتی یان هەر بنچینەیەکی دیکەی نەگۆڕ نییە، بەڵکو دەنگدەران بیروبۆچون و هەڵوێستی خۆیان دەگۆڕن ئەگەر هاتوو بیروڕایان دەربارەی سەرکردەکانی پارتێکی دیاریکراو گۆڕا**

**لەکاتێکدا خەڵک لەڕووی تیۆریەوە پشتگیری لەدیموکراسی دەکەن بەڵام لەڕووی واقیعیەوە لێی نارازین**

گوڵان
ژمارە (٧٤٩)
٢٠٠٩/٩/١٤

کاری ستڕۆم بۆ گوڵان:

# پارتە سیاسییەکان تەنها لەڕێی پیادەکردنی شەفافیەتەوە دەتوانن متمانە لەناو خەڵکدا دروستبکەنەوە

**پرۆفیسۆر کاری ستڕۆم ئوستادی زانستی سیاسیەتە لەزانکۆی کالیفۆرنیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەپرسەکانی حکومەت و پارتە سیاسیەکان. یەکێك لەکتێبە دیارەکانی بەناونیشانی تەحەددی بەردەم پارتە سیاسییەکان نەرویج وەك نموونە، هەروەها سەبارەت بەکاریگەری حزبە سیاسییەکانیش لەسەر ئەدای حکومەت چەندین دیراسەت و توێژینەوەی بەپێزی هەیە، بۆ قسەکردن سەبارەت بەپرسی پارتە سیاسییەکان پرۆفیسۆر ستڕۆم بەجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



**لەیابان هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە ئەو ڕاستیەیان خستەڕوو کە دەکرێت شکست بەپارتێکی دەسەڵاتدار بهێنێت کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە لەحکومڕانێتیدایە**

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك جیاوازی نێوان پارتە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا و پارتە سیاسیەکانی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بۆ جیاوازی گەشەی کۆمەڵگەکانیان دەگەڕێتەوە؟**

- من نازانم ئێوە باس لە چ لایەنێکی پارتە سیاسیەکان دەکەن، بەڵام پارتە سیاسییە جیاوازەکان خزمەت بە ئامانجی جیاواز دەکەن لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، بۆ نموونە ئامانجی پارتە سیاسیەکانی وڵاتە تازە گەشەکردوەکان جیاوازە لە ئامانجی پارتە سیاسیەکانی وڵاتە گەشەکردووەکان، لەپێناو بوونی پارتگەلێکی سیاسی تەندروست، یان سیستمێکی حزبایەتی تەندروستدا، دەبێت مافی پارتە موعارەزەکان بپارێزرێت، هەروەها دەبێت ئازادی ڕادەبڕین بپارێزێت، لە هەمان کاتدا پێویستە میکانیزمەکانی لێپرسینەوە و لێپێچینەوە لە حکومەت لەئارادابێت، بەهەمان شێوە پێویستە هەندێ دامەزراوە و دەزگای حکومی لەدەست موعارەزەدا بێت، یاخود دەبێت بەشداریان هەبێت لە هەندێ بواری دیاری کراودا.

*** دیموکراتی بریتیە لەسەرکەوتنی شکستی پارتە سیاسییەکان، پرسیاری ئێمە ئەوەیە چۆن ئەو پارتانەی لە هەڵبژاردن شکستدەهێنن، خۆیان رێکدەخەنەوە؟**

- دەبێت دەرفەت بە پارتە شکستخواردوەکان بدرێت بۆ ئەوەی هەوڵی دووبارە قەناعەتپێهێنانەوە و بەدەستهێنانەوەی متمانەی دەنگدەران بدەن، بەوپێیە دەبێت ئازادی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری هەبێت، هەروەها پێویستە ئەم پارتانە سەرچاوەی داراییان هەبێت و نابێت لەکاتی شکستیاندا تێکڕایی سەرچاوە داراییەکانیان لەدەستبدەن. لەهەمان کاتدا ئەگەر پارتە سیاسیەکان لەسەر بنیچینەی دابەشبوونە ئیتنیەکان پێکهاتبێتن ئەوا زۆر زەحمەتە لەکاتی شکستیاندا بتوانن دووبارە دەرفەتی بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتیان هەبێت، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت پارتە سیاسیەکان لەسەر بنچینەی بنەماگەلێکی دیاری کراو دروست بوبێتن.

*** ئەگەر لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنیان بەدەستنەهێنا، بەو پێیە ئەمە بەمانای لەدەستدانی متمانە دێت، چۆن دەکرێت ئەم متمانیە بنیاتن بنرێتەوە؟**

- بێ متمانەی بەپارتە سیاسیەکان لەبەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی وەك پارتگەلێکی گەندەڵ لێیان دەڕوانرێت لەلایەن خەڵکەوە، یاخود پێیانوایە ئەو پارتانە خزمەت بەبەرژەوەندیە تایبەتی و بەرتەسکەکان دەکەن. پارتە سیاسیەکان دەتوانن لەڕێی پیادەکردنی شەفافیەتەوە هەڵبستن بەخستنەگەڕی هەوڵەکانیان بۆ بنیاتنانی متمانە لەناو خەڵکدا، ئەویش لەڕێی خستنەڕووی زانیاریەکانەوە دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان لە ناو پارتە سیاسیەکەدا، هەروەها دەربارەی سەرچاوە داراییەکانیان، کە زۆرجار پارتە سیاسیەکان تەنانەت لەدیموکراسیە سەقامگیرەکانیشدا بەرگری لەم هەوڵانە دەکەن، بەڵام من پێموایە ئەمە کار و هەنگاوێکی پێویستە بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی متمانەی خەڵك. بەداخەوە دیاردەی بێ متمانی بەپارتە سیاسیەکان لەتێکڕایی جیهاندا بەدیدەکرێت، تەنانەت لەدیموکراسیە سەقامگیرەکانیشدا، بەشێکی هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی هەڵبژاردن و هەڵمەت و ململانێی هەڵبژاردنەکان، تێیدا پارتە سیاسیەکان موبالەغە دەکەن

لەهێرشکردنە سەر یەکتریدا، کە مەرج نییە ئەمە پرۆسەیەکی جوان بێت، بەڵام لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی حەتمی بەشێکە لەپرۆسەی ململانێکردن، من پێموایە کێشەکە لەمەدا نییە هێندەی ئەوەی کێشەکە لەوەدایە پارتە سیاسیەکان درێژە بەهەمان گیانی ململانێکردن بدەن و ئامادە نەبن هاوکاری لەگەڵ یەکدا بکەن.

*** مەبەستەکە ئەوەیە دوای دۆڕاندن پارتە سیاسیەکان هەوڵی ئەنجامدانی گۆڕانکاری دەدەن لەبەرنامە و شێوەی کارکردنیاندا، بەڵام ئایا پارتە سیاسیەکانی وڵاتانی جیهانی سێ دەتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن؟**

- ئەوەی مایەی گیروگرفتە لەپارتە سیاسیەکانی جیهانی سێدا بریتیە لەوەی ئەم پارتانە لە بری بەرژەوەندیە گشتیەکانی هاوڵاتیان تەنها بایەخ بە بەرژەوەندیگەلێکی بەرتەسك دەدەن، کە من پێموانییە ئەم پارتە سیاسیانە شایستەی ئەوەبن متمانەی خەڵك بەدەستبهێنن. لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی پارتە موعارەزەکان بتوانن متمانەی خەڵك بەدەستبهێنن ئەوا دەبێت بایەخ بەو پرس و مەسەلانە بدەن کە لە لایەن حکومڕانەکانەوە پشتگوێخراون، هەروەها دەبێت کار لەسەر دەنگە نارازییەکان بکەن و سیاسەت و بەدیلی باشتر بخەنەڕوو، ئەمە نەك تەنها لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا، بەڵکو لەوڵاتە گەشەکردووەکانیشدا پارتە سیاسیەکان بەم شێوەیە کاردەکەن.

*** ئایا چۆن دەکرێت شەفافیەت لەکاری پارتە سیاسیەکاندا بچەسپێنرێت؟**

- ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی کە پێشتر ئاماژەم پێکرد دەربارەی ئەوەی پارتە سیاسیەکان خزمەت بە بەرژەوەندیگەلێکی بەرتەسك دەدەن، لێرەدا دەبێت چەند میکانیزمێکی یاسایی بخرێتەگەڕ بۆ پاراستنی مافی دامەزراندن و بەدەستهێنانی کار لە دامەزراوەکانی حکومیدا بە چاوپۆشین لە ئینتیمای سیاسی ئەو کەسەی داواکاری پێشکەش دەکات، هەروەها دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن چاودێری بخەنەسەر کارەکانی حکومەت و بەدواداچوونی بۆ بکەن. لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بەهەردوو وڵاتی یابان و ئیتاڵیا بکەین کە دوو وڵاتی دەوڵەمەند و سەقامگیرن و بەدەست ئەو کێشانەوە گرفتاربوونە کە ئێوە ئاماژەیان پێدەکەن. من ناڵێم سیستمی حزبایەتی لەئیتاڵیا بێ کەموکوڕیە، بەڵام لەنەوەتەکانەوە بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە. بەهەمان شێوە لەیابان هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە ئەو ڕاستیەیان خستەڕوو کە دەکرێت شکست بەپارتێکی دەسەڵاتدار بهێنێت کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە لەحکومڕانێتیدایە، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە خەڵکی لەئەدای ئەو پارتە ڕازی نەبن.

*** لەو وڵاتانەدا کە پێشتر وڵاتگەلێکی کۆمۆنیستی بوون، دوای ڕوخانی کۆمۆنیزم پارتە سیاسییەکان خاوەنی ئەزموونێکی زۆر نەبوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلە دیموکراسیەکاندا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بونیادی پارتە سیاسیەکان لەوڵاتێکی دیموکراسیدا جیاوازە بەبەراورد بەوڵاتێکی کۆمۆنیستی؟**

- بەدڵنیاییەوە دەبێت بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاواز بن، مەبەستم ئەوەیە دەبێت گۆڕانکاری بنەڕەتی بهێننەئاراوە، لەم ڕووەوە دەکرێت ئاماژە بە بەرەوپێشچوون بکەین لەم بوارەدا لە هەردو وڵاتی کۆماری چیك و هەنگاریادا کە هەنگاوی باشیان هەڵگرتووە، بەڵام وڵاتێکی وەك بیلاڕوسیا بە هەمان شێوە گەشە و بەرەوپێشچونی بەخۆوە نەبینوە، کەواتە دەبێت ئاڵوگۆڕی گەورە بهێنرێتە ئاراوە چونکە بونیادی سیستمی حزبایەتی لەوڵاتێکی دیموکراسیدا زۆر جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتێکی کۆمۆنیستی، هەروەك ئێوە لە پرسیارەکەدا ئاماژەی پێدەکەن. لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە لەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا هاوڵاتیان مەیلێکی زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی ڕەخنە لەپارتی حکومڕان بگرن، هەروەها لە هەمان کاتدا بەڵگەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن لە ساڵانی نەوەتەکانەوە دەنگدەران زیاتر دەنگیان دژی پارتە حکومڕانەکان داوە بە تایبەتی ئەگەر لە ئەدای ئەو پارتە نارازیبن.

*** بەڵام لەئیتاڵیادا ئەو حاڵەتە بەدیدەکەین کە حکومەتی ئەو وڵاتە بەبەردەوامی دەگۆڕێت، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لەکۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکاندا نارەزاییەکی زۆر هەبوو لەئەدای پارتە حکومڕانەکان، هەروەها لەسیستمی حزبایەتی لەو وڵاتەدا، ئەمەش سەری کێشا بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لەسیستمی حزبایەتی ئەو وڵاتە و لە زۆرێك لە یاسا و ڕێساکانیدا لە نێویاندا یاسای هەڵبژاردنەکان، بە چەشنێك ئێستا لە ئیتاڵیادا زیاتر کار بە حکومەتی زۆرینە دەکرێت و ئەمەش کەشێکی ململانێی ڕەخساندووە کە پارتەکان هەڵبستن بە خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ ڕاکێشانی ڕەزامەندی هاوڵاتیان. ئەمەش دەرەئەنجامی باشی هەبووە، بە چەشنێك ئێستا لە ئیتاڵیادا گەندەڵی هەیە بەڵا بە هەمان ئاستی بیست ساڵ پێش ئێستا نا.

*** چۆن پارتە سیاسیەکان لە وڵاتانی جیهانی سێدا دەتوانن سەرکەوتوبن لە بنیاتنانی دیموکراسیدا؟**

- من پێموایە دەکرێت کار بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بکرێت لەڕێی پەرەپێدانی گیانی یەکترقبوڵکردن و لێبوردەییەوە، مەبەستم ئەوەیە نابێت پارتە سیاسیەکان، بەتایبەتی پارتی حکومڕان پەنا بۆ سەرکوتکردن و زیندانیکردنی نەیارەکانیان ببەن، هەر قوڵکردنەوەی ئەم ڕوحیەتەش هۆکاری گەشەکردنی سیستمی حزبایەتی بوو لەبەریتانیا. لەهەمانکاتدا دەبێت ئازادیەکان دابین بکرێن، وەك ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن، بۆ نمونە نابێت ڕاگەیاندن پاشکۆی پارتە سیاسیەکان بن، بەڵام لەهەمانکاتدا نابێت لەشەڕدابن لەگەڵیاندا، هەروەها دەبێت ڕێز لەسەربەخۆی دەسەڵاتی قەزائی بگیرێت و سەروەری یاساش بچەسپێنرێت، لەگەڵ کاراکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

**بونیادی سیستمی حزبایەتی لەوڵاتێکی دیموکراسیدا زۆر جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتێکی کۆمۆنیستی**

**لەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا هاوڵاتیان مەیلێکی زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی ڕەخنە لەپارتی حکومڕان بگرن**

سوسن هاید بۆ گوڵان:

# دەبێت پارتە سیاسیەکان هۆکاری شکستی خۆیان هەڵبسەنگێنن و دانی پێدابنێن

**خاتوو سوســەن هاید، ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی یەڵ Yale و پســپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دیموکراتی و سیستەمی پارتە سیاسیەکان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بۆ قسەکردن لەســەر ڕۆڵی پارتە سیاســییەکان لەکۆمەڵگەی دیموکراتی، پرۆفیســۆر سوســن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



دەکرێت بێ بوونی پارتە سیاسیەکانیش گەشەی ئابووری بەدی بهێنرێت، بەڵام لەزۆربەی کاتدا ئەم دوو پرۆسەیە شان بە شانی یەک دەڕۆن

*** کۆمەڵگــەی هاوچــەرخ بــێ بوونی پارتی سیاســیی نابێت، ئایا بوونی پارتە سیاســییەکان ڕەنگدانــەوەی کۆمەڵگــە هاوچەرخن، یان حزبە سیاســیەکان سیمای هاوچەرخی بەکۆمەڵگە دەدەن؟**

- لــە ڕاســتیدا زەحمەتە بڵێیــن کامیان ڕەنگدانــەوەی کامیانــن، چونکە دەکرێت پارتێکی سیاســی تەواو گەشــەکردوومان هەبێت لەکۆمەڵگەیەکدا کە ئاستێکی نزمی گەشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبێت، هەروەها دەکرێت ئەم پارتە سیاسیە گەشــەکردوانە هەڵبســتن بەخستنە گەڕی هەوڵەکان بۆ گەشــەپێدانی گۆمەڵگەکە، لەهەمــان کاتدا دەکرێت بــێ بوونی پارتە سیاســیەکانیش گەشــەی ئابووری بەدی بهێنرێت، بەڵام لەزۆربــەی کاتدا ئەم دوو پرۆســەیە شان بە شــانی یەك دەڕۆن و ز ەحمەتە بزانین چ لایەکیــان ڕەنگدانەوەی ئەوی دیکەیە.

*** تاچەنــد پێکهاتــەی کۆمــەڵ دەبێتە ناسنامە بۆ حزبە سیاسییەکان؟**

- ڕەنگە یەکێــك لەڕێگەکان ئەوەبێت پارتە سیاســیەکان لەســەر بنەمای دابەشبونە کۆمەڵایەتیــەکان پێکنەهێنرێــت، واتــە ناســنامە سیاســیەکە ئەو جیــاوازی و دابەشبوونانە تێپەڕێنێت، بەو پێیە مەرج نییە پارتە سیاســیەکان هەوڵی بەسیاسیکردنی هەموولایەنەکانی کۆمەڵگە بدەن ئەگەرچی ئامانجــی پارتە سیاســیەکانیش هاندانی خەڵکە بۆ بەشداری کردن.

*** هەندێك دەڵێن ئەو پارتانەی لەهەڵبژاردن دەنگناهێنــن دەیانەوێت لــەو کاتەی دەبنە ئۆپۆزســیۆن تۆڵەی شکســتەکەی خۆیان بکەنەوە، ئایا تاچەند ئەمە دەبێتە فاکتەرێك بۆ بوونی ئۆپۆزسیۆنی ئیجابی؟**

-ڕۆڵی پارتە موعارەزەکان گرنگە لەحکومەتدا کە هەڵدەستن بەڕووبەڕووکردنەوەی حکومەت بە بەرپرســیارێتیەکانی خۆی، بەڵام دەبێت لەهەمانکاتدا ڕێز لەپرۆســە سیاسیەکە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بگرن، بەتایبەتی ئەگــەر هەڵبژاردنێکی دیموکراســی بوو، هەروەهــا دەبێــت هۆکارەکانی شکســتی خۆیانن هەڵبسەنگێنن و دان بەوەدا بنێین کە ئەگەری شکستیان لە ئارادا بووە.

*** مەبەستەکە ئەوەیە دوای دۆڕاندن پارتە سیاسیەکان هەوڵی ئەنجامدانی گۆڕانکاری دەدەن لەبەرنامە و شێوەی کارکردنیاندا، بەڵام ئایا پارتە سیاســیەکانی وڵاتانی جیهانی سێ دەتوانن ئەم کارە ئەنجامبدەن؟**

- من هیچ هۆکارێــك نابینم کە نەتوانن، هەروەها ناکرێت هەمیشــە پارتی سیاسی گەشــەکردوو پەیوەســت بکەینــەوە بــە گەشــەکردنی کۆمەڵگەوە، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەکرێت پارتێکی سیاسی گەشەکردو لە کۆمەڵگەیەکدا دروستبێت کە زۆر پێشکەوتو نییە، بەپێچەوانەشەوە، بەڵام ئەو پارتانەی شکســتدەهێنن دەبێت پرسیار لەهۆکاری شکســتەکەیان بکەن، هەروەها پێداچوونــەوە بەسیاســەت و بەرنامەکانی خۆیانــدا بکــەن. لەگەڵ ئەوەشــدا زۆر زەحمەتە بەتەواوەتی گۆڕانکاری بەســەر پارتە سیاسیەکاندا بهێنرێت چونکە هەموو پارتێکی سیاسی لەســەر بنچینەی چەند بنەمایەکی دیاریکراو دروستبووە.

*** ئەمە بەمانای لەدەستدانی متمانە دێت، چۆن دەکرێت ئەم متمانیە بنیات بنرێتەوە؟**

- دەکرێــت پارتە ســەرنەکەتووەکان هەوڵی دروســتکردنی پەیوەنــدی بــدەن لەگەڵ هاوڵاتیــان و دەنگدەرانــدا بــۆ ئــەوەی قەناعەتیــان پێبهێنــن کە ئــەوان دەتوانن نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانیان بکەن و باشتر خزمەت بەو بەرژەوەندیانــە بکەن، دەکرێت پارتە موعارەزەکان ســوود لــە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەربگرن، بەڵام دەبێت زیاتر پشت بــە ئەندام و لایەنگرانیان ببەســتن بۆ ئەم ئەرکە.

*** لەوڵاتە گەشەگردوەکاندا ئەو کەسانەی ئەندامن لەپارتە سیاسیەکاندا ڕێژەی ٣٪ی دانیشتوانی وڵاتەکە پێکدەهێنن، لەکاتێکدا لەوڵاتە تازەگشــەکردوەکاندا دەگاتە ٦٠٪، ئەمەش سەردەکێشــێت بۆ ئــەوەی پارتە سیاســیەکان بــەرەو گەندەڵــی بچن، ئایا چۆن دەکرێت شــەفافیەت لە کاری پارتە سیاسیەکاندا بچەسپێنرێت؟**

- لەڕاســتیدا چەندیــن ڕێگــەی جیاواز گیراوەتەبەر کە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە،

ڕەنگــە بەکارهێنانـــی ڕاگەیانـــدن یەکێك بێت لەشێوازەکان، بەڵام بوونی ڕێکخراوە مەدەنیەکان کە پاشـــکۆی پارتە سیاســـیەکان نەبن، لەم ڕووەوە گرنگی خۆی هەیە کە هەڵدەســـتن بە فشارخستنەســـەر پارتـــەکان بۆ ئەوەی لەئاســـت بەرپرسیارێتیەکانی خۆیاندابـــن، لەهەمانکاتدا هاوڵاتیان دەتوانـــن ئەم ئەرکـــە ئەنجامبدەن و داواکاری و فشـــار بۆ ســـەر پارتە سیاسیەکان دروست بکەن.

*** یەکێـــك لەکارەکانی ڕاگەیاندنی ئازاد چاودێریکردنی دەسەڵاتە، بەڵام لەوڵاتانی جیهانی سێدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەر بەپارتە سیاسیەکانن، یاخود لەلایەن پارتە سیاســـیەکان و دەوڵەتەوە داراییان بۆ دابین دەکرێت، ئەمـــەش دەبێتەهۆی لەدەســـتدانی سەربەخۆییان، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین ڕاگەیاندنـــی ئازاد بنیات بنێی؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، بەدڵنیاییەوە ڕاگەیاندن لەوڵاتە دەوڵەمەندەکانیشـــدا ڕووبـــەڕووی دژواری دارایی دەبێتەوە، هەروەها من ناتوانم شێوازێکی دیاریکراو بۆ ئێوە دەستنیشـــان بکـــەم لەم ڕووەوە کە چۆن بتوانن ئـــەم کارە بکەن، بەڵام بەشـــێوەیەکی گشتی دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن جێی متمانـــەی هاوڵاتیان بن و خاوەنی میســـداقیەت بن بۆئەوەی خەڵکی لەڕێی کڕینی بەرهەمەکانیانەوە ببنە سەرچاوەی دارایی بۆیان.

*** لـــە زۆر وڵات پارتە سیاســـیەکان بەدەســـت ئاســـتێکی نزمی متمانەوە دەناڵێنن، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم، بەڵام ئەم حاڵەتە لەوڵاتە یەکگرتووەکانیشـــدا بەدی دەکرێت، کە بێ متمانەیی لەئاست پارتە سیاسیەکاندا لەئەمریکاشدا بوونی هەیە، هەروەها لەئاســـت حکومەتیشدا، ئەمە بۆتە بەشێك لەکولتووری سیاسی ئـــەم وڵاتـــە، بـــەڵام مـــەرج نییە، ئاماژە بێـــت بە ناکارایـــی پارت و حکومەتەکـــە. من پێموایە یاســـای هەڵبژاردنەکان لێـــرەدا ڕۆڵ دەبینن، بۆ نموونـــە ئایا پارتە سیاســـیەکان لەکاتـــی ســـەرنەکەوتنیاندا هەموو شتێك لەدەســـتدەدەن، یاخود دەتوانن بەپێی سەنگی خۆیان نوێنەرایەتیان هەبێت لەسیستمەکەدا. بەهەمان شێوە ئەمە پەیوەندی بەدەستووری وڵاتەکە و دامەزراوەکانی ئەو وڵاتەوە هەیە.

*** چۆن پارتە سیاسیەکان لەوڵاتانی جیهانی ســـێدا دەتوانن سەرکەوتوبن لەبنیاتنانی دیموکراسیدا؟**

- من پێموایە دەکرێت لەو هاوڵاتیانەوە دەست پێبکرێت کە ئامادەیی کارکردنیان تێدایە لەپارتە سیاسیەکاندا، هەروەها ئەو سەرکردانەش کە توانای ئەوەیان تێدایە پارتەکە بـــەرەو گەورەبوون و گەشـــەکردن ببەن، کـــە بەدڵنیاییەوە ئەمەش کاتی دەوێت.

**بێ متمانەیی لەئاست پارتە سیاسیەکاندا لەئەمریکاشدا بوونی هەیە، هەروەها لەئاست حکومەتیشدا، ئەمە بۆتە بەشێک لەکولتووری سیاسی ئەم وڵاتە، بەڵام مەرج نییە، ئاماژە بێت بە ناکارایی پارت و حکومەتەکە**







لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو هەوڵەکان بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی دابەش دەبێت بە دوو قۆناخ :
یەکەمیان: قۆناخی هۆشیاربوونەوەو هەستکردن بە دیاردەی گەندەڵی .
دووەم: قۆناخی تێپەڕاندی هۆشیاربوونەوەو وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ رووبەرووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی.

لە وڵاتی ئێمە دەکرێت بڵێین قۆناخی یەکەممان تێپەڕاندووەو ئێستا ئاستی هۆشیاری هەر تاکێك لەو ئاستەیە کە هەست بکات پەتایەك لە کۆمەڵگەی ئێمە هەیە و ناوی دیاردەی گەندەڵییەو پێویستە ئەو پەتایە چارەسەر بکرێت، کەواتە ئێمە لە قۆناخی تێپەڕاندنی قۆناخی یەکەمین و هەنگاو هەڵدەگرین بۆ قۆناخی وەرگرتنی ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێویستە بگرینەبەر بۆ رووبەرووبونەوەی دیاردەی گەندەڵی، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا میکانیزمی گونجاو بۆ رووبەرووبونەوەی گەندەڵی چۆن بگرینە بەر ؟ ئایا هۆکارەکانی گەندەڵی پەیوەستە بەیەك لایەنی حکومڕانی و لایەنەکانی دیکە فەرامۆش دەکرێت؟. ئایا گەندەڵی بە دامەزراندنی لیژنەیەك بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی چارەسەر دەکرێت، یان رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی پێویستی بە ریزبەندکردنی ئاسۆیی و ستوونی پێکهاتەکانی حکومڕانییەوە هەیە؟ لەم خاڵەدا جیاکردنەوەی

# شەفافییەت، هاندان، خۆپاراستن سیانەی کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی و دەسپێکی پیادەکردنی حکومڕانی باش

حکومڕانی لە حکومەت و پیشاندانی سنوری فراوانی حکومڕانی، دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە دیاردەی گەندەڵی پەیوەندی بە بازنەی فراوانی حکومڕانییەوە هەیە کە حکومەت پێکهاتەیەکی حکومڕانی وڵات پێکدەهێنێت. بۆیە ئەزموونی هەوڵەکان بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لە ئاستی دەوڵەتەکانی جیهان، ئەوەمان پێدەڵێن کە زۆر جار لەکاتی تێپەڕاندی قۆناخی هەستکردن بە دیاردەی گەندەڵی بۆ وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ شەڕی گەندەڵی بەرەو وەرگرتنی چەند هەنگاوێکمان دەبات:

١- دارشتنەوەی یاسایی، واتە هەموارکردنی یاسای پەیوەیست بە چۆنییەتی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی یان دەرکردنی یاسای پێویست بەو مەسەلەیە.

٢- گۆڕانکاری لە چۆنییەتی لێپرسینەوە لەگەڵ گەندەڵکاران و وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ چونییەتی بە دواداچوونی دیاردەی گەندەڵی.

٣- رێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداری بەشێوەیەك کە بوارەکانی گەندەڵی کەمبکاتەوە.

ئێمە لەم باسەدا جەختدەکەینە سەر ٣ فاکتەری گرنگ کە ئەوانیش بریتین لە ( شەفافییەت، خۆپاراستن، هاندانی دژە گەندەڵی ) ئەم ٣ هۆکارەش کە باسیان دەکەین دەبێت تایبەتمەندییەکانی وڵات لەبەر چاوگیرابن و نەك هەوڵێك بێت بۆ لاسایکردنەوەی ئەو ڕێوشوێنانەی کە وڵاتێکی دیکە بۆ بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی پیادەی کردووە، بەڵام وەك ٣خاڵ یان ٣ هێڵی گشتی ئەم ٣ لایەنە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین و بەهاوسەنگی بایەخیان پێبدەین و لە چوارچێوەی تایبەتمەندی وڵاتی خۆمان سەیری بکەین، دەبینین ئاکامەکانی دەبێتە هۆکاری کۆنترۆڵکردنی دیاردەی گەندەڵی و حکومڕانی باش، بۆیە گەندەڵیش بە حکومڕانی باشەوە گرێدەدینەوە لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی حکومڕانی باش پێوەندییەکی نزیکی بە پێکهاتەکانی دیکەی حکومڕانییەوە هەیە وەك ( سەروەریی یاسا، لێپرسینەوە، دەنگەکانی دژی گەندەڵی، شەفافییەت) ئەمە بێجگە لە دەستنیشانکردنی جۆری گەندەڵییەکە و چاودێری پێویست بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵییەکە.

ئەمانە هەمووی پێکەوە دەبنە ئەو خاڵانەی کە دەچنە ناو ئەو هاوکێشەی کە پێکەوە لە پرۆسەی دژە گەندەڵیدا کاردەکەن، پێکەوە دەمانگەیەنە ئەو ئاکامەی کە کۆمەڵگە دڵی پێی خۆش دەبێت و دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بەشداری و هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی بەسەر ئەو پەتایەدا زاڵ بن.

بەڵام لە بواری پراکتیکدا ئەو ٣ لایەنەی ئاماژەمان پێکردن وەك کلیل بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی ( شەفافییەت، خۆپاراستن، هاندان) ئەو ئاکامە بە دەست ناهێنن کە چاوەڕێی دەکەین ئەگەر دامەزراوەکانی دەوڵەت لاواز بن، بۆیە کاتێك ئەم سێ لایەنە گشتییە لەو دەوڵەتانە پیادە دەکرێت کە ئاستی دامەزراوەکانیان لاوازە، دەبینین هەندێك رێنمایمان پێدەدات، کە رێنماییەکان لەبری ئەوەی بەرەو چارەسەری کێشەکەمان بەرێت بەرەو هەڵەکردنمان دەبات، هۆشداریمان بەم لایەنە گرنگە لەو مەترسییە ئاگادارمان دەکاتەوە، کە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی بەپەیوەندی بە تەواوی پێکهاتەکانی حکومڕانییەوە هەیە، بەتەنها ئەرکی لایەك نییە، یان بە تەنها بەحکومەت چارەسەر ناکرێت، لەمەش هەستیارتر ئەوەیە حکومەت بخرێتە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی یەکلایەنە بەم کارە هەڵبستێت و هەموو لایەنەکان، بەتایبەتی ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵگەی مەدەنی حکومەت بە دیاردەی گەندەڵی تاوانبار بکات و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکە فەرامۆش بکرێت، بۆیە ناکرێت یەك لایەن ئەوجا با ئەو لایەنەش حکومەت بێت بەتەنها لەسەرەوە بۆ خوارەوە بخرێتە ژێرگوشاری ئەوەی دەبێت دیاردەی گەندەڵی چارەسەر بکات.

ئەگەر سەرنج لەو ٣ خاڵە بدەین کە وەك دەروازە کردوومانە بە تایتڵی ئەم بابەتە دەبین هەر٣ خاڵەکە ئاماژە بە ٣ لایەنی جیاواز دەکەن، راستە هەر ٣ خاڵەکە لە لایەکەوە پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە، بەڵام پەیوەندی بەلایەنەکانی دیکەشەوە هەیە، هەر بۆ نموونە کە باسی شەفافییەت دەکەین، راستە شەفافییەت بۆ حکومەت گرنگە و حکومەت دەبێت مۆنۆپۆڵی زانیاری کۆتایی پێبهێنێت، بەڵام شەفافییەت تەنها داوایەك نییە لەسەر حکومەت و بەس بەڵکو لایەنێکی دیکەی گرنگیش دەگرێتەوە کە ئەویش بازاڕی تایبەت و دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی یاسادانانیش دەگرێتەوە، کەواتە شەفافییەت دەرگایەك بەرووی میدیای ئازاد دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی

**جیاکردنەوەی حکومڕانی لە حکومەت و پیشاندانی سنووری فراوانی حکومڕانی، دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە دیاردەی گەندەڵی پەیوەندی بە بازنەی فراوانی حکومڕانییەوە هەیە کە حکومەت پێکهاتەیەکی حکومڕانی وڵات پێکدەهێنێت**

گەندەڵی بکەوێت و لایەنە پەیوەندارەکانی ئەو گەندەڵییە ئاشـــکرا بکات، هەروەها کەباسی خۆ پاراســتن لە دیاردەی گەندەڵی دەکەین، مەسەلەکە تەنها گرتنەبەری هەندێك ڕێوشوێن نییە لە ناو دامەزراوەکانی حکومەت بگیرێنە بەر و تەواو، بەڵکو خۆپاراستن لە دیاردەی گەندەڵی واتە گۆڕینی کلتوری گەندەڵی بۆ گۆڕینی کلتوری دژە گەندەڵی . گۆڕینی ئەو گووتە باوەی کە دەڵێت: ( گەندەڵی تاوان نییە و هەموو کەس لە گەندەڵی سوودمەندبووەو کەس نەبۆتە قوربانی دیاردەی گەندەڵی ))، دەبێت هۆشیاری کۆمەڵگە بگاتە ئەو ئاستەی ئەم دیاردەیە پێچەوانەوەبکاتەوە بەوەی (( گەندەڵی تاوانە، هیچ کەس لە دیاردەی گەندەڵی سوودمەند نەبووە بە کەسە گەندەڵکارەکەشەوە هەموومان قوربانی دیاردەی گەندەڵین )) ئەم ئەرکە ئەرکی حکومەت نییە بەڵکو ئەرکی ڕۆشنبیران و نوسەران و ڕۆژنامەنووسان و چالاکگەرانی کۆمەڵگەی مەدەنییە،بۆ ئەوەی دیاردەی گەندەڵی بکەنە دیاردەیەك وەك تاوان سەیر بکرێت، بکرێتە دیاردەیەك وەك دیاردەیەکی بێ ئەخلاقی ( Misbehaviours ) سەیر بکرێت،کە گەیشتە ئەو ئاستەی وەك دیاردەیەکی بێ ئەخلاقی سەیر بکرێت، ئەوا پابەندبوونی ئەخلاقی دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕێوشوینی پێویست بۆ وەرگرتنی دیاردەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی تەنها بریتی بێت لەکاری لیژنەیەك و دیاردەکە وەك تۆمەت سەیر بکرێت نەك تاوان، ئەوا وەك زۆربەی دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست دیاردەکە دەبێتە دیاردەیەکی ئاسایی و هیچ لێپرسینەوەی ویژدانی و ئەخلاقی لەگەڵ ناکرێت.

**کەباسی خۆ پاراستن لە دیاردەی گەندەڵی دەکەین، مەسەلەکە تەنها گرتنەبەری هەندێك ڕێوشوێن نییە لە ناو دامەزراوەکانی حکومەت بگیرێنە بەر و تەواو، بەڵکو خۆپاراستن لە دیاردەی گەندەڵی واتە گۆڕینی کلتوری گەندەڵی بۆ گۆڕینی کلتوری دژە گەندەڵی**

## ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی پەیوەندی بە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە نییە

ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت کە دیاردەی گەندەڵی یەکێکە لە سیماکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، کەواتە دەبێت بەو واقیعەش ڕازی بین واز لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بهێنین هەتا کۆمەڵگاکەمان پێشدەکەوێت، بۆیە لەسەرەتاوە ئەو قسەیە ڕەتدەکەینەوە کە دەڵێت: بۆیە دیاردەی گەندەڵی بوونی هەیە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەکەمان دواکەوتووە)، ئەزموونی هەوڵەکانی دژە گەندەڵی لەسەرتاسەری جیهان ئەو ڕاستییەمان دەخەنە بەردەست کە هەوڵەکانی دژە گەندەڵی لە زۆر ناوچەی جیای جیهان ئاکامی ئیجابی بەدەستهێناوە لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتەکانیشیان لەسەر ئاستی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو لەقەڵەم دەدرێت، هەر بۆنموونە لە نێو دەوڵەتانی ئەوروپای ناوەراست نموونەی چەندین دەوڵەتمان هەیە کە ئاکامی باشیان لە بواری کۆنتڕۆڵکردنی گەندەڵی بەدەستهێناوە وەك( لیتوانیا، سلۆ فاکیا، کۆماری چیك، بولگاریا، پۆڵەندا تا ئاستێکی باش)) لە دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتینی ((چیلی و کۆستاریکا)) دوونموونەی زۆر باشن، لە دەوڵەتانی ئەفریقیا بتسوانا نمونەیەکی سەرکەوتووە، لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەبینین لە سەنگافورا و کۆریای باشور ئاستی کەمبوونەوەی گەندەڵی زۆر باش پێشکەوتووە، بەڵام لە ئەندەنووسیا و چین هێشتا لەو پەری بەرزیدایە، ئەم جیاوازییانە بەرەو دەستنیشانکردنی چەند خاڵێکمان دەبات:

١- توانای دەوڵەت لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەتێکی شەفاف ئاکامی بەرزبوونەوەی لە داهاتی تاکەکەس بەدەستهێناوە، داهاتی نیشتمانی زیاتر بووە.

٢- داهاتی بەرزی تاکەس و پەرەپێدانی بەردەوام، ئاستی مامناوەندی تەمەنی تاکەکانی بەرزکردۆتەوە.

٣- لە وڵاتێکدا شەفافییەت کاری پێبکرێت، سەروەری یاسا پیادەدەکرێت و هەموو لایەك پێوەی پابەند دەبن، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆ و کاریگەر دەبن و میدیای ئازاد بە شێوەیەکی کاریگەر بوونی دەبێت.

٤- ئەمانە هەمووی پێکەوە پێمان دەڵێن، کاری یەکەمی حکومەتی شەفاف ئەوەنییە بە تەواوەتی دەوڵەت بەرەو دەوڵەتی هاوچەرخ و دەوڵەمەند ببات، بەڵکو زەمینەی هەنگاو هەڵگرتن بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ و دەوڵەمەند خۆش دەکات.

## حکومڕانی و شەفافییەت

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد حکومڕانی بەتەنها دیاردەی گەندەڵی ناگرێتەوە، واتە بۆ نموونە ناتوانین بە کۆماری چیلی بڵێین خاوەنی حکومڕانییەکی باشە تەنها لەبەر ئەوەی دیاردەی گەندەڵی تیایدا لە پیرۆ کەمترە، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە چیلی دیکتاتۆرێکی وەك بینۆشی حکومڕانی بووە،کەواتە گەندەڵی یەکێکە لەو توخمانەی پەیوەندی بە حکومڕانییەوە هەیە، شەفافییەت دەبێتە هۆکاری ئەوەی حکومڕانی بتوانێت ئەم کارانە بکات:

١- ڕێزگرتن لە دەنگەکانی دژە گەندەڵی و لێپرسینەوەی حکومەت لەو گەندەڵیانەی دەنگی لەسەر بەرزدەبێتەوە یان لە میدیاکاندا دەوروژێن، ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی حکومەت خۆی لەبەرامبەر هاوڵاتییانی بە بەرپرسیار بزانێت.

٢- شەفافییەت هۆکارێکە بۆ سەقامگیری و دوورکەتنەوە لە توندوتیژی.

٣- کارگەری چالاکییەکانی حکومەت، ئەمەش خۆی لەو بەرنامەیە بەرجەستە دەکات، کە حکومەت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی پێشکەشی دەکات.

٤- سەروەری یاسا هۆکارێکی گرنگە بۆ دەرکەوتنی کاریگەری شەفافییەت لە کۆمەڵگە، ئەویش بەرێگەی پاراستنی مافی موڵکداریەتی تایبەتی و پارستنی ئازادییەکان .

٥- کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی، شەفافییەت سەرەکیترین هۆکارە بۆ دیاریکردن و سنوردارکردنی دیاردەی گەندەڵی، بەڵام ئەم حاڵەتە کاریگەری نابێت، ئەگەر ئەم خاڵە لەگەڵ خاڵەکانی دیکەی پەیوەندار بە حکومڕانییەوە کارلێك( تفاعل) نەکەن.

## ترافیک لایتی دەوڵەت
## لە گەندەڵییەوە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی

بانکی نێودەوڵەتی بۆ پۆلێنکردنی دەوڵەتانی جیهان بۆ ئاستی گەندەڵی، شێوازێك بەکاردەهێنێت، کەپێی دەگوترێت بەکارهێنانی ترافیك لایت بۆ پۆلێنکردنی دەوڵەتەکان بە پێی ئاستی بەرزی ڕێژەی گەندەڵی، لەم چوارچێوەیەدا، دەوڵەتان بەسەر هەر سێ ڕەنگی ( سور، زەرد، سەوز) دابەش دەکات:

١- ئەو دەوڵەتانە دەکەونە ناو تیشکە سورەکە، ئەمە ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە دەکەونە خوار ئاستی گەندەڵییەوە، واتە بەڕادەیەك ئاستی گەندەڵی تیاندا بەرزە، کە گەیشتۆتە ئەو حاڵەتەی بە مەترسی لە قەڵەم بدرێت، ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی لەسەر ئاستی جیهان ئەم تیشکە سورە دایاندەپۆشێت ٣٠-٤٠ دەوڵەتن.

٢- ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە ناو تیشکە زەردەکە دوو بەشن:

* ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە ناو تیشکی زەردی تۆخەوە واتە ئەم حکومەتانە خاوەنی حکومەتێکی لیکترازاو لاوازن و

لەمەترسیدان.

* ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە ناو تیشکی زەردی کاڵەوە، واتە ئەم لەم دەوڵەتانە راستە حکومەت و دامەزراوەکان لاوازن، بەڵام هەوڵەکان بە ئاراستەی ئەوەن حکومەت و دەمەزراوەکان بەهێز بکرێن.

٣- ئەو دەوڵەتانی دەکەونە ناو تیشکی سەوزەوە، ئەمانە ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە، واتە لەم دەوڵەتان حکومەت و دامەزراوەکانی بەهێزن و توانای پیادەکرنی حکومڕانی باشیان هەیەو لەژێر مەترسیدا نین.

## دەوڵەتانی ئەوروپا و چۆنییەتی رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی

لە دەوڵەتانی ئەورپای ناوەراست و رۆژهەڵات، گەندەڵی بۆتە ئەو وشە باوەی ژیانی رۆژانەی خەڵك. میدیا و ئۆپۆزسیۆن بەجۆرێك ئەم دیاردەیان زەقکردۆتەوە وەك ئەوەی هیچ ئومێدێك بۆ دیاردەی کەمکردنەوەی گەندەڵی لەو وڵاتانە بوونی نەبێت، ئەم هەستکردنە بەدیاردەی گەندەڵی کە بەشێکە لەبەرنجامی گەشەکردنی میدیای ئازاد لە ناوەراست و رۆژهەڵاتی ئەوروپا، وەك قۆناخی یەکەم کارێکی زۆرباشیان ئەنجامداوە کە ئاستی هۆشیاری خەڵکیان بەرزکردۆتەوە بەوەی هەستی بە مەترسی ئەم دیاردەیە بکەین، بەڵام ئەوەی بۆتە جێگەی نیگەرانی ئەوەیە، کەهاوکات لەگەڵ هەنگاو هەڵگرتنی دەوڵەت بۆ تێپەڕاندنی قۆناخی هەستکردن بە مەترسی گەندەڵی و وەرگرتنی رێوشوێنی پێویست بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی گەندەڵی، میدیا و ئۆپۆزسیۆن هاوشانی ئەم وەرچەرخانە هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەگرتووە، بۆیە کاتێك لە روانگەی میدیا و ئۆپۆزسیۆنەوە هەڵسەنگاند بۆ هەوڵەکانی دژە گەندەڵی لە دەوڵەتانی ناوەراست و رۆژهەڵاتی ئەوروپا دەکەین، دەبینین هیچ چیرۆکێکی سەرکەوتنی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لە ئارادانییە، بەڵام راپۆرتی رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان و ئاژانسەکانی UNکۆمەڵێك تۆماری سەرکەوتن پیشاندەدەن، هەر بۆنموونە:

* راپۆرتی UNDP کە لە ساڵی ٢٠٠٢ لەسەر ئاستی گەندەڵی لەدەوڵەتانی رۆژهەڵات و ناوەراستی ئەوروپا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەدەکات باردۆخەکە بەوشێوەیە نییە کە میدیاکان پیشانی دەدەن بەوەی هیچ چیرۆکێکی سەرکەوتن نییە، بەڵکو کۆمەڵێك هەوڵی سەرکەتوو دراون و ئاکامی بەرچاویشیان هەبووە.

* کۆنگرەکانی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی لە ئەستەنبوڵ، پاریس، ڤیلینیوس، کافتات گرێدراون ئاماژە بەوەدەکەن، کە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەو یەکێتی و رێکخراوە پیشەییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەست بە هەوڵەکانی بنبرکردنی گەندەڵی دەکەن، بۆیە لەرەخنەی روخێنەر دوورکەوتوونەتەوەو هەوڵەکانی خۆیان چرکردۆتەوەو خۆیان بە هاوپەیمانی ئەو هەوڵانە لەقەڵەمدەدەن کە بۆ بنبرکردنی گەندەڵی خراونەتە گەڕ.

* بەرنامەی دژە گەندەڵی پۆڵەندا و پرۆسەی نەزاهەی گشتی رۆمانیا دووچیرۆکی سەرکەوتوون، ئەم دوو هەوڵە لەبەر ئەوەی ئاکامی باشی هەبووە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پشتگیری لێکراوە، وەك :

١- لیژنەی ئەندامیەتی یەکێتی ئەوریا.
٢- رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی.
٣- پاکتی سەقامگیری لە ئەورویا.
٤- تۆری دژە گەندەڵی بۆ ئابوورییەکانی دژە گەندەڵی.

نموونە باشەکان

هەندێك لە دەوڵەتانی ناوەراست و رۆژهەڵاتی ئەورویا دەکرێت وەك نموونەی باش بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی ئاماژەیان پێبکرێت لەوانە:

* کرواتیا، جۆرجیا، لیتوانیا،سلۆڤاکیا

چاودێرانی دژە گەندەڵی سەبارەت بە هەوڵەکانی ئەم وڵاتانە دەڵێن،ستراتیژی ئەم وڵاتانە بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی بۆیە گرنگە و ئاکامی باشی بەدەستهێناوە، لەبەر ئەوەی دەست بە جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە کراوە، با هەنگاوەکانیشیان لەسەر خۆبن، بەڵام ئاکامی باشی بەدەستهێناوە.

* لە سلۆڤاکیا بە هۆی دەستپێشخەرییەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بڕیار لەسەر ئازادی وەرگرتنی زانیاری درا و ئەم بڕیارە بوو بەیاسا ئەم یاسایە لە ساڵی ٢٠٠١ کەوتە بواری جێبەجێکردن و کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە، هەروەها ئەم یاسایە پیشانی دەدات،کە چۆن گوشارەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوونە هۆکاری دەرکردنی یاسایەك کە هەم بووە هۆکاری پیادەکرنی شەفافییەت و کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی.

* لە پۆڵەنداش بەهۆی گوشارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پشتگیری لیژنەی بەئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا، بووە هۆکاری ئەوەی هەمان یاسای ئازادکردنی زانیاری دەربچێت، بەڵام ئەو کاریگەرییەی کە لە سلۆڤاکیا هەیبوو، لە پۆڵەندا نەیبوو، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە پۆڵەندا یاسایەکی دیکە هەیە کەپێی دەگوترێت یاسای پاراستنی زانیاری کەسێتی .

## هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ رووبەڕووبونەوەی دیاردەی گەندەڵی

لە هەرێمی کوردستانیش کە خەریکە وەك دەوڵەتانی رۆژهەڵات و ناوەراستی ئەورویا بەکارهێنانی وشەی گەندەڵی دەبێتە یەکێك لە وشەکانی نێو ژیانی رۆژانەی خەڵك لەسەر ئاستی میدیا و ئۆپۆزسیۆن بە جۆرێك باسی لێوە دەکرێت کە هیچ هەوڵێك پێشتر لە ئارادا نەبووە، میدیا و ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئەوەی توانیان رۆڵیان هەبێت لەو قۆناخەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد و پێی دەگوترێت قۆناخی هەستکردن بە دیاردەی گەندەڵی، بەڵام هاوکات لەگەڵ تێپەڕاندی ئەو قۆناخە میدیا و ئۆپۆزسیۆن هیچ پێشکەوتنێکیان بەسەردا نەهاتووە و هەربۆنموونە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی لە قۆناخی هەستکردن بە دیاردەی گەندەڵی هەنگاوی هەڵگرت بۆ قۆناخی وەرگرتنی رێوشوێنی پێویست بۆ رووبەرووبونەوەی گەندەڵی بەتایبەتی بانگهێشت کردنی کۆمپانیایەکی بەناوبانگی ئەمەریکی بۆ رێخستنەوەی هەیکەلی دامەزراوەیی، میدیا و ئۆپۆزسیۆن دەبوو هەوڵەکانی خۆیان چڕبکەنەوە بۆ هاندانی ئەم هەنگاوە، بەداخەوە هەوڵەکانیان بەگەڕخست بۆ پەکخستنی ئەم هەنگاوە.

٢- بۆیەکەمین جار لە مێژووی حکومڕانی کوردستاندا، کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی دادوەری کوردستانی لە وەزارەتی دادی جیاکردەوە، بووە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ، بەڵام بەداخەوە میدیا و ئۆپۆزسیۆن زۆر بەئاشکرا نەك هەر پشتگیریان لێنەکرد، بەڵکو بوونە هۆکارێك بۆ بێ بایەخ کردنی ئەو هەنگاوە گرنگە کە ئەم هەنگاوە سەرەکیترین هەنگاوە بۆ رووبەرووبونەوەی گەندەڵی.

لەسەر ئاستی بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەس و بەرزبونەوەی ئاستی بژێوی خەڵك، میدیا و ئۆپۆزسیۆن رووبەکی زۆر پێچەوانەی واقیعەکە پیشانی خەڵك دەدەن، ئەمە نەك خزمەتی باردۆخەکە ناکات بەڵکو بێ متمانەیەکی گەورەی بڵاوکردۆتەوە.

**کاری یەکەمی حکومەتی شەفاف ئەوەنییە بە تەواوەتی دەوڵەت بەرەو دەوڵەتی هاوچەرخ و دەوڵەمەند ببات، بەڵکو زەمینەی هەنگاو هەڵگرتن بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ و دەوڵەمەند خۆش دەکات**

**میدیا و ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئەوەی توانیان رۆڵیان هەبێت لەو قۆناخەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد و پێی دەگوترێت قۆناخی هەستکردن بە دیاردەی گەندەڵی، بەڵام هاوکات لەگەڵ تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە میدیا و ئۆپۆزسیۆن هیچ پێشکەوتنێکیان بەسەردا نەهاتووە**

**خاتوو سوسن ئەكیرمان یەكێكە لەئەندامانی ڕێكخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی و یەكێكە لەو پسپۆرانەی بەشداری لەنووسینەوەی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێكخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی دەكات، بۆ پۆلێنكردنی دەوڵەتانی جیهان لەسەر ئاستی گەندەڵی، خاتوو سوسەن خاوەنی كتێبی (حكومەت و گەندەڵی یە) كە ئاێستا ئەم كتێبە بۆ زیاتر لەدەیان زمانی جیهانی وەرگێردراوە، بۆ قسەكردن سەبارەت بەچۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و كاریگەری پێكهێنانی دەستەی نەزاهە، پرۆفیسۆر سوسن ئەكیرمان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## سوسن ئەكیرمان ئەندامی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# نابێت ستراتیژیەتی دەستەی نەزاهە تەنها لەئاشكراكردنی گەندەڵكارەكاندا كورت بێتەوە، دەبێت ڕاسپاردەی پێویست بخاتەڕوو بۆ ئەنجامدانی چاكسازی و گۆڕانكاری

*** گەندەڵی یەكێكە لەمەترسیدارترین ئەو پەتایانەی كە بەشێوەیەكی بەربڵاو لەو وڵاتانەدا لە ئارادایە كە بەقۆناخی ئینتیقالیدا تێدەپەڕن، پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی گەندەڵی زیاتر لەم قۆناخەدا تەشەنە دەكات؟**

- لەقۆناخی ئینتقالیدا دامەزراوەكان لاوازن، هەروەها دامەزراوەی نوێ و كەم ئەزموون لەئارادان، لەلایەكی دیكەوە سروشتی قۆناخی ئینتیقالی ئەوەیە سەرچاوەیەكی دارایی زۆر لەلایەن لایەنە دەرەكیەكانەوە دابین دەكرێت بەتایبەتی ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان كە بەهۆی لاوازی و كەم ئەزموونی دامەزراوەكانەوە دەرفەت بۆ ئەو كەسانە دروستدەبێت ئەوانەی پابەندنین بەئیلیتزاماتە ئەخلاقیەكانەوە بۆئەوەی ئەم سەرچاوانە بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆیان بەكاربهێنن یاخود بەشێوەیەك بەكاری بهێنن كە نەگونجێت لەگەڵ ئەو ئامانجانەی بۆی دیاریكراوە.

*** لەقۆناخی ئینتیقالیدا زیاتر پارتە سیاسیەكان و سەركردەكانیان ڕووبەڕووی تۆمەتی گەندەڵی دەبنەوە، پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی پارتە سیاسیەكان لەم قۆناخەدا هەستیارەدا دەبنە هۆكارێك بۆ گەندەڵی؟**

- ئەمە كێشەیەكی قورسە، مەبەستم لەچۆنیەتی دابینكردنی داراییە بۆ پارتە سیاسیەكان بۆ ئەوەی بتوانن هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن و ململانێ لەگەڵ یەكدا بكەن، بەو پێیە دەبێت چاودێری و كۆنترۆڵ هەبێت لەسەر بەدەستهێنان و بەكارهێنانی ئەم سەرچاوانەوە بەچەشنێك دەرفەتی پەنابردنەبەر گەندەڵی دروست نەبێت.

*** ئەولەویەتی خەڵك بەگژداچونەوەی گەندەڵییە، واتە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی خزمەت بەبەرژەوەندیەكانی هەموو لایەك دەكات، ئایا خاڵی سەرەتا چییە بۆئەوەی هەنگاو بۆ شەڕكردن لەگەڵ گەندەڵیدا هەڵبگیرێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە دەوەستێتەسەر بارودۆخی تایبەتی ئەو كۆمەڵگە و وڵاتەی لەبارەیەوە دەدوێین. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد دەبێت ئەو ڕێكخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتیانەی هەڵدەستن بەدابینكردنی كۆمەك و دارایی بۆ وڵاتێكی دیاریكراو دەبێت بەدواداچوون بكەن بۆ چۆنیەتی خەرجكردن و بەكارهێنانی ئەو یارمەتیانە، لە هەمان كاتدا دەبێت لە ناوخۆی وڵاتەكەشدا میكانیزمەكانی لێپرسینەوە و لێپێچینەوە جێگیربكرێت بۆ كۆنترۆڵكردن و بەدواداچوون و چاودێری كردنی چۆنیەتی بەكارهێنانی ئەو پارە و داراییەی خەرج دەكرێت.

*** یەكێك لە دامەزراوەكانی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی دەستی نەزاهەیە، چۆن ئەم دەستەیە پێكبهێنرێت و دەبێت چۆن كاربكات؟**

- نابێت ستراتیژیەتی دەستەی نەزاهە تەنها لەئاشكراكردنی كەسە گەندەڵكارەكاندا كورت بێتەوە، بەڵكو دەبێت پێشنیار و ڕاسپاردەی پێویست بخاتەڕوو بۆ باشتركردن و ئەنجامدانی چاكسازی و گۆڕانكاری لەچۆنیەتی ئەداكردن و بەڕێوەبردنی كاروبارەكان لەلایەن حكومەتەوە، لەهەمانكاتدا دەبێت حكومەتیش ئەم ڕاسپاردانە بەجیددی وەربگرێت و كاریان لەسەر بكات و پیادەیان بكات.

*** دەستەی نەزاهە لەلایەن پەرلەمانەوە پێكدەهێنرێت، ڕەنگە ئەمەش ببێتەهۆی ئەوەی حكومەت كەمتر خۆی**

**بەبەرپرسیار بزانێت لە ئاست ئەم دەستەیەدا، دەبێت چی بکرێت بۆئەوەی حکومەت ناچار بێت وەڵامی ئەم دەستەیە بداتەوە؟**

- گرنگە ئەوەیە حکومەت بەدەستهێنانی و پاراستنی بەرزترین ئاستی نەزاهە بەبەرژەوەندی خۆی بزانێت و لەم ڕووەوە کاری پێویست ئەنجام بدات، لەلایەکی دیکەوە دەبێت دەستەی نەزاهە دەستەیەکی سیاسی نەبێت، بەڵکو دەستەیەکی بێلایەن بێت، ئەگەرچی لەبەردەم پەرلەمانیشدا بەرپرسیاربێت. هەروەها پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبێت پێشنیاری پێویست بۆ چۆنیەتی کەمکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی پێشکەش بکات، لەبوارەکانی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانەکاندا، لەبواری وردبینیکردن و چاکسازی ئیداری و داراییدا.

*** یەکێك لە ڕێگاکانی کەمکردنەوەی گەندەڵی ئەوەیە پاڵنەرەکانی گەندەڵی بگۆڕین بۆ پاڵنەردانی دژایەتیکردنی گەندەڵی چۆن دەکرێت ئەم کارە بکەین؟**

- دەکرێت لەڕێی جێگیرکردنی میکانیزمەکانی ئاشکراکردن و چەسپاندنی شەفافیەت دەربارەی چۆنیەتی دەرکردنی بڕیارەکانی پەیوەست بەپێدانی مۆڵەت، بە سەپاندنی باج و پێدانی گرێبەست و بەڵێندارییەتیەوە لەلایەن کاربەدەستانی ئەم بوارەوە، کار بۆ دروستکردنی پاڵنەر و هۆکارەکانی کەمکردنەوەی گەندەڵی بکرێت، لە هەمان کاتدا دەکرێت کار بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری چاکسازی و بەرپرسیارێتی بکرێت لە ڕێی دروستکردنی پاڵنەری پێویست بۆ هاوڵاتیان بۆ ئاشکراکردنی ئەو حاڵەتی گەندەڵیانەی زانیاریان هەیە لە بارەیانەوە و گەیاندنی ئەم زانیاریانە بە دەستەی نەزاهە و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

*** لایەنێکی مەترسیداری دیکە ئەوەیە گەندەڵی دەبێتەهۆی نەمانی متمانە بە دامەزراوەکانی حکومەت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم بێ متمانەیە کەم بکەینەوە و دووبارە متمانە بۆ دامەزراوەکان بگەڕێنینەوە؟**

- تەنها پەردەلادان و ئاشکراکردنی گەندەڵی بەس نییە، تەنها باسکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاریی دەربارەی گەندەڵی بەس نییە، بەڵکو دەبێت لەکاتی ئاشکراکردنیدا دوو هەنگاو هەڵبگیرێت، یەکەمیان چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتە و سزادانی لایەن و کەسە بەرپرسەکان، واتە دەبێت ئیجرائاتی پێویست لەم



سوسن ئەکیرمان

ڕووەوە بگیرێتەبەر، دووەم دەبێت ئەمە ببێتەهۆی ئەنجامدانی چاکسازی پێویست بۆ ڕێگەگرتن و کەمکردنەوەی دەرفەت لە بەردەم دووبارەبوونەوەیدا، بەچەشنێك خەڵك هەست بە کاریگەری و ئاسەوارەکانی بکەن، بۆ نموونە خەڵکی چیتر ناچار نەبن پەنا بۆ بەرتیلدان ببەن بۆ ئەوی مۆڵەتی کردنەوەی پرۆژەیەکی بەدەستبهێنن.

*** هەندێ لەڕاوێژکارانی بانکی نێودەوڵەتی لەناوبردنی گەندەڵی بەکلیلی سیحری پێشکەوتن دەزانن، ئایا نهێنی ئەم کاریگەریە گەورەیەی لەناوبردنی گەندەڵی چییە؟**

- من لەو باوەڕەدانیم هیچ چارەسەرێکی سیحری لەئارادابێت، چونکە زۆرجار گەندەڵی تەنها نیشانەیەکە بۆ کێشەیەکی قوڵتر و گەورەتر، بەوپێیە ناکرێت تەنها لەڕێی ئیجرائاتی یاساییەوە چارەسەر بکرێت، ئەگەرچی ئەمە ئیجرائاتێکی پێویستیشە، بەڵکو دەبێت لەهەمانکاتدا ئەم هەنگاوە هاوشان بێت بەئەنجامدانی چاکسازی و گۆڕانکاری پێویست بۆ کەمکردنەوە و ڕێگەگرتن لە پەنابردنەبەر گەندەڵی.

**لەو باوەڕەدانیم هیچ چارەسەرێکی سیحری لەئارادابێت، چونکە زۆرجار گەندەڵی تەنها نیشانەیەکە بۆ کێشەیەکی قوڵتر و گەورەتر**

*** ئایا باشترین نموونەی سەرکەوتنی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەوڵاتانی تازەگەشەکردوودا چییە، ئایا هۆکاری سەرکەوتنەکەی چی بوو، ئایا دەکرێت وڵاتانی دیکە سوود لەو ئەزموونە وەربگرن؟**

- دەکرێت ئاماژە بەئەزموونی هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە بکەین، کە تا ڕاددەیەکی بەرچاو سەرکەوتوبوون لەکەمکردنەوەی گەندەڵیدا، بەهەمان شێوە لەوڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە لە قۆناخی ئینتیقالیدا ئاستێکی بەرزی گەندەڵی هەبوو تێیاندا، بەڵام دواتر توانیان سەرکەوتوبن لە کەمکردنەوەیدا، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە ئێستاش گەندەڵی لەو وڵاتانەدا بوونی هەیە، بەڵام سەرکەوتوبوون لە هێنانەدی دیموکراسی و ئەو دامەزراوانەدا کە تا ڕاددەیەك سەقامگیر و بەهێز بوون.

**دەکرێت ئاماژە بەئەزموونی هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە بکەین، کە تا ڕاددەیەکی بەرچاو سەرکەوتوبوون لەکەمکردنەوەی گەندەڵیدا**

*** دوا وتەت چییە؟**

من دەزانم کوردستان وەك هەرێمێك لەچوارچێوەی عێراقدا هەوڵی بنیاتنانی دامەزراوە سیاسیی و ئابووریە سەقامگیرەکان دەدات، کە بەدڵنیاییەوە نوخبەی سیاسیەکەی کوردستان دەبێت ئەم مەسەلانەی لەبەرچاوبێت لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا بۆ خولقاندنی شەرعیەت و مسیداقیەت بۆ هەرێمەکەیان وەك بەشێکی وڵاتەکە کە هەست بەبەرپرسیارێتی دەکات.

**پرۆفیسۆر لیڤی لیتاڤی ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ناوەڕاستی ئەوروپا (CEU) و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر هەڵبژاردن و ئاکاری دەنگدەران، هەروەها پسپۆرە لەسەر ئەو هۆکارانەی کەدەبنە گۆڕینی ئاراستەی دەنگدەر لەکاتی هەڵبژاردندا، کە ئەویش گەندەڵییە، بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەری ئەم دیاردەیە پرۆفیسۆر لیتاڤی دیاردە گەندەڵی وڵاتی بولگاریا ئاماژە پێدەکات، ئەمەش دەقی ئاخاوتنەکەی پرۆفیسۆر لیڤی یە بۆ گوڵان.**

## لیڤی لیتاڤی بۆ گوڵان:

# دەستەی نەزاهە سەرکەوتوو دەبێت ئەگەرهاتوو بەتەواوەتی سەربەخۆ و بێلایەن بێت

> من لەهەنگاریا دەژیم، زۆرجار پەنابردنەبەر بەرتیلم بینیوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە کە بەپیاوانی پۆلیس، یان هەر کارمەند و کاربەدەستێکی دیکە داوە بۆئەوەی خۆیان ڕزگاربکەن لەڕۆتین و ئیجرائاتە بیرۆکراتیە دوورودرێژ و قورسەکان

*** کە باسی قۆناخی ئینتقاڵی دەکەین، گەندەڵی دیاردەیەکی ترسناکە، بۆچی گەندەڵی بۆتە دیاردەیەك بۆ قۆناخی ئینتیقالی؟**

- لەڕاستیدا هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم قۆناخەدا دەرفەتگەلێکی زیاتر لەئارادایە بۆئەوەی گەندەڵی ڕوبدات، زۆرجار بەهۆی باڵادەستی بەرژەوەندیە شەخسییەکانەوە بەرهەڵستی لەهەوڵەکانی بنیاتنانی ئەو دامەزراوانە دەکرێت کە دەرفەتەکانی گەندەڵی کەم دەکەنەوە.

*** تاچەند لەم قۆناخەدا بەرپرسیاریەتی گەندەڵی دەکەوێتە سەرشانی پارتە سیاسیەکان؟**

- هۆکاری ئەوەی زیاتر تەرکیز لەسەر پارتە سیاسییەکان دەکرێت ئەوەیە لەقۆناخی ئینتیقالیدا پارتە سیاسییەکان کۆنترۆڵی سیستمەکە دەکەن، بەوپێیە بواری زیاتریان بۆ دەڕەخسێت بۆ ئەوەی بایەخ بەبەرژەوەندیە بەرتەسکەکانی خۆیان بدەن و پەرەیان پێبدەن، واتە لەپێگەیەکدان زیاتر دەتوانن سوود لەو دەرفەتانە وەربگرن کە لەم قۆناخەدا دروستدەبن.

*** واتە پارتە سیاسییەکان هەڵدەستن بەئیستیغلالکردنی ئەم قۆناخە هەستیارە؟**

- ڕەنگە بتوانین وا بڵێین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە لەواقیعدا گەندەڵی زیاتر لە سەر ئاستی خوارەوەدا ڕوودەدات نەك لەسەر ئاستی پارتە سیاسییەکاندا.

*** بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی خزمەت بەبەرژەوەندیەکانی هەموو لایەك دەکات، ئایا خاڵی سەرەتا چییە بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ شەڕکردن لەگەڵ گەندەڵیدا هەڵبگیرێت؟**

- من بە تەواوەتی بیروڕایەکی پێچەوانەم هەیە، واتە لەو باوەڕدانیم کە هەموو لایەك بەو شێوەیە لەدژایەتیکردنی گەندەڵی بڕوانیت کە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی دەکات، چونکە لەو سەفقانەدا کە گەندەڵیان تێدایە سوود بە هەردولایەنی سەفقەکە دەگات، کە دەکرێت ئەمە لەسەر ئاستە بیرۆکراسیەکانی خوارەوەدا ڕوبدات، یاخود لەسەر ئاستە باڵاکاندا. لەم ڕوانگەیەوە هەردوولا سوودمەند دەبن، کەواتە من پێموانییە هەموو لایەك دژی گەندەڵی بن. من لەهەنگاریا دەژیم، زۆرجار پەنابردنەبەر بەرتیلم بینیوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە کە بەپیاوانی پۆلیس، یان هەر کارمەند و کاربەدەستێکی دیکە داوە بۆئەوەی خۆیان ڕزگاربکەن لەڕۆتین و ئیجرائاتە بیرۆکراتیە دوورودرێژ و قورسەکان، چونکە وڵاتێکی دوای ڕووخانی کۆمۆنیستیدا کە وڵاتێکی نادیموکراتی بێت و بیرۆکراتیەت زاڵبێت بەسەریدا ئەوا ئەم بیرۆکرایەتیەتە دەبێتەهۆی خولقاندنی زەمینەی پەنابردنەبەر گەندەڵی. ئەمە سوود بەهەردوولایان دەگەیەنێت، ڕەنگە کەسێك بڵێت ڕاستە سوودیان پێدەگەیەنێت، بەڵام ئەمە هەڵەیە، لەوەڵامدا منیش دەڵێم ئەمە هەڵەیە، بەدڵنیاییەوە ئەمە هەمیشە هەڵەیە و ڕاست نییە، هەمیشە هەڵەیەکی جیددی لەگەندەڵیدا هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەندێجار دۆخێکی وا دەخولقێت، ئەگەر یەکێك پەنا بۆ گەندەڵی نەبات ئەوا کارەکانی بۆ تەواوناکرێت. کەواتە من لێرەدا دەڵێم ئەمە لەڕووی ئەخلاقیەوە هەڵەیە و ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت ئەوا لە داهاتوودا دەبێتە کێشەیەکی گەورە، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە لە قۆناغی ئینتیقالیدا تا ڕاددەیەك سوودی هەبێت.

*** یەکێك لە دامەزراوەکانی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی دەستی نەزاهەیە، چۆن ئەم دەستەیە پێکبهێنرێت و دەبێت چۆن کاربکات؟**

- من پێموایە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدرێت کە کەسانی سەر بە حزبەکان لەم کۆمیتە و دەستانەدا دابمەزرێن، یاخود بەلای کەمەوە لەژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی پارتە سیاسیەکاندا بن و نەتوانن بێلایەنانە ئەرکەکانی خۆیان ئەدا بکەن، بەو پێیە من پێموایە ئەوکاتە دەستەی نەزاهە دەرفەتی

سەرکەوتنی لەئارادا دەبێت ئەگەرهاتوو بەتەواوەتی سەربەخۆ و بێلایەن بێت، چۆن دەکرێت ئەم دەستەیە پێکبهێنرێت و بێلایەن بێت ئەوا ئەمە لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە، یاخود لەکولتورێکی بۆ کولتوورێکی دیکە دەگۆڕێت و دەبێت هەلومەرج و تایبەتمەندیی هەر کۆمەڵگەیەك بەجیا وەربگرین.

*** ئەو میکانیزمانە چین بۆئەوەی حکومەت وەڵامی دەستەی نەزاهە بداتەوە؟**

- من لەئەزموونی وڵاتی هەنگاریاوە قسەدەکەم، پێموایە مەحاڵە بتوانرێت دەستەیەکی نەزاهە پێکبهێنرێت کە تەواو سەربەخۆ بێت، هەروەها لەوڵاتی هەنگاریادا کێشەی سەپاندنی یان جێبەجێکردنی یاساکان هەیە، بۆ نموونە لەم وڵاتەدا دادگای باڵا هەیە کە زۆرجار حوکم دەردەکات، بەڵام پەرلەمانی وڵاتەکە پێوەی پابەند نابێت، هەروەها سەرۆك هەیە لەم وڵاتەدا کە هیچ دەسەڵاتێکی نیە، لەکاتێکدا ئەگەر سەرۆك شەرعیەتی هەبوو دەبێت بڕیارەکانی جێبەجێ بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە ئەم مەسەلەیە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، لەبەرئەوەی ڕەنگە دامەزراوەیەکی دیاریکراو لەوڵاتێکی خاوەنی سەنگ و شەرعیەتی زیاتر بێت بە بەراورد لەگەڵ وڵاتێکی دیکە.

*** یەکێك لە ڕێگاکانی کەمکردنەوەی گەندەڵی ئەوەیە پاڵنەرەکانی گەندەڵی بگۆڕین بۆ پاڵنەردانی دژایەتیکردنی گەندەڵی چۆن دەکرێت ئەم کارە بکەین؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد هۆکار و پاڵنەری پەنابردنەبەر گەندەڵی لەهەندێ وڵاتدا بۆ زۆربوون و دژواری ڕۆتین و بیرۆکراسیەت دەگەڕێتەوە، کە زۆرجار بێ پەنابردنەبەر گەندەڵی کارەکانت ڕایی ناکرێت، بەو پێیە ڕەنگە یەکێك لە چارەسەرەکان کەمکردنەوەی ڕوتین و زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران بێت، چونکە ئەگەر کەسێك موچەکەی زۆر زیاتر بێت لەو بەرتیلە کەمانەی بۆ ڕاییکردنی کارێك دیاری کراو وەری دەگرێت ئەوا ڕەنگە بیر لە ڕەتکردنەوەی بکاتەوە، من پێموایە ئەمە کاریگەری ئیجابی دەبێت. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئازادی چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت دابینبکرێت بۆئەوەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بتوانن کارەکانی حکومەت بخەنەژێر چاودێرییەوە. یەکێك دیکە لەچارەسەرەکان بەیاساییکردنی هەندێ کردارە، بۆ نموونە کۆکردنەوەی پارە لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا هەروەك ئەوەی لەئەمەریکادا بەدی دەکرێت، ئەگەر ئەمە قەدەغە



**ليڤى ليتاڤى**

بکرێت ئەوا بەنهێنی ئەنجامدەدرێت، کەواتە بۆ ئەم پرۆسەیە بەیاسایی نەکەین، بەچەشنێك شەفافیەتی تێدابێت.

*** هەندێ لەراوێژکارانی بانکی نێودەوڵەتی لەناوبردنی گەندەڵی بەکلیلی سیحری پێشکەوتن دەزانن، ئایا نهێنی ئەم کاریگەریە گەورەیەی لەناوبردنی گەندەڵی چییە؟**

- من پێموانییە ئەمە هیچ ڕاستیەکی تێدابێت، ڕاسپاردەی من ئەوەیە ڕێگەمەدەن لایەنە دەرەکییەکان دەستێوەردان بکەن و چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانتان بۆ دیاری بکەن، هەروەك پێشتر باسم کرد، بوونی گەندەڵی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری و قورسی ئیجرائاتە ڕۆتینی و بیرۆکراتیەکان و ڕەنگە لەقۆناغێکی دیاریکراویشدا سوودی هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گەندەڵی کە خراپە ئەوە هۆکارەکەی ئەوەیە خۆی لەخۆیدا خراپە، نەك لایەنە دەرەکیەکانی ڕاسپاردەی ئەوە بکەن کە بۆ سەرکەوتنی کۆمەڵگە دەبێت خۆتان لە گەندەڵی ڕزگاربکەن.

*** گەندەڵی دەبێتەهۆی نەمانی متمانە بەدامەزراوەکانی حکومەت، چۆن بتوانین ئەم بێ متمانەیە کەم بکەینەوە و دووبارە متمانە بۆ دامەزراوەکان بگەڕێنینەوە؟**

- ئەگەر هۆکاری بێ متمانەییەکە لەبوونی گەندەڵیدا بێت ئەوا هەنگاوهەڵگرتن و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی دەبێتە ڕێگایەکی ڕاستی و دەبێت بیگرینەبەر، ئەمەش پرۆسەیەکی دوورودرێژە، هەروەها من باوەڕم وایە ئەگەر هۆکاری نارازیبوون خەڵك لەسیستەمە سیاسیەکە بوونی گەندەڵی بێت ئەوا کاری زیاتر دەکرێت بۆ ئەوەی بە ڕەوتێکی خێرا گەندەڵی کەم بکرێتەوە. بەدڵنیاییەوە دەکرێت سوود لەئەزمونە سەرکەوتوەکان وەربگیرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا هێنانی ئەزمونی وڵاتێکی دیکە و دووبارەکردنەوەی دەقاودەقی ئەو ئەزموونە سەرکەوتوو نابێت لەبەرئەوەی سیاقە کولتووریەکان جیاوازن، هەروەها بونیادی دامەزراوەکانیش بەهەمان شێوە. بۆ نموونە ئەگەر لە وڵاتێکی بەرنامەی دژایەتی کردنی گەندەڵی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئەم ئەرکە بخرێتە ئەستۆی دادوەرەکان و لەم ئەرکەشدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن لەبەر ئەوەی خاوەنی شەرعیەت و سەربەخۆیین، ئەوا مەرج نییە لەوڵاتێکی دیکەدا سەرکەوتوو بێت بە تایبەتی ئەگەر دادوەرەکان ئەو سەربەخۆییەیان نەبێت.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من تەنها دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە گەندەڵی لەڕووی ئەخلاقیەوە هەڵەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت هەندێجار سوودی هەبێت، بۆ نموونە دەبێت لە مەودای دووردا کار بۆ نەهێشتنی بکرێت، بەڵام ڕەنگە هەندێجار لەمەودای نزیکدا کاریگەری ئیجابی هەبێت.

**هەمیشە هەڵەیەکی جیددی لەگەندەڵیدا هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەندێجار دۆخێکی وا دەخوڵقێت، ئەگەر یەکێك پەنا بۆ گەندەڵی نەبات ئەوا کارەکانی بۆ تەواوناکرێت**

**گەندەڵی لەڕووی ئەخلاقیەوە هەڵەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت هەندێجار سوودی هەبێت**

**پرۆفیسۆر ڤیرۆنیکا لویس تایلۆر، ئوستادی یاسایە لەزانکۆی واشنتۆن و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و لەم بوارەشدا تایبەتمەندە لەسەر دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەك ژاپۆن، ئەندەنووسیا، هۆنك كۆنگ، سەنگافورا، بۆ قسەكردن لەسەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە، پرۆفیسۆر ڤیرۆنیکا بەمجۆرە بۆ گوڵان رای خۆی دەربڕی.**

## ڤیرۆنیکا لویس بۆ گوڵان:

# دەبێت کار بۆ سزادانی گەندەڵی بکرێت چونکە هیچ کاتێک ناتوانین گەندەڵی بگەیەنینە ئاستی سفر بەڵکو دەتوانین کار بۆ کۆنترۆڵکردنی بکەین

**دروستکردنی دەستەی نەزاهە یەکێکە لەڕێگاکانی کەمکردنەوەی گەندەڵی، کە لەوڵاتانی سەنگافورە و ئەندەنوسیادا کاری پێکرا، دەبێت دەستەی نەزاهەش سەرچاوە و دەسەڵاتی پێویستی هەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی**

*** یەکێك لەدامەزراوەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەستی نەزاهەیە، چۆن ئەم دەستەیە پێکبهێنرێت و دەبێت چۆن کاربکات؟**

- دروستکردنی دەستی نەزاهە یەکێکە لەڕێگاکانی کەمکردنەوەی گەندەڵی، کە لەوڵاتانی سەنگافورە و ئەندەنوسیادا کاری پێکرا، دەبێت دەستەی نەزاهەش سەرچاوە و دەسەڵاتی پێویستی هەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا ناواقیعیە ئەگەر پێمانوابێت ئەم دەستەیە دەتوانێت چاودێری تێکڕایی ئابووری وڵاتەکە بکات، بەڵکو دەبێت هەوڵی گشتگیرتر بدرێت، بۆ نموونە دەبێت هەم لەسەر ئاستی سەرەوە، هەم لەسەر ئاستی خوارەوە کار بۆ بەرهەڵستی کردنی گەندەڵی بکرێت، هەروەها هەم لەسەر ئاستی دامەزراوەکانیش، مەبەستم ئەوەیە دەستەی نەزاهە دەتوانێت لەسەر ئاستی سەرەوە کار بکات بۆ ئاشکراکردنی دۆسیە گەورەکانی گەندەڵی، لەسەر ئاستی دامەزراوەکان دەکرێت کار بۆ باشترکردنی کار و ئەدای هێزەکانی پۆلیس و دادگاکان بکرێت، لەسەر ئاستی خوارەوە دەکرێت هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی خەڵك بخرێتەگەڕ، بۆ نموونە لەسەردەمێکدا لەئەندەنوسیا هێزەکانی پۆلیس بەئاسانی دەیانتوانی بەهەڕەشەکردنی بەهەڵبەستنی تاوان بۆ هاوڵاتیان ناچاریان بکەن پارەیان لێوەبگرن، بەڵام دوای خستنەگەڕی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە چیتر هاوڵاتیان ئامادە نەبوون پارە بەهێزەکانی پۆلیس بدەن و هەر کاتێك هەڕەشەی دروستکردنی تۆمەتیان لێبکردنایە، وەڵامی هاوڵاتیان ئەوەبوو دەبێت پەنابەینە بەر دادگا، بەو شێوەیە ئەمە کاریگەری هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە.

*** دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی حکومەت ناچار بێت وەڵامی ئەم دەستەیە بداتەوە؟**

- بۆئەوەی حکومەت ناچاربکەین دەستێوەردان نەکات لەکاروباری ئەم دەستەیەدا یاخود ڕێگای کارکردنی لێنەگرێت ئەوا دەبێت دامەزراوەیەك هەبێت چاودێری حکومەت بکات، ئەو دامەزراوەیەش دادگاکانە، کە لێرەدا دەبێت دادگانیش سەربەخۆبن، تەندروست و پیشەگەرانە کاربکەن.

*** بۆچی گەندەڵی زیاتر لەقۆناغی ئینتقالیدا تەشەنە دەکات؟**

- وەڵامەکە ڕوونە، لە قۆناخی ئینتیقالیدا یاسا و ڕێساکانی دامەزراوە ئیداریەکان بەڕەوتێکی خێرا دەگۆڕێن، واتە کەلێنێك هەیە لەنێوان یاسا کۆنەکان لەگەڵ یاسا نوێیەکاندا، لەنێوان شێوازی کارکردنی کۆن و شێوازی کارکردنی تازەدا، بەو پێیە ئەوانەی گەندەڵکارن سوود لەم کەلێنە وەردەگرن بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی.

*** بۆچی پارتە سیاسیەکان لەم قۆناغەدا هەستیارەدا دەبنە هۆکارێك بۆ گەندەڵی؟**

- لەڕاستیدا پەیوەندیەکی تایبەتی نیە لە نێوان گەندەڵی و پارتە سیاسیەکاندا، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە لەقۆناخی ئینتیقالیدا دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان لاوازن، واتە کاتێك دەرفەتی گەندەڵی بۆ پارتە سیاسیەکان دروست دەبێت ئەوا دامەزراوەکانی دیکە، وەك دادگاکان، هێزەکانی پۆلیس ئەوەندە لاوازن کە توانای کۆنترۆڵکردنی ئەو دەرفەتانەیان نییە بەچەشنێك پارتە سیاسییەکان نەتوانن سوودیان لێ وەربگرن.

*** ئایا خاڵی سەرەتا چییە بۆئەوەی هەنگاو بۆ شەڕکردن لەگەڵ گەندەڵیدا هەڵبگیرێت؟**

- کێشەکە ئەوەیە زۆرجار کە باس

لەبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکەین بەشێوەیەکی گشتی باسی دەکەین، من پێموایە ئەمە سەرکەوتوو نابێت، لەبری ئەوە دەبێت هەنگاو بە هەنگاو کاربکەین بۆ بنیاتنانی دامەزراوە بەرپرسەکان. زەحمەتە بتوانین بەشێوەیەکی موجەرەد باس لەبەرپەرچدانەوەی گەندەڵی بکەین، بەڵکو دەبێت سەرەتا لەدامەزراوەیەکی دیاریکراوەوە دەست پێبکەین، جا هێزەکانی پۆلیس بێت یان دادگاکان یان هەر دامەزراوەیەکی دیکە، هەوڵبدەین ئەم دامەزراوانە بەشێوەیەکی پیشەگەرانە و بە شێوەیەکی تەندروست کار بکەن دوور لەگەندەڵی، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە دەبێت کار بۆ دەستنیشانکردن و سزادانی گەندەڵی بکرێت چونکە لەهیچ پارت و سیستمێکی سیاسیدا ناتوانین گەندەڵی بگەیەنینە ئاستی سفر بەڵکو دەتوانین کار بۆ کۆنترۆڵکردنی بکەین.

*** یەکێك لە رێگاکانی کەمکردنەوەی گەندەڵی ئەوەیە پاڵنەرەکانی گەندەڵی بگۆڕین بۆ پاڵنەردانی دژایەتیکردنی گەندەڵی چۆن دەکرێت ئەم کارە بکەین؟**

- ئەمە زەحمەتە، هەروەها ئەمە پەیوەندی بەگەشەکردنی ئابورییەوە هەیە، بۆنموونە زۆرجار فەرمانبەرانی دەوڵەت بەهۆی کەمی مووچەکەیانەوە پەنا بۆ وەرگرتنی پارەی زیاد دەبەن، ئەمەش گەندەڵی بچووکە، واتە لەبەرئەوەی مووچەکەیان بەشی ئەوە ناکات منداڵەکانی پێ بنێرێت بۆ قوتابخانە، یاخود سەیارەیەکی پێبکرێت ئەوا پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبات، دەکرێت ئەمە بەهۆی زیادکردنی مووچە و ئەنجامدانی هەندێ چاکسازی ئیدارییەوە چارەسەربکرێت، بەتایبەتی ئەگەر ئابووری وڵاتەکە زیاتر گەشەی کرد و بەرەو سەقامگیری چوو. بەڵام گەندەڵی گەورە پەیوەندی بەچاوچنۆکی و دەرفەتەوە هەیە کە دەبێت ئەمە لەرێی دادگاییکردنەوە چارەسەربکەین.

*** لایەنێکی مەترسیداری دیکە ئەوەیە گەندەڵی دەبێتەهۆی نەمانی متمانە بەدامەزراوەکانی حکومەت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم بێ متمانەیە کەم بکەینەوە و دووبارە متمانە بۆ دامەزراوەکان بگەڕێنینەوە؟**

- ئێوە خاڵێکی باشتان وروژاند، ئێوە ئاماژە بەچۆنیەتی هێنانەئارای حکومڕانیتیەکی باش دەکەن، چۆن بتوانین حکومەتێك پێکبهێنین کە لەئاست بەرپرسیارێتیدا بێت، دەکرێت ئەم کارە لەرێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانەوە بکەین، لەرێی چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتەوە



ڤێرۆنیکا لویس

لەلایەن راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، ئەمە لەبری ئەوەی تەنها جەخت لەسەر چۆنیەتی بەرهەڵستی کردنی گەندەڵی بکەین. چونکە تەرکیزکردن لەسەر گەندەڵی ئەوەیە چۆن دیاردەیەکی سلبی بوەستێنین، لەکاتێکدا تەرکیزکردنە سەر حکومڕانیتی باش ئەوەیە چۆن شتێکی ئیجابی بنیات بنێین ئەویش بنیاتنانی دامەزراوە تەندروستەکانە.

*** ئایا باشترین نموونەی سەرکەوتنی هەوڵەکانی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لەوڵاتانی تازەگەشەکردوودا چییە؟**

- من لەوڵاتەکاندا ئاماژە بەئەندەنوسیا کرد، خاڵی سەرەتا لەو وڵاتەدا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە بوو، کە بووە هۆی دورخستنەوەی سۆهارتۆ لە دەسەڵات، هەروەها نزیکەی چەند مانگێك پێش ئێستا هەڵبژاردنێکی دیکە ئەنجامدرا و زۆر بە باشی بەرێوەچوو، بەو پێیە خەڵکی ئەنجامەکەیان قەبووڵکرد، ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی حکومەتێکی خاوەن شەرعیەت، بەو پێیە حکومەتێکی خاوەن شەرعیەتیش دەسەڵاتی دەبێت بۆ دادگایکردنی گەندەڵکاران، کەواتە بەرەوپێشچونێکی باش لەو وڵاتەدا روویداوە لە رووی دژایەتیکردنی گەندەڵییەوە، هەروەها ئاستی هۆشیاری خەڵك دەربارەی ئەم مەسەلەیە لە ئاستێکی بەرزدایە، هەرچەندە هێشتا کەموکوری و گەندەڵی لەدادگاکاندا هەیە، بەڵام ئەمەش کارێکی زۆری لەسەرکراوە هەوڵدراوە چارەسەربکرێت و پاڵنەری پێویست دروستبکرێت بۆ ئەوەی دادوەرەکان پیشەگەرانە کارەکانیان ئەنجامبدەن. دەکرێت لەم رووەوە وڵاتی دیکەش سوود لەئەزموونی ئەندەنوسیا وەربگرن لەهەوڵدان بۆ بەرتەسکردنەوەی دەرفەتەکانی گەندەڵی، چونکە هەڵەیە پێمانوابێت دەتوانین سەدا دەر سەدا گەندەڵی ریشەکێش بکەین، بەڵکو دەکرێت کاری بەرنامەرێژی بکەین بۆ دروستکردنی سیستمێك کە رێگە لەتەشەنەسەندنی گەندەڵی بگرێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- لەجیهانی دەرەوەدا بەو شێوەیە سەیری سەرکردەکانی ئێوە دەکرێت کە هەوڵی هێنانەدی حکومڕانیتی باش دەدەن و بەبەراورد بەهەندێ وڵاتی تازەگەشەکردوو ئەوا کەمتر لەگەندەڵییەوە تێوەگلاون، ئێوەی کورد لەقۆناخێکی هەستیاردان کە دەبێت بڕیاری ئەوە بدەن رێگای دروستکردنی حکومڕانیتی باش و شەفاف هەڵدەبژێرن و گەندەڵی رەتبکەنەوە و ئێوەش توانای ئەم کارەتان هەیە و من هیوای سەرکەوتن و خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم لەداهاتوودا.

**دەبێت دامەزراوەیەک هەبێت چاودێری حکومەت بکات، ئەو دامەزراوەیەش دادگاکانە، کە لێرەدا دەبێت دادگانیش سەربەخۆبن، تەندروست و پیشەگەرانە کاربکەن**

**هەڵەیە پێمانوابێت دەتوانین سەد دەر سەد گەندەڵی ریشەکێش بکەین، بەڵکو دەکرێت کاری بەرنامەرێژی بکەین بۆ دروستکردنی سیستمێک کە رێگە لەتەشەنەسەندنی گەندەڵی بگرێت**



# پارتە سیاسییە بچووکەکان پێداویستی کۆمەڵگە دروستیکردوون یان دەستی دەرەکی؟!



گوڵان
ژمارە (٧٤٩)
٢٠٠٩/٩/١٤

هاندان و پشـــتگیری ناوخۆیی بۆ دروستبوونی پارتی سیاسی و دروستبوونی دیاردەی فرەلایەنی لەکۆمەڵگە یەکێکە لەدیاردە ئیجابییەکان، ئەوجا ئەو پشـــتگیری و هاندانە لەلایەن حزبە سیاســـییە گەورەکانەوە بێت یان حکومەت و دەسەڵاتی سیاسییەوە، بەڵام ئەوەی دەبێتە هۆکاری ئەوەی بەشـــێوەیەکی ئیجابی ســـەیری ئەم دیاردەیە نەکرێت، ئەو حزبە سیاســـییە بچووکانە ببنە پاشـــکۆی سیاسیی حزبە گەورەکان و لەبری ئەوەی ببنە فاکتەرێك بۆ هەمەڕەنگی و خستنەڕووی بیربۆچوونی جیاواز، ببنە هۆکارێك بۆ دووبارەکردنەوەی خیتابی حزبە سیاســـییە گەورەکان و پارسەنگی دەسەڵاتی حزبە سیاسییە گەورەکان، لەبەرئەوەی تەمویلی ئەم حزبانەش دەکەوێتە ســـەر شـــانی حزبە گەورەکان، بۆیە خودی حزبە بچووکەکان دەبنە دیاردەیە بۆ بێ ماناکردنی دیاردەی فرەلایەنی لەکۆمەڵگە و تێکدانی دەنگ و بیروبۆچوونە جیاوازەکان.

لایەنێکی لەمە مەترسیدارتریش دیاردەی ئەو حزبە سیاسییە بچووکانەیە کە بەدەستی دەرەکی و بەتەمویلی دەوڵەتانی دەرەوە و بەسوود وەرگرتن لەنەهامەتییەکانی وڵات لەبارودۆخی ناسکی ئینتقالی سەرهەڵدەدەن، ئەمانە زیاتر ئەو حزب و بزووتنەوە ئیسلامیانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی نامۆ و لەبارودۆخێکی ناسکدا دروستدەبن، بۆیە زۆرجار دەبینین حزبێکی بچکۆلەی ئیســـلامی کە بەهەموو پێودانگێك ئیســـتحقاقی هەڵبژاردنی ٢٪-٥٪ تێپەڕ ناکات کەچـــی دەبینین کەناڵێکی گەورەی ســـەتەلایت و رادیۆ و چەندیـــن بڵاوکراوە دەردەکات، زیاد لەمانەش بۆ سیاســـییەتی کەسبی حزبی خۆی پارەش دەبەخشێتەوە، ئەمانە دیاردەی ئاشکران وخەڵك کەم تازۆر راستیەکان دەبینێت، بۆیە کاتێك دێینە سەر هەڵسەنگاندنی ژیانی پارتایەتی و دیاردەی فرەلایەنی لەوڵاتدا دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و بەدواداچوونی لەســـەر بکرێت و پێشنیاری پێویست بخرێتەڕوو بۆئەوەی چیدیکە تەمویل و بەردەوامـــی ئەو حزبە سیاســـیانە بەشـــاراوەیی نەمێنێتەوە، لەزۆربەی وڵاتانی دیموکراتی بەتایبەتیش ئەوانەشـــی کە سیســـتمی رێژەیی لەهەڵبژاردنەکاندا بەکاردەهێنن، رێژەیەکـــی دیاریکراو، کە لەهەندێـــك وڵات لەرێژەی ٢٪-١٠٪ پێڕەو دەکرێت، دیکەنە پێوەر و هەر پارتێکی سیاسیی لەو رێژەیە کەمتر بەدەستبهێنێت رێگەی پێنادەن بەشداری پرۆسە سیاســـییەکە بکات، ئەمە وایکردووە کە جۆرێك لەســـەقامگیری حکومڕانی لەوڵاتدا دروســـتبێت، لەوانەیە ئیتاڵیا نموونەیەکـــی باش بێت بۆ کەمکردنەوەی رێژەی بەشـــداری حزبە بچووکەکان، بەڵام ئەوە ئاکامی حکومەت و حکومڕانی ئیتالیایە، کە وەك شانشـــینی ئەردەنی هەر ساڵەی حکومەتێك دەگۆڕێت، وەك یەکێك لەو پســـپۆرانەی لەم راپۆرتە بەشـــداری کردووین و راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر لەئیتاڵیا نەبوایە دەبووایە برلسکۆنی لەسەر ئەو سەرچاوە داراییەی بۆ حزبەکەی دابینی کردووە دەبوو دادگایی بکرێت،کەواتە ئەمە پێماندەڵێت نەبوونی شەفافییەت لەســـەرچاوەی داهاتی حزبە سیاســـییەکان بەگشتی و حزبە بچووکەکان بەتایبەتی دەبێت دەبێتـــە هۆکارێك بۆ پووکانەوەی دیموکراتی، ئەم دیاردەیە لەتورکیا دیاردەیەکی بەرچاوە و زۆرێك لەســـەرکردەی حزبە سیاســـییەکان بۆ بەردەوامی و مانەوەیان لەناو پرۆســـە سیاســـییەکە پەنا بۆ تەمویلی دەرەکی دەبەن، بەڵام تورکیا بەدانانی رێژەیەکـــی بەرز دەبینین هەموو حزبە سیاســـییەکان ناتوانن بەشـــداری پرۆسە سیاسییەکە بکەن، یەکێك لەهۆکارەکانی ئەوەی DTP نەیتوانی وەك حزب بەشـــداری هەڵبژاردنەکان بکات و بەکاندیدی سەربەخۆ کاندیدەکانی خۆی پـــاڵاوت، لەبەرئەوە بوو DTP نەیدەتوانی وەك حزب ئەو رێژەیە بەدەســـتبهێنێت، کە پەرلەمانی تورکیا بۆ چوونە نێو پەرلەمان دایناوە، ئەم رێوشـــوێنانەی لەپرۆســـەی دیموکراتی دەگیرێتە بەر بۆئەوەی پارتە سیاسییە بچووکەکانیش بیســـەلمێنن خاوەنی پێگەیەکی جەماوەرین بۆئەوەیە رێگە لەوە بگرن حزبی سیاســـیی بەتەمویلی دەرەکی لەناو کۆمەڵگە دروستبێت و بەرنامە و ئەژێندای دەرەکیش جێبەجێ بکات.



زۆرجار دەبینین حزبێکی بچکۆلەی ئیسلامی کە بەهەموو پێودانگێک ئیستحقاقی هەڵبژاردنی ٢٪-٥٪ تێپەڕ ناکات، کەچی دەبینن کەناڵێکی گەورەی سەتەلایت و رادیۆ و چەندین بڵاوکراوە دەردەکات

نەبوونی شەفافییەت لەسەرچاوەی داهاتی حزبە سیاسییەکان بەگشتی و حزبە بچووکەکان بەتایبەتی دەبێت دەبێتە هۆکارێک بۆ پووکانەوەی دیموکراتی

## کریستۆفەر ئەلن بۆ گوڵان:

# ئەگەر پارتە سیاسییەکان وەک دوژمن لەیەکتر بڕوانن ئەوا زەحمەتە بتوانرێت متمانە لەنێوانیاندا بنیات بنرێت



**پرۆفیسۆر کریستۆفەر ئەلن، ئوستادی زانستی سیاسییەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی جۆرجیا، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دیاردەی فرەلایەنی پارتە سیاسییەکان لەناو پەرلەماندا، هەروەها تایبەتمەندە لەسەر سیستمی سیاسیی ئەڵمانیا بەتایبەتی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە، بۆقسەکردن لەسەر دیاردەی فرەلایەنی پارتە سیاسییەکان، پرۆفیسۆر ئەلن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

*** سیستمی حزبایەتی یەکێکە لەفاکتەرە بنەڕەتییەکان بۆ بەرهەمهێنان بنیاتنانی دیموکراسی لەلایەکی دیکەوە سیستمی حزبایەتی لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا سەرەڕای جیاوازیان نابنەهۆی هێنانەدی دیموکراسی، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێنیتەوە کە سیستمی حزبایەتی لەم وڵاتانەدا دیموکراسی بەرهەم ناهێنن؟**

- پێموایە مەسەلەکە زیاتر دەوەستێتەسەر بوونی متمانە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر پارتە سیاسییەکان وەك دوژمن لەیەکتر بڕوانن کە ئەگەری لێکنزیکبونەوە و ئاشتبوونەوەیان نەبێت، ئەوا زەحمەتە بتوانرێت متمانە بنیاتبنرێت لەنێوانیاندا، بەڵام ئەگەر وەك نەیاری سیاسی لەیەك بڕوانن کە بیروبۆچونی جیاوازیان هەیە و دەتوانن لەگەڵ یەکدا گفتوگۆبکەن، ئەوا دەکرێت دیموکراسیەتێکی سەقامگیر بهێنرێتەدی. واتە ئەگەر دابەشبوون و جیاوازییەکان لەسەر ئەو پرس و مەسەلانە بێت کە دەکرێت گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت، وەك سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسەتە ئابووریەکان، ئەوا دەکرێت هەوڵی هاوبەش بدرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەو مەسەلانە، بەڵام ئەگەر پارتە سیاسییەکان جیاوازی و دابەشبونی نەگۆڕیان هەبوو، بە واتایەکی دیکە ئەگەر دابەشبونەکە لە جیاوازیە ئیتنیی و ئاینییەکانەوە سەرچاوی گرتبوو، ئەوا گەیشتن بە چارەسەرێك زەحمەتە لەم ڕووەوە. بۆ نموونە لەئیرلەندا و بەلجیکا لەڕابردوودا، لەبەرئەوەی سەرچاوەی جیاوازییەکان ئیتنی و ئاینی بوون، ئەوا دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پرس و مەسەلە جیاوازەکانەوە کارێکی زەحمەت بوو.

*** زۆرێك لەشارەزایان پێیانوایە لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پارتە سیاسییە گەورەکان هەڵدەستن بەدروستکردنی پارتە سیاسییە بچوکەکان بۆئەوەی بارودۆخەکە بەو شێوەیە بخەنەڕوو کە فرەیی سیاسی لەئارادایە، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك زیان بە پرۆسە دیموکراسیەکە دەگەیەنێت؟**

- من پێموانییە قەبارەی پارتە سیاسییەکان گرنگ بێت هێندەی گرنگی سیستمی هەڵبژاردنی وڵاتەکە، بۆ نموونە ئەگەر کار بە بنەمای زۆرینە بکرێت بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیادا پیادە دەکرێت ئەوا ڕەنگە دو یان سێ پارتی گەورە ململانێیەکە بکەن، بەڵام ئەگەر کار بە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بکرێت، ئەوا پارتگەلێکی زیاتر بەشداری دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت کەمترین ڕێژە دیاری بکرێت بۆ ئەوەی پارتێکی سیاسی دیاری کراو بەدەست بهێنێت تاوەکو بتوانێت نوێنەرایەتی هەبێت لە پەرلەماندا، بۆ نموونە لەزۆربەی وڵاتاندا ڕێژەی ٥٪ دانراوە، ئەگەر بۆ ئەزموونی ئیتالیا بگەڕێینەوە ئەوا پێشتر هیچ ڕێژەیەك دیاری نەکرابوو، بەو پێیە نزیکەی ١٥ بۆ ٢٠ پارتی سیاسی دەگەیشتنە پەرلەمان و ئەمەش پشێویی دروستدەکرد، چونکە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەنێوان ئەو هەموو پارتەدا زەحمەت بوو، لەکاتێکدا ئێستا بەهۆی دیاری کردنی ڕێژەی ٥٪ ەوە نزیکەی ٧ بۆ ٨ پارتی سیاسی دەگەنە پەرلەمان و ئیدارەکردنی ئەمەش ئاسانترە. بە چاوپۆشین لەوەی سیستمەکە زۆرینەیە یان نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەییە، ئەگەر پارتە سیاسییەکان متمانە بە یەك نەکەن و گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا نەکەن ئەوا ناسەقامگیری سیاسی دێتەئاراوە لەگەڵ ئەو کێشانەدا کە قابیلی چارەسەرکردن نابن.

*** یەکێکی دیکە لەڕێگاکانی دروستکردنی پارتە سیاسییەکان لەوڵاتانی ئیسلامی و عەرەبیدا، بریتیە لەدروستکردنی پارتە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی دیکەدا کە لە هەمان کاتدا لە لایەن دەوڵەتانی دیکەوە دارای بۆ دابین دەکرێت، ئایا تا چ رادەیەك دروستکردنی پارتە ئیسلامیەکان لە لایەن وڵاتانی دیکەوە هۆکارێکە بۆ لەناوبردنی دیموکراسی؟**

- من پێموایە ئەگەر وڵاتێکی دیاریکراو داوای ڕاوێژ و ڕاسپاردە بکات لەوڵاتێکی دیکە ئەوا پێویستە ئەو وڵاتەی داواکارە خۆی کۆنترۆڵی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردە و ڕاوێژانە بکات بەو شێوەیەی کە خۆی بە گونجاوی دەزانێت لەگەڵ بارودۆخ و هەل و مەرجی تایبەتی وڵاتەکەیدا، من

ئەگەر بۆ ئەزموونی ئیتاڵیا بگەڕێینەوە ئەوا پێشتر هیچ ڕێژەیەک دیاری نەکرابوو، بەو پێیە نزیکەی ١٥ بۆ ٢٠ پارتی سیاسی دەگەیشتنە پەرلەمان و ئەمەش پشێویی دروستدەکرد، چونکە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەنێوان ئەو هەموو پارتەدا زەحمەت بوو

پێموایە ئەم شێوەیە کاریگەرترە لەوەی هێزە دەرەکییەکان شێوازێکی کارکردنی دیاری کراو بسەپێنن بەسەر وڵاتانی دیکەدا.

*** یەکێك لەکێشە گەورەکان لەسیستەمی حزبایەتی وڵاتانی جیهانی سێدا بریتیە لەنەبوونی شەفافییەت، بۆ نموونە پارتە سیاسییەکان خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆن و رۆژنامە و راگەیاندنی خۆیانن، بێ ئەوەی کەس بزانێت سەرچاوەی دارایی ئەم دەزگایانە چۆن دابین دەکرێت. ئایا ئەمە تا چ رادەیەك مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگە؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، تەنانەت لە وڵاتە ئەوروپییەکانیش، بۆ نموونە ئیتاڵیا ئەم کێشەیە بوونی هەیە، بۆ نموونە چەندین پرسیار و گومان دەکرێت دەربارەی سەرچاوەی ئەو داراییەی بەرلسکۆنی بۆ پارتەکەی دابینی دەکات و لەم رووەوە چەندین فەزیحە روویداوە. کەواتە لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە دوو خاڵ بکەین کە بۆی هەیە ببێتەهۆی کەمکردنەوەی ئەگەری ئەوەی ئەو ناشەفافییەتە ببێتە سەرچاوەی گەندەڵی، یەکەمیان ئەوەیە رەنگە بوونی ژمارەیەکی زۆری ئەندام کە هەر یەکەیان بەشداریەکی دارایی کەم بکەن باشتر بێت لەوەی چەند کەسێکی دەوڵەمەند لە دەرەوە یان لە ناوەوەی وڵاتە ئەم سەرچاوەیە دابین بکەن، خاڵی دووەم ئەوەیە دەبێت سنورێك دابنرێت بۆ رێژەی ئەو پارەیەی پارتە سیاسییەکان بەکاری دەهێنن لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا.

*** دەبێت پارتە سیاسییەکان لەئەنجامی پێویستی خەڵکەوە دروست بووبێت، یاخود بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانیان دروست بووبێت، بەڵام ئەگەر لە لایەن هێزێکی دەرەکی یان پارتە گەورەکانەوە دروست کران، ئایا ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی خەڵك لێیان بێئومێد بێت؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، چونکە لەدیموکراسیدا نابێت رێگە بدرێت لایەنێك بەنهێنی هەڵبستێت بەئاراستەکردن و جڵەوکردنی لایەنێکی دیکە، بەڵکو دەبێت کرانەوە و شەفافییەت هەبێت و خەڵکی، یاخود هاوڵاتیان بە روونی ئاگاداری هەڵوێست و تێروانینی پارتێکی دیاری کراو بن، ئەمە دۆخە میسالیەکەی دیموکراسیە، ئەگەرچی هەندێ جار بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە تەنانەت لەو وڵاتانەشدا زەحمەتە کە بە دیموکراسیەتێکی پێشکەوتو ناسراون، بەڵام هەر دەبێت وەك بەشێك لە ئامانجە گەورەکان بهێنێتەوە و کار بۆ بەدەستهێنانی بکرێت.

*** ئایا سیستەمی فرە حزبایەتی لەوڵاتە گەشەکردووەکاندا بەهەمان ئەو ئاراستەیەدا رۆیشتون کە حاڵی حازر وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پێدا دەڕوات، یاخود چۆن لە وڵاتە گەشەکردووەکان سیستمی فرەحزبی بنیات نراوە؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، پارتە سیاسییەکان لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا بەقۆناخێکی دوورودرێژدا تێپەڕیون، کە لەم پرۆسەیەدا دووچاری چەندین هەڵەی دژوار و گەورە بوونەتەوە تاوەکو گەیشتنە ئەو دۆخەی بتوانن سیستمێك پیادە بکەن کە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەو وڵاتانەی لە سەرەتای قۆناخی بەدیموکراتیکردندان، دەتوانن سوود لە ئەزموونی وڵاتە گەشەکردووەکان وەربگرن، بۆ ئەوەی هەمان هەڵەی ئەو وڵاتانە دووبارە نەکەنەوە پتر جەخت لەسەر ئەو شێوازانە بکەنەوە کە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، بەڵام هەر دەبێت شێوازێکی کارکردن بگرنەبەر کە لەگەڵ کەلتوور و بەهاکانی کۆمەڵگەکەدا بگونجێت بۆ ئەوەی بتوانن شەرعیەت بەدەستبهێنن و درێژە بە سیستەمەکە بدەن.

*** هیچ پەیڤێکتان ماوە؟**

- بنیاتنانی دیموکراسی لەناوچەکەی ئێوەدا زۆر زەحمەت، بەڵام ئەگەر خەڵکی رێز لەیەکتری بگرن، گرنگ نییە جیاوازییەکانیان چەند گەورەبێت، ئەوا دەتوانن ئەنجامی باشتر بەدەستبهێنن، بۆ بنیاتنانی دیموکراسی دەبێت کار لە سەر دروستکردنی گیانی رێزگرتن و متمانەکردن بەیەك بکەن.

*** ئایا گەشبینیت بە ئایندەی عێراق؟**

- من گەشبینم، راستە ئەو وڵاتە بە دۆخێکی سەختدا تێپەڕیوە، بەڵام مرونەتی خەڵکی عێراق و ئەو کەسانەی باوەڕیان بەدیموکراسیەتی نوێنەرایەتی هەیە سەرچاوەی گەشبینی منن و من هیوای خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم.



**چەندین پرسیار و گومان دەکرێت دەربارەی سەرچاوەی ئەو داراییەی بەرلسکۆنی بۆ پارتەکەی دابینی دەکات و لەم رووەوە چەندین فەزیحە روویداوە**

**لەدیموکراسیدا نابێت رێگە بدرێت لایەنێك بەنهێنی هەڵبستێت بەئاراستەکردن و جڵەوکردنی لایەنێکی دیکە**

### جۆن دۆگاس بۆ گوڵان:

# دەوڵەت مافی خۆیەتی ڕێگەنەدات لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە دارایی بۆ پارتە سیاسییەکان دابین بکرێت



**پرۆفیسۆر جۆن دۆگاس ئوستادی زانستی سیاسییەتە لەزانکۆی ئیندیانا پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ریفۆرمی سیاسیی و ریفۆرمی پارتە سیاسییەکان، بەتایبەتیش لەسەر وڵاتی کۆلۆمبیا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم لایەنە گرنگەی ژیانی سیاسیی پارتە سیاسییەکان، پرۆفیسۆر دۆگان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

بوونی سیستمێکی فرەحزبایەتی کە ژمارەیەکی گەورەی پارتە سیاسییە بچکوکەکان لەخۆبگرێت، دۆخێکی یارمەتیدەر نییە بۆ دیموکراسی

*** پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵات زۆرکەم دەتوانن فاکتەرێکی ئیجابی بن بۆ بونیادی دیموکراسی، ئایا ئەو هۆکارانە چین کە پارتە سیاسییە رۆژهەڵاتییەکان دیموکراتی بەرهەم ناهێنن؟**

- لەڕاستیدا بوونی پارتە سیاسییەکان بە تەنها بەس نییە بۆ ئەوەی زامنی هێنانەدی دیموکراسی بکەن، گەرچی لەهەمانکاتدا لەڕۆژگاری هاوچەرخدا ناتوانین بێ بوونی پارتە سیاسییەکان باس لەبوونی دیموکراسی بکەین لەبەر ئەوەی خواست و داخوازییەکانی خەڵك لە ڕێی پارتە سیاسییەکان دەگەیەنرێتە سیستمە سیاسییەکە، بەو پێیە پارتە سیاسییەکان مەرجێکی بنەڕەتین بۆ بنیاتنانی دیموکراسی، بەڵام بە تەنها بەس نین.

*** زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە لە وڵاتە تازەگشەکردووەکاندا پارتە سیاسییە گەورەکان هەڵدەستن بە دروستکردنی پارتە سیاسییە بچوکەکان بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەو شێوەیە بخەنەڕو کە فرەیی سیاسی لەئارادایە، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك زیان بە پرۆسە دیموکراسیەکە دەگەیەنێت؟**

- من پێموایە ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن ڕاستە، چونکە بوونی سیستمێکی فرەحزبایەتی کە ژمارەیەکی گەورەی پارتە سیاسییە بچکوکەکان لەخۆبگرێت، دۆخێکی یارمەتیدەر نییە بۆ دیموکراسی، ڕەنگە یەکێك لە ڕێگاچارەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە بریتی بێت لە دانانی ڕێژەیەکی دیاری کراو و کردنی بە مەرجێك بۆ بەدەستهێنانی نوێنەرایەتی لە پەرلەماندا، بۆ نموونە ڕێژەی لە سەدا ٣ یان ٥ دابنرێت، بە چەشنێك هەر پارتێکی سیاسی کەمتر لەم ڕێژەیە بهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا نەتوانێت بچێتە پەرلەمانەوە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك دروستکردنی پارتە ئیسلامیەکان لەلایەن وڵاتانی دیکەوە هۆکارێکە بۆ لەناوبردنی دیموکراسی؟**

- ئەمە دوو مەسەلە لەخۆدەگرێت یەکەمیان دابینکردنی داراییە بۆ پارتە سیاسییەکان لەلایەن هێزە دەرەکیەکانەوە، دووەمیان ئەوەیە لەبەرئەوەی ئەم پارتانە هیچ بەرژەوەندییەکیان نییە لەوڵاتەکەدا و لەبەرئەوەی لەدەرەوەڕا سەپێنراون ئەوا ناتوانن گەشەبکەن و ڕەگوڕیشەیان هەبێت لەناو خەڵکدا، بەو پێیە دەوڵەتەکان مافی خۆیانە ڕێگەنەدەن لەلایەن هێزە دەرەکیەکانەوە دارایی بۆ پارتە سیاسییەکان دابین بکرێت، کەواتە هەمیشە دەستێوەردانی هێزە دەرەکیەکان مایەی گیروگرفتە، بەڵام دەبێت ئەوە دیاری بکەین ئایا ئەم دەستێوەردانە تەنها بۆ ئاڵوگۆڕکردنی

زانیاریە یاخود هەوڵدان بۆ سـەپاندنی سیاسـەتێکی دیاری کراو لەو وڵاتەدا کە دەستێوەردانی تێدا دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشـدا، من پێموایە ئەم مەسەلەیە هێندە گرنگ نییـە بەبەراورد بەوەی ئایا پارتـە سیاسـییەکان پابەندن بە دیموکراسـیەوە یان نـا، پێموایە ئەمە گرنگی و بایەخی زیاترە.

*** یەکێك لەکێشە گەورەکان لەسیستمی حزبایەتی وڵاتانی جیهانی سێدا بریتیە لەنەبوونی شەفافییەت، بۆ نموونە پارتە سیاسییەکان خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامـە و ڕاگەیاندنـی خۆیانن، بێئەوەی کەس بزانێت سەرچاوەی دارایی ئەم دەزگایانە چۆن دابین دەکرێت، ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك مەترسـیدارە بۆ کۆمەڵگە؟**

- من تەواو هاوڕام لەگەڵتاندا، دەبێت ئەوپەڕی شەفافییەت هەبێت لەسەرچاوە داراییەکانی پارتە سیاسییەکاندا، دەبێت ئەوە ئاشکرا بکرێت ئەم سەرچاوانە چۆن دابین دەکرێن، پێموایە زۆرێك لەوڵاتان ڕێگایەکـی دورودرێژیان لەبەردەمدایە لـەم ڕووەوە، هەروەها لەو باوەڕەدام کە پێویسـتە دەوڵەت ڕۆڵی خۆی ببینێت لە ڕێکخسـتنی چۆنییەتی دابەشکردنی ئەو یارمەتیە دەرەکیانەی لە دەرەوە بۆ پارتە سیاسییەکان دابین دەکرێت، ئەمە ئەگەر نەڵێین ڕێگەی لێبگرن.

*** ئایا سیسـتمی فـرە حزبایەتی لە وڵاتە گەشـەکردوەکاندا بە هەمان ئەو ئاراسـتەیەدا ڕویشتون کە حاڵی حازر وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پێدا دەڕوات، یاخود چۆن لە وڵاتە گەشەکردووەکان سیستمی فرەحزبایەتی بنیات نراوە؟**

- لێـرەدا مـن دوو مەسـەلە لێکجیادەکەمـەوە، یەکەمیـان مەرج نییـە پارتـە سیاسـییەکانی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان ناچاربن دەقاودەق بەهەمان ڕێگای پارتە سیاسییەکانی وڵاتە گەشەکردووەکاندا تێپەڕن، چونکە دۆخی سیاسـی هـەر کۆمەڵگەیەك جیاوازە لەکۆمەڵگەیەکی دیکە، دووەم دەکرێت سـوود لەئەزموون و شارەزایی ئـەو پارتە سیاسـیانە وەربگیرێت کە تەمەنێکـی دورودرێژیـان هەیە، واتە ئەگەر شـەفافییەت و ڕێکخسـتنێك هەبێـت بۆ ئەم مەسـەلەیە ئەوا هیچ گرفتێك نییـە لە ئاڵوگۆڕی زانیاری و شارەزاییدا. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریکا، یاخود وڵاتـە ئەوروپیەکان نەیانتوانیوە بەتەواوەتی بەسەر کێشەی بێ متمانەیی لەئاست پارتە سیاسییەکاندا زاڵبن.

*** ئەگەر پارتە بچووکـەکان لەلایەن هێزێکی دەرەکی یان پارتە گەورەکانەوە دروسـتکران، ئایا ئەمـە نابێتەهۆی ئەوەی خەڵك لێیان بێئومێد بێت؟**

- لەڕووی نەزەریەوە، هیوادارم لە ڕووی عەمەلیشەوە وابیت، پارتە سیاسییەکان هەڵدەسـتن بە گەیاندنی خواسـت و نیگەرانییەکانی خەڵك بە دەسـەڵاتی سیاسـی، کەواتە تا ئەو کاتەی پارتە سیاسـییەکان بەم شـێوەیە کار بکەن ئەوا بەشـداریەکی ئیجابی دەکەن، بە پێچەوانـەوە دەبنە مایەی گیروگرفت، کەواتە پارتە سیاسییەکان ئامرازێکن بۆ گەیاندنـی داواکاری و داخوازییەکانی خەڵك، من پێشـتریش ئاماژەم بەوە کرد کە بوونی پارتە سیاسییەکان بەس نین بۆ زامنکردنی دیموکراسی، لەگەڵ ئەوەشدا مەرجێکی پێوستیشن، چونکە زەحمەتە بتوانین بەدیلێکـی دیکە بدۆزینەوە لە بری پارتە سیاسـییەکان خواستەکانی خەڵك بگەیەنێت دەسەڵات.

**دەبێت ئەوپەڕی شەفافییەت هەبێت لەسەرچاوە داراییەکانی پارتە سیاسییەکاندا، دەبێت ئەوە ئاشکرا بکرێت ئەم سەرچاوانە چۆن دابین دەکرێن**

**مەرج نییە پارتە سیاسییەکانی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان ناچاربن دەقاودەق بەهەمان ڕێگای پارتە سیاسییەکانی وڵاتە گەشەکردووەکاندا تێپەڕن**



### سکۆت مەین وایرن بۆ گوڵان:

# ئەو پارتە سیاسیانەی لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە دروستدەکرێن خزمەت بەخەڵک ناکەن



**سکۆت مەین وایرن، ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ستانفۆرد و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیستمی پارتایەتی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی بەتایبەتی (بەرازیل، چیلی و پیرۆ) لــەم بوارەدا بایەخ بەدیموکراتی و دیموکراتیزەکردن و پارتە سیاسییەکان دەدات، بۆقسەکردن لەسەر دیاردەی پارتە سیاسییەکان و رۆڵی پارتە سیاسییە بچووکەکان لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا، پرۆفیسۆر وایرن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** یەکێــك لەدیاردەکانــی فرەلایەنــی لەکۆمەڵگەی دیموکراتــی بوونی حزبی سیاســیی بچووکە، کە زۆرتر بەدەســتی دەرەکی دروســت دەکرێن، ئایا ئەم حاڵەتە تاچەند زیان بەدیموکراتی دەگەیەنێت؟**

- رەنگــە لێــرەدا باشــترین بــەراورد و لێکچوواندن بریتی بێت لەپشتگیری یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەپارتە کۆمۆنیستیە دژە دیموکراسیەکان، لە راســتیدا مەرج نییە پارتە ئیســلامیەکان لەهەناوی خۆیاندا و بە زەرورەت دژە دیموکراســی بن، بۆ ئەم مەسەلەیە پێویســتمان بەوردەکاری زیاتر هەیە لەســەر تێڕوانین و هەڵوێستەکانیان، لەهەمــان کاتدا من پێموایە پشــتگیری نێودەوڵەتی لەهێزە دژە دیموکراســیەکانی هەر وڵاتێك، جا ئیســلامی بــن یان نا، زیانبەخشــە بۆ دیموکراسی. بەداخەوە من شــارەزاییەکی زۆرم نییە لەسەر جیهانی ئیســلامی، بــەڵام دیموکراســی وەك سیســتمێکی سیاسی پێویســتە پشت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە ببەســتێت، کە هاوشــان بێت بە پاراستن و دابینکردنــی ئازادیــە مەدەنییەکان و مافەکانی مرۆڤ. راستە بوونی سیستمی فرە حزبایەتــی یەکێکــە لەمەرجەکانی دیموکراسی، بەڵام بە تەنها نابێتە هۆکارێك بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی.

*** کەواتــە ئەو جــۆرە پارتانــە ناتوانن فاکتەرێکی باش بن بۆ بونیادی دیموکراتی لەکۆمەڵگە؟**

-لەراســتیدا لــەرووی مەبدەئیەوە هیچ هۆکارێــك لەئارادانییە بۆئــەوەی پارتە بچوکەکان زیانبەخش بن بۆ دیموکراســی، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە راستەوخۆ هێزێکی دژە دیموکراســی بین، یاخود ســەرقاڵی ئەنجامدانــی ئەو کــردار و چالاکیانەبن کە دەبنەهــۆی لاوازکــردن و داخورانی دیموکراســی، بۆیە ئەوەی لێرەدا مەبەست لــەو پارتــە سیاســییە بچووکانەیە کە بەدەست و هاندانی هێزی دەرەکی دروست دەبن، بێگومــان ئەوانە ناتوانن خزمەت بە دیموکراتی بکەن.

*** لە وڵاتانی جیهانی سێیەم پارتە سیاسییە بچووکەکانیش خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆن و رۆژنامــە و راگەیاندنی خۆیانن، بێ ئەوەی کەس بزانێت سەرچاوەی دارایی ئەم دەزگایانە چۆن دابین دەکرێت. ئایا ئەمە تا چ رادەیەك مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگە؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن راســتە، بوونی شــەفافییەت هەمیشە ئەنجامێکی خــوازراوە، بــە پێچەوانەوە نەبوونــی شــەفافییەت سەردەکێشــێت بــۆ ئەنجامدانــی ئەو کردارانــەی زیان بــە دیموکراســی دەگەیەنن،ئەمــەش سەردەکێشێت بۆ ســەرهەڵدانی گەندەڵی و ئەگەری ئــەوەی لێدەکرێت ببێتەهۆی گرتنەدەستی دەســەڵات لەلایەن هێزە دژە دیموکراســیەکانەوە. بۆیە ئەرکی هەموو لایەکە ســەرچاوەی ئەو داراییە ئاشــکرا بکرێت، تەمویلی دەرەکی بۆ هیچ حزبێکی سیاسیی بێ بەرامبەر نییە.

*** ئایا سیســتمی فرە حزبایەتی لەوڵاتە گەشەکردووەکاندا بەهەمان ئەو ئاراستەیەدا رۆیشــتوون کــە حاڵــی حــازر وڵاتە**



پشتگیری نێودەوڵەتی لەهێزە دژە دیموکراسییەکانی هەر وڵاتێک، جا ئیسلامی بن یان نا، زیانبەخشە بۆ دیموکراسی

**تازەگەشەکردووەکاندا پێدا دەڕوات، یاخود چۆن لەوڵاتە گەشـەکردووەکان سیستمی فرەحزبایەتی بنیاتنراوە؟**

- لەڕاستیدا ئەو دیموکراسیەی لە ٢٠٠٩دا سـەرهەڵدەدات ڕووبەڕووی کەشـێکی زۆر جیاواز دەبێتەوە لەو دیموکراسـیەی سەدەیەك پێش ئێستا سەریهەڵدا، هۆکاری جیاوازییەکـەش تەلەفزیۆنە، مەبەسـتم ئەوەیــە لەڕابردوودا، یاخود ١٠٠ سـاڵ پێش ئێسـتا هەر پاڵێوراوێك ناچار دەبوو پارتێکی سیاسی پێکبهێنێت، یاخود دەبوو پارتێکی سیاسـی پشـتگیری لێبکات و لەڕێی ئەم پارتەوە بانگەشـە بۆخۆی بـکات، لەکاتێکدا ئەمە کەمتر ڕاسـتە بۆ ئەم سـەردەمە، چونکـە پاڵێوراوەکان دەتوانن لە ڕێی تەلەفزیۆنەوە بانگەشـە و هەڵمەتەکانی خۆیان بکەن و کەمتر پشت بە پارتە سیاسییەکان ببەستن.

*** ئایا پارتە سیاسـییەکان دەتوانن سوود لەئەزموونـی سـەرکەوتوەکانی وڵاتـە گەشەکردوەکان وەربگرن؟**

- تەنها لەمەودایەکی زۆر سـنووردارا، لەبەرئـەوەی هەروەك پێشـتریش ئاماژەم پێکرد بارودۆخی ئێستا جیاوازە بە بەراورد بەدروستبونی پارتە سیاسییەکان ١٠٠ ساڵی پێش ئێسـتا لەوڵاتە گەشـەکردووەکاندا، لەهەمـان کاتدا لەئێستاشـدا تەلەفزیۆن پەیوەندی پارتە سیاسییەکانی بە دەنگدەران و ڕێکخراوەکانی دیکەی وەك یەکێتیەکانی کارەوە گۆڕیوە، لەبەر ئەوە دەکرێت سوود لەم ئەزمونانە وەربگیرێت، بەڵام لە مەودایەکی بەرتەسـکدا، بەو پێیە دەبێت زیاتر سیاق و هەلومەرجە ناوخۆییەکە لەبەرچاوبگیرێت، چونکە ناکرێت دەقاودەق ئەزمونی وڵاتی ئەڵمانیای ١٠٠ ساڵی پێش ئێستا دووبارە بکەیتـەوە لە بـواری بنیاتنانـی پارتە سیاسییەکاندا.

*** دەبێت پارتە سیاسییەکان لە ئەنجامی پێویسـتی خەڵکەوە دروستبووبێت، یاخود بـۆ خزمەتکردنـی بەرژەوەندییەکانیـان دروسـتبووبێت، بـەڵام ئەگــەر لەلایەن هێزێکی دەرەکی یـان پارتە گەورەکانەوە دروستکران، ئایا ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی خەڵك لێیان بێئومێد بێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە دەبێت پارتە سیاسییەکان خزمەت بە پێداویستیەکانی خەڵك بکەن، بەڵام زۆرجار سیاسـییەکان بە شێوەیەکی سـەرەکی پارتە سیاسـییەکان لـە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی خۆیاندا دروسـت دەکەن، لەگەڵ ئەوەشـدا، لە دیموکراسیە سەرکەوتووەکاندا ئەگەر پارتە سیاسییەکان خزمەت بەبەرژەوەندییەکانی خەڵك نەکەن ئـەوا لەهەڵبژاردنەکاندا شکسـتدەهێنن، هەرچۆنێك بێت من هاوڕام لەگەڵتاندا کە ئەو پارتانەی لە لایەن هێزە دەرەکیەکانەوە دروست دەکرێن خزمەت بە خەڵك ناکەن. من تەنها ئەوەندە دەڵێم هەر کاتێك سەروەرت و سامانی وڵاتەکە بەکارهێنرا بۆ پەرەپێدان و خزمەتکردن بە بەرژەوەندییە شەخسییەکان ئـەوا ئەمە پێچەوانەی ئـەو ئەرکەیە کە لەسیاسییەکان چاوەڕوان دەکرێت.

*** ئایا بیروبۆچونی ڕای گشتی، یاخود بە شێوەیەکی گشـتی گەلی ئەمەریکا چییە لە ئاسـت عێراقدا، ئایا ئەوان لەم ڕووەوە گەشبینن یان ڕەشبین؟**

- بەمەزندەی مـن گەلی ئەمەریکا بە حـەزەرەوە گەشـبینە. هەروەها زۆربەی ئەمەریکییەکان شەکەتبوون لەتەرخانکردنی سەرچاوە داراییەکان بۆ عێراق و لەکوشتنی سـەربازەکانی ئەمەریکا لـەو وڵاتەدا، لەگەڵ ئەوەشـدا هەندێ لایەن پێیانوایە ئەمەریکا بەرپرسـیارێتی هەیە لەئاست عێراقدا و نابێت ڕێگە بدات کارەسـاتێك لەو وڵاتەدا ڕووبدات.

*** دوا وتەت چییە؟**

- لە ڕاستیدا من پێموایە بوونی عێراقێکی سەرکەوتوو و کارا کە ئاستێکی دیاریکراوی دیموکراسـی لەو وڵاتەدا چەسپێنرابێت، لەبەرژەوەندی تێکرای جیهاندایە و من لەم ڕووەوە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە هەوڵەکانتاندا.

**ئەو دیموکراسیەی لە ٢٠٠٩دا سەرهەڵدەدات ڕووبەڕووی کەشێکی زۆر جیاواز دەبێتەوە لەو دیموکراسیەی سەدەیەک پێش ئێستا سەریهەڵدا**

**زۆربەی ئەمەریکییەکان شەکەتبوون لەتەرخانکردنی سەرچاوە داراییەکان بۆ عێراق و، لەکوشتنی سەربازەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا**



# نەخشەی سیاسی داهاتووی عێراق و ئاراستەکانی ململانێی گۆڕەپانەکە



فەیسەڵ دەباغ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

گشت نێوەندە سیاسییەکانی عێراق لەسەر پاشەکشەی دیمەنی هەڵبژاردن بۆ یەکەمین چوار گۆشە تایفییەکەی کۆکن، پاش ئەوەی راوێژکردنەکان بەبێ ئەنجام کۆتاییان پێهات، لە پێکهێنانی ئیئتیلافێك کە دوور بێ لە بەشکاری تایفی، بەڵام بە هەندێ ئەگەری جیاواز، وەك دانی پۆستی سەرۆك ئەنجومەنی نوێنەران بە کورد و پۆستی سەرۆك کۆمار بە عەرەبێکی سوننە و مانەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران بەدەستی حزبە شیعییەکانەوە، چاودێران پێیان وایە دیمەنەکە تا ئێستا هەر وەکو خۆیەتی و پێکهاتەکانی عێراق دابەش بوونەتە سەر سوننە و شیعە و کورد.

هاوپەیمانی کوردستانی خەریکی خۆڕێکخستنەوەی خۆیەتی و کۆبوونەوەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بەردەوامن بۆ ئیحتیواکردنی ئەوانەی کە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دادەنێن کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستان کورسییان وەدەستهێناوە، ئەمە لە کاتێکدا دەنگۆی ئەوە لە ئارادایە کە گوایە لیستی گۆڕانی نەوشیروان مستەفا خەریکە هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی فیدراڵ ببەستێ و چوار حیزبەکەی تریش (یەکگرتوو، کۆمەڵ، سۆسیالیست، جەماعەتەکەی قادر عەزیز) خەریکی وتووێژن بۆ پێکهێنانەوەی هاوپەیمانی کوردستان تا وەك لیستێکی یەکگرتووی کوردستانی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق بەشدار بن.

کورد دژی لیستی کراوەیە، لە کاتێکدا حزبە شیعییەکان و هەروا حزبە سوننییەکان لاگیری لیستی کراوەن، کورد پێی وایە کە دەنگەکان بەپێی ئەو لیستە پەرت و بڵاو دەبن و لە لیستی داخراویش یەك دەخرێن، چونکە بەپێی ئەو لیستە عێراق بە یەك ناوچەی هەڵبژاردن دادەنرێ.

ئەمما دیمەنی سوننی، دەکرێ بڵێین ئەویش رووبەڕووی چەند هاوپەیمانییەکی جیاواز لەیەك بۆتەوە، نێوان هەڵوێستی شێخ ئەحمەد ئەبوریشە سەرۆکی سەحوەی ئەنبار و شێخ محەمەد حاتم ئەلسلێمان میری تیرەکانی دلێم، کە پێکەوە گردبوونەوەی بە یارقی عێراقییان دروستکردووەو حەز دەکەن هاوپەیمانی لەگەڵ لیستەکەی سەرۆك وەزیران(ئیئتیلاف دەوڵەتی یاسا) ببەستن، بەڵام تا ئێستا ئەو هاوپەیمانییە وەڵامی ئەو گردبوونەوەیەی نەداوەو ئەگەر کار وا بڕوا لەوانەیە بچێتە ناو هاوپەیمانییەکی داهاتووی سوننە، ئەمە ئەگەر بە مەرجەکانیان رازی بێت .

لە بەرامبەردا شێخ حەمید ئەلهایس چووە ناو ئیئتیلافێ لە ژێر ناونیشانی گردبوونەوەی رزگارکردنی ئەنبار و بەرەی تەوافوقیش خەریکە خۆی رێك دەخاتەوە بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەکی نیشتمانی لەگەڵ قەوارەی سیاسی تر دروست بکات، لەوانە لیستی چارەسەر کە جەمال ئەلکەربولی سەرۆکایەتی دەکات و هەروا بەرەی حیواری د. ساڵح ئەلموتڵەگ و گردبوونەوەی رۆشنبیر و زانیارانی عێراق بە سەرۆکایەتی عەبدوللەتیف ئەلهومێم و گردبوونەوەی میساقی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دیوانی وەقفی سوننی شێخ ئەحمەد عەبدولغەفور ئەلسامەڕائی، هەروا قسەیەك لە ئارادایە دەربارەی گەڕانەوەی شێخ خەلەف ئەلعەلەیان بۆ ئەم پێکهاتەیە، ئەمە سەرەڕای قسەکردن لەگەڵ هەندێ کەسایەتی ئیسلامی کورد لە پارێزگاکانی دیالا و کەرکووك و مووسڵ بۆ ئەوەی ئەوانیش بچنە ناو ئەو هاوپەیمانییە نوێیەوە.

ئەمما دیمەنی شیعی، ئەوا هەروەکو خۆیەتی، واتە لەو خاڵە راوەستاوە کە لە تەکیدا لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافە نوێیە کە بەیەك نەگەیشتن سەبارەت بە کێشەی سەرۆکایەتی کردنی ئیئتیلافەکە و میکانیزمی کارکردنی و شێوازی تەکلیف کردنی کەسایەتییەکان بۆ پۆستە وەزارییەکان، کە ئەمەیش وایکرد چەند رێکخستنێکی شیعی، بێجگە لە حزبی دەعوە، ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق دابمەزرێنن.

ئیئتیلافی یەکگرتووی عێراق کەلەسەر بنچینەیەکی مەزهەبی، شیعی دروستکرابوو، یەکەمین لایەن بوو کە هاوپەیمانییەتەکەی خۆی راگەیاند، بەڵام بەناوێکی ترەوە، ئەو ئیئتیلافە هاوپەیمان و دوژمنانی دوێنێ کۆکردەوە، هەتا د. ئیبراهیم ئەلجەعفەری سەرۆك وەزیرانی پێشوو و ئەمینداری گشتی پێشووی حزبی دەعوە کە ئیئتیلافی بەجێ هێشتبوو، بەهۆی لاگیری رەوتی سەدر و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە نوری مالیکی بۆ ئەوەی لە جیاتی ئەو پۆستی سەرۆك وەزیران وەرگرێ و، پاش دەرچوونی رەوتی سەدر لە ئیئتیلافەکە و ئەو گورزە عەسکەرییەی کە لەلایەن مالیکیەوە پێی کەوت و، پاش دەرچوونی حزبی فەزیلە لە ئیئتیلافە بەهۆی تۆمەتبارکردنی ئەو ئیئتیلافە کە گوایە لە هێڵی نیشتمانی

دوور کەوتۆتەوەو، پاش دەرچوونی یان دەرچوواندنی ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی لە ئیئتیلافەکە، یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ئەویش بەپێی مەرجێکی رەوتی سەدر، ئەو هەمووانە ئێستا لە ئیئتیلافە نوێیەکە یەکیان گرتووە.

ئەوەی لەلای چاودێران روونە بوونی زیاتر لە یەك پاڵێوراوە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، د. عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆك کۆمار و سەرکردەی دیاری ناو ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئێستا و د. ئەحمەد چەلەبی وەك پاڵێوراوێکی ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەو دووە.

هەروا ململانێیەکی زۆر لەسەر پۆستی سەرۆك کۆماریش هەیە، بەتایبەتی نێوان جێگری سەرۆك کۆمار تاریق ئەلهاشمی و سەرۆکی کوتلەی حیواری وەتەنی د. ساڵح ئەلموتڵەگ و سەرۆکی کۆنگرەی حیواری وەتەنی خەلەف ئەلعەلەیان. کێشەی سیستەمی پەرلەمانی عێراق لە وەدایە کە سەر بە تەوافوقاتی سیاسییەو ئەو تەوافوقانەش بەپێی تەجازوباتی نێوان کوتلە سیاسییەکان بەرێوەدەچێت.

ئەم قەوارانە هیچ یەکێکیان زۆرینەی پەرلەمانی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا وەدەست ناهێنن، بەپێی رابینینێکی ورد ئیئتیلاف نیشتمانی نزیکەی ٧٠ کورسی وەدەست دێنێ، ئەمە لە بارێکدا ئەگەر بەبێ لیستەکەی سەرۆك وەزیران بەشداری هەڵبژاردنەکە بکات و لیستی مالیکیش لە نێوان ٤٠-٥٠ کورسی وەدەست دێنێ و لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش ئەگەر بەیەکەوە بەشداری بکەن ئەویش ٤٠-٥٠ کورسی.

ئەمە لە کاتێکدا حزبە لیبراڵەکان بە پەرتوبڵاوی دەمێننەوە، بەتایبەتی هاوپەیمانێتییەکانی بزوتنەوەی ویفاقی عێراقی بە سەرۆکایەتی د. ئەیاد عەلاوی کە لەوانەیە زیاتر لە ٣٠ کورسی وەدەست نەهێنێ و هەروا بەرەی تەوافوقیش بە حزبی ئیسلامی عێراقییەوە نزیکەی ٥٠-٦٠ کورسی وەدەست دێنێ،

بەدیدی ئێمە ئەو رێژانە گرنگی تەوافوقی سیاسی پیشان دەدات، بەتایبەتی لە پێکهێنانی بەرەیەکی گەورەی پەرلەمانی کە زیاتر لە نیوەی ئەو سێ سەد و ئەوەندە کورسییەی پەرلەمان لەخۆ بگرێت (ئەمە لە بارێکدا ئەگەر ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان زیاتر کرا) بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیرانی چاوەڕوانکراو و هەروا روودانی تەوفوق لە نێوان دوو لەسەر سێی ژمارەی پەرلەمانتاران بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆك کۆماری داهاتوو، کە بەپێی ئەو بۆچوونە ئەنجامەکە کە هەروەکو گوتمان گەڕانەوە دەبێت بۆ یەکەمین چوارگۆشە، وەك ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ روویدا.

گەمەی کورسی وا دەخوازێ کە دەبێ یەك قازانجکەر هەبێ نەك زیاتر، ئەو ئیئتیلافەی کە عەبدولعەزیز ئەلحەکیمی خوالێخۆشبوو سەرۆکایەتی دەکرد تاکە قازانجکەر بوو لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو کە بەر لە چوار ساڵ ئەنجامدرا، بەڵام ئەمڕۆ ئەو مەوقیعە عەمماری کوڕی زامنی ناکات، بەتایبەتی پاش ئەو موفاجەئاتەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان روویدا، لەلایەکی دیکە تای تەرازووەکە لە بەرژەوەندی نوری مالیکی یە، کە هاوبەشێکی سەرەکی ئەنجوومەن بوو لە پێکهێنانی ئیئتیلاف پێشوو و بەهۆی ئەو ئیئتلافە و لاگیری ئەنجوومەنی باڵا بوو بە سەرۆك وەزیران.

بەڵام ئەمڕۆ مالیکی دژێکی توندی ئەنجومەن و ئیئتیلافە نوێیەکەیە لە گەمەی کورسیدا، سەرۆك وەزیرانی ئێستا دەیەوێ رێگەکە کورت بکاتەوەو سیستەمی گەمەکە بگۆڕێ لە رێی بادانی دەست و سەپاندنی مەرج و قۆرخکردنی کورسییەکە وەك مەرجێکی بنەڕەتی بۆ چوونە ناو ئیئتیلافەکە.

لێرەدا دەکرێ بڵێین رۆڵی ئێران بە دیار دەکەوێت، چونکە ئەو وڵاتە دەستی بەسەر کارتەکانی ئەو گەمەیەدا گرتووە، نەك هەر پشتگیری لە هەموو لایەن و حزب و قەوارەی سیاسی شیعی دەکات، بەڵکو پشتگیری لە قەوارە سونییەکانیش دەکات.

ئێران بەیەك چاو سەیری مالیکی و ئەلحەکیم دەکات و پشتگیری لە هەردووکیانیش دەکات. ئەگەر ئێران سوور بێ لەسەر چوونی مالیکی بۆ ناو ئیئتیلافە نوێیەکە ئەوا بە تەئکیدەوە دەیڵێین کە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ ئەمە بکات، بەڵام ئێران دەیەوێ چاودێری رێرەوی گەمەکە بکات و بزانێ کێ بە هێزترەو کێ تا دوایی گەمەکە دەمینێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر پشتگیری لێ بکات، بەبێ ئەوەی ئەویتر بدۆڕێنێ.

هەندێ کەس وا تەسەور دەکەن کە گوایە مالیکی ئێستا لە ئێران دوورکەوتۆتەوەو خەریکی جێبەجێکردنی ئەجێندای ئەمەریکایە، بەتایبەتی لە بەرامبەر سوریاو ئێراندا، بەڵام لە راستیدا وا نییە، پەیوەندییەکانی مالیکی لەگەڵ ئێراندا هەر وەکو خۆیەتی، هەتا تاقمی فڕۆکەکەی مالیکی هەر هەموویان ئێرانین و مەعد فەیازی رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت ئەم هەقیقەتەی بۆ یەکەم جار کەشف کرد و، هەروا پەیوەندییەکانی مالیکی لەگەڵ قاسم سلێمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی ئێرانی.

بۆ ئاگاداری مالیکی لەمەسەلەی سوریادا نەراوێژی لەگەڵ ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆمار کردووەو نە لەگەڵ ئیدارەی ئەمەریکا، ئەسڵەن ئیدارەی ئەمەریکا حەز ناکات ئەو جۆرە دادگاییە دروست ببێ کە مالیکی داوای دەکات، نەك لەبەر سوریا و بەعسییەکانی ئەوێ، بەڵکو لە ترسی ئەوەی نەوەکو ئەویش تۆمەتباربکرێ بە ئەنجامدانی چەند تاوانێکی جەنگی.

پێم وایە مالیکی بەهۆی ئەم مەسەلەیەی سوریاوە گورزێکی گەورەی لەخۆی دا و خەریکە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆی و دەرەوە دۆڕاو دەردەچێت، لە ناوەوە هاوپەیمانەکانی خۆی لە ئیئتیلافی شیعی و هاوپەیمانەکانی لە هاوپەیمانی کوردستانی دۆڕاندووە، کە هەر ئەو دوو هاوپەیمانییەش بوون ئەویان گەیاندە دەسەڵات، ئەمە سەرەڕای ناکۆکییەکانی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی کۆماردا،

لەسەر ئاستی دەرەوەش سوریا و وڵاتانی دیکەی عەرەبی دۆڕاندووەو تەنیا لایەن مابێ ئێرانە کە هەروەکو گوتمان چاوەڕوانی ئەنجامی گەمەکە دەکات کە بەڕای من مالیکی خەریکە کارتە دەرچووەکە دەدۆڕێنێ.

کێشەی سیستەمی پەرلەمانی عێراق لە وەدایە کە سەر بە تەوافوقاتی سیاسییەو ئەو تەوافوقانەش بەپێی تەجازوباتی نێوان کوتلە سیاسییەکان بەرێوەدەچێت

رۆڵی ئێران بە دیار دەکەوێت، چونکە ئەو وڵاتە دەستی بەسەر کارتەکانی ئەو گەمەیەدا گرتووە، نەک هەر پشتگیری لە هەموو لایەن و حزب و قەوارەی سیاسی شیعی دەکات، بەڵکو پشتگیری لە قەوارە سوننیەکانیش دەکات

# ١١ی سێپتەمبەر لە نێوان بوش و ئۆبامادا



سامی شۆڕش
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

ئەمساڵ یادە کارەساتاوییەکەی تاوانی ١١ی سێپتەمبەری ئەمەریکا ساڵی ٢٠٠١، بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو، هەتا ڕادەیەك بێ دەنگە دەنگ و هاتوهوریاو ڕێوڕەسمی شایەستە بەڕێوەچوو. تەنیا شتی گەورە وتارەکەی سەرۆك باراك ئۆباما بوو لە وەزارەتی بەرگری لە ڕۆژی یادەکەدا.

هەندێك لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە هۆی ساردوسڕییەکە ئەوەیە کە یادەکە کۆن بووەو مرۆڤایەتی توانستی ئەوەی نەماوە لەناو جەنجاڵیی جیهانی ئەمڕۆدا، خۆی خەریکی یادکردنەوەی یادگارە ناخۆشە کۆنەکان بکاتەوە.

هەندێکی دیکە لە چاودێران وای لێکدەدەنەوە کە جیهان لە ساڵی ڕوودانی تاوانەکەی نیۆیۆرك و واشنتۆن بە سەرەوە، ئەوەندە کارەساتی گەورەو جەرگبڕو خوێناوی بەخۆیەوە دیوە کە ئیتر یادگارەکانی ئەو ڕۆژە شوومە لە مێشك و خەیاڵی گەلاندا کاڵ بۆتەوە، کەچی هەندێکی دیکە کە من بۆ خۆم یەکێکم لەوانە، پێیان وایە ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما، بە دەستی ئەنقەست ئەمساڵ بایەخێکی گەورە بە یاد کردنەوەکە نادات. هۆیەکەیش ئەوەیە نایەوێت جیهانی موسوڵمانان بترسێنرێت و سەر لە نوێ بخرێتە دڵەڕاوکێی ئەوەی کە ئیتر ئەمەریکا هەرگیزاو هەرگیز یادی واشنتۆن و نیۆیۆرك، ئینجا تۆڵەی ئەو یادە لە بیر ناکات و هەمیشە هەوڵ دەدات لە ژێر پەردەی شەڕی دژە تیرۆر شەڕی ئایین و دوژمنایەتیی کردنی ئایینی لە دژی گەلانی موسوڵمان درێژە پێ بدات.

بە هەر حاڵ، لەوەتەی سەرۆك ئۆباما هاتۆتە کۆشکی سپی لە کانوونی دووەمی سەرەتای ئەمساڵدا، لایەرەکانی شەڕی دژەتیرۆر لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی گۆڕانێکی بنەڕەتیان تێکەوتووە. لە سەردەمی سەرۆکی پێشوو جۆرج بوش تیرۆر بە گەورەترین مەترسی لە قەڵەم دەدرا لە سەر ئاستی جیهانیدا. سەرۆك بوش بڕیاری ئەوەی دابوو بە شێوازی سەربازی و لە ڕێگەی شەڕی دەستپێشخەرانەو بەکۆکردنەوەی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی لە دەوری ئەمەریکا، لە بەرامبەر مەترسییەکانی تیرۆر بووەستێتەوەو بنەبڕی بکات. لەم پێناوەدا ئەمەریکا بۆ شکست پێهێنانی تیرۆر دوو شەڕی گەورەی ئەنجامدا: یەکەم، شەڕی ئەفغانستان لە دژی بزووتنەوەی تالیبان و دووەم، شەڕی ئازادیی عێراق لە دژی ڕژێمی پێشوو. ئەم دوو شەڕە تا ئێستاش بەردەوامیان هەیەو تا ئێستاش خوێن و ماڵکاولییەکی زۆریان لێدەکەوێتەوە.

بێجگە لە باجی شەڕ، سیاسەتەکانی بوش گرژییەکی زۆریان خستە ناو بونیادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی جیهان، پشێوییەکی زۆریان بۆ پێگەی ئەمەریکا دروست کرد چ لە ناو تەواوی سیستەمی سیاسیی جیهان و چ لە ناو سیستەمی سیاسەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چ لە سەر ئاستی جیهانی موسوڵمانان و عەرەب. سیاسەتەکانی سەرۆك بوش هەتا بڵێی ئەمەریکای لە جیهاندا ناشرین کرد. زیانێکی زۆری ئابووری و بازرگانی و سیاسیی و دیپلۆماسی بە وڵاتەکەی گەیاند. کاری زۆر باشی کرد، وەك ڕزگارکردنی عێراق لە دەست دڕندەترین ڕژێمی دیکتاتۆری، بەڵام پرۆشکەکانی شەڕی تیرۆر دیار بوو سووتێنەر بوون. لە جەوهەردا، هەموو ئەو زیانانە بە لای ئیدارەی سەرۆك بوشەوە کاتیی بوون و لە مەودایەکی زەمەنیدا ئاسەوارەکانیان نەدەمان مادامەکی ئامانجە سەرەکییەکەی شەڕو پشێوی بنەبڕکردنی تیرۆر بوو.

لە پێناو ئامانجی شکست پێهێنانی تیرۆرو ڕێگە گرتن لەوەی ئاگرە نەگریسەکانی تیرۆر نەگاتە پاوانی ناوخۆی ئەمەریکا، سەرۆك بوش هەرچییەکی لە دەستهات و لە دەسەڵات بوو کردی. زۆربەی ئەو سیاسەتانەی پەیڕەویشی دەکردن سەربازی بوو. لەو بەرامبەرەدا تیرۆریش لە باری خۆیەوە، زیاتر خۆی کۆکردەوەو زیاتر کەوتە ویژەی مرۆڤایەتی و گەلان.

دیارە ئەمەریکییەکان دوای هەشت ساڵ لە ١١ی سێپتەمبەر گەیشتنە قەناعەتی ئەوەی کە لە ناوبردنی تیرۆر هەر تەنیا بە چەك و توندوتیژی و شەڕ ناکرێت. بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە سیاسەت و دایەلۆگ و شێوازی دیپلۆماسی گۆڕانە سەرەکییەکەی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بێت، بۆیە ئەوەندەی نەبرد ئۆباما هاتە کۆشکی سپی. هاتنی ئۆباما سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە پێوانەکانی شەڕی دژەتیرۆر. یەك لەو وەرچەرخانانە ئەوە بوو ئیتر دایەلۆگ بکرێتە دروشمی ئەمەریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهان. وتارەکەی ئۆباما بۆ جیهانی موسوڵمان لە قاهیرە لە مانگی ئابی ڕابردوو نیشانەیەکی گرنگی ئەو ڕێبازە تازەیە بوو.

وەرچەرخانێکی دیکە، لە زمانی

رووبەرووی تیرۆر بوو. ئەم دیاردەیە خۆی لەوەدا دۆزییەوە کە ئیتر واشنتۆن کەوتە بەکارهێنانی زمانێکی تازە لەبەرامبەر جیهانی موسوڵمانان: زمانێکی نەرم و نیان، سادە و بێ گرێ. زمانێکی خاڵ لە بەکارهێنانی وشەی (تیرۆرو شەڕی دژە تیرۆر). ئەوەی راستی بێت، باگراوەندە موسوڵمانییەکەی ئۆباما و پێست رەشییەکەی و رەچەڵەکە ئەفریقاییەکەی یاریدەدەرێکی گەورە بوون بۆ ئەوەی موسوڵمانان زۆرتر متمانەی پێ بکەن و متمانە بە سیاسەتی تازە ئەمەریکاو رۆڵی تازەی ئەمەریکا بکەن.

ئەوەی سەرۆك ئۆباما کردی، وەرچەرخان نەبوو لە ئامانجی سەرەکی، بەڵکو وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بوو لە شێوازو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شەڕ. قەوارەی کارەساتەکەی ١١ی سێپتەمبەر ئەوەندە گەورەو جەرگبڕ بوو کە ئیتر واشنتۆن نەیدەتوانی دەست لە شەڕی دژەتیرۆرو ئامانجی شکست پێهێنانی بەرەی تیرۆریستان هەڵبگرێت. بەڵام وەك لە رێگەی ئەزموونە چەند مانگییەکەی ئۆباما لە کۆشکی سپی دەردەکەوێت، ئەو شەڕە قابیلی گۆڕانە لە بواری ئامرازو شێوەکانیدا. رەنگە لەم پێناوەدا، ئێران چاکترین نموونە بێت.

واشنتۆن لە ماوەی سەرۆکایەتی بوش دا هەمیشە تۆمەتی پشتگیریکردنی تیرۆری دەدایە پاڵ تاران، وای نیشان دەدا کە لە غەیری سزای نێودەوڵەتی و شەڕی سەربازی هیچ رێگەیەکی دیکە نییە بۆ کوژاندنەوەی ئاگری مەترسییەکانی ئێران، بەڵام کاتێك ئۆباما هاتە کۆشکی سپی، هەر زوو کەوتە بانگەشەی دایەلۆگ لەگەڵ ئێران. دەست هەڵگرتن لە بەرنامەی ئەتۆمی و لە سیاسەتی پشتگرتنی تیرۆر هەر بە دوو داواکارییە سەرەکییەکەی ئەمەریکا مانەوە بەرامبەر بە ئێران، بەڵام شێوازەکانی چارەسەرکردن گۆڕانیان تێکەوت.

نموونەیەکی دیکە ئەوە بوو کە ئەمەریکا لەرێگەی چەند دەوڵەتێکی هاوپەیمانی خۆی لە ناوچەکەدا، سەعودی و ئیمارات، کەوتە هەوڵوتەقەللای ئەوەی بەڵکو دایەلۆگێك لە نێوان کابول و تالیبان دروست بکات. تا ئێستا ئەنجامەکانی ئەو شێوازە سیاسییە روون نییە چ لەگەڵ ئێران و چ لەگەڵ تالیبان و بگرە چ لەگەڵ حزبوڵلای لوبنانیش. بەڵام بە گشتی ئەو رێبازە گەورەترین وەرچەرخان بوو کە ئۆباما لە بواری شەڕی دژە تیرۆر هێنایە کایەوە.

لەم بازنەیەدا، زۆر لە چاودێران بە چاوی گومانەوە سەیری سیاسەتەکەی ئۆباما دەکەن و پێیان وایە تیرۆر، وەك سەرۆکی پێشوو بوش دەیگوت، تەنیا بە شەڕ لە ناو دەچێت، بەڵام ئۆباما وای لێکدەداتەوە کە لە جیاتی بەرپاکردنی شەڕێکی خوێناوی و بەرفراوان وا چاکترە سەرەتا کاری زۆرتر بۆ ئەوە بکرێت کە سەرچاوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی تیرۆر وشك بکرێت. هەوڵی چارەسەر کردنی سیاسییانەی کێشەکانی جیهان بدرێت بە تایبەتی کێشەی فەلەستینیەکان و ئیسرائیل و کێشەی لوبنان و کێشەی ئێران. تەنانەت لە بواری عیراقیشدا ئۆباما زۆرتر ئەوەی پێ چاك بوو کە هەتا زووە هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە بکشێنرێتەوەو پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی پەرەی پێ بدرێت و، هەموو پێکهاتەکانی عێراق بخرێنە ناو چوارچێوەی پرۆسەی سیاسییەوە. تاکە وڵاتی ئالوودە بە دەردی تیرۆر کە پێویستە هەموو توانایەکی سەربازی بۆ تەرخان بکرێت، بە لای ئۆباماوە، ئەفغانستانە.

جیاوازییەکی دیکە لە نێوان تێڕوانینی بوش و ئۆباما بۆ مەسەلەی شەڕی دژەتیرۆر، لەوەدایە کە بوش پێی وا بوو هەر کەس و دەوڵەتێك لەگەڵ ئەمەریکا نەوەستێتەوە لە بەرامبەر تیرۆر، ئەوا مانای وایە ئەو کەس و دەوڵەتە دوژمنەو خۆی لەگەڵ تیرۆر ساغ کردۆتەوە، بوش بە ئاشکرا ئەم مەبدەئەی راگەیاند لە یەك لە وتارەکانی خۆی دوای کەمتر لە هەفتەیەك لە کارەساتی ١١ سێپتەمبەر. ئەم بۆچوونە توندەی بوش وای کرد چەندین دەوڵەت تووشی هێرشەکانی تیرۆر بێن. لەولاوە هەموو عەیب و عارو کەموکورتییەکانی ئەو دەوڵەتانە بکەوێتە ئەستۆی واشنتۆن. لەمبوارەدا پاکستان چاکترین نموونەیە. کاتی خۆی سەرۆك بوش ناچاری حکومەتی پاکستانی کرد بەشداریی لە شەڕی ئەفغانستان بکات لەدژی رێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریست و بزووتنەوەی تالیبان، ئەوە بوو لە ئەنجامدا پشێوییە ناوخۆییەکان نەك تەنیا سەری ژەنەراڵ پەروێز موشەڕەفیان خوارد، بەڵکو بوونە هۆی تەقینەوەی دەیان کێشەو شەڕی ناوخۆییش لە پاکستان، هەروەها بوونە هۆی سەرهەڵدانی تاڵیبانی پاکستان.

کاردانەوەیەکی دیکەی تێڕوانینە توندەکەی بوش لە بەرامبەر شەڕی لە ناوبردنی تیرۆر ئەوە بوو کە پەیوەندییەکانی واشنتۆن لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکانیش خەریکی تێکچوون بوو. رووسیاو چین بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئەمەریکا دوورکەوتبوونەوەو لە ناو ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان هەمیشە لەبەرامبەر هەڵوێستەکانی ئەمەریکا دەوەستانەوە. فەرەنسایش هەمان رەفتاری هەبوو. بۆیە تا دەهات شاڵاوی بوغزاندنی ئەمەریکا لە جیهان بە گشتی و لە ئەوروپا بە تایبەتی فراوانتر دەبوو. هەر ئەو شاڵاوە بوو دواتر سەری سەرۆك وەزیرانی بەریتانی تۆنی بلێری خوارد. ئینجا زۆری نەبرد سەری سەرۆك بوش خۆیشی خوارد.

بە کورتی، تا ئێستاش لە سەرتاسەری جیهان و بە سەرکردایەتی واشنتۆن شەڕ لە دژی تیرۆر بەردەوامە. ١١ی سێپتەمبەر ئەگەرچی وەك جاران بە گەرموگوڕی و هاواری تۆڵە یاد ناکرێتەوە، بەڵام یادگارەکانی تا ئێستاش لە زەینی مرۆڤایەتی زیندووە. ئەوەی لەم بوارەدا گۆڕانی بەسەر هاتووە، بە تایبەتی لە نێوان بوش و ئۆباما، تەنیا شێوازی شەڕەکەیە.

**ئەمەریکییەکان دوای هەشت ساڵ لە ١١ی سێپتەمبەر گەیشتنە قەناعەتی ئەوەی کە لە ناوبردنی تیرۆر هەر تەنیا بە چەک و توندوتیژی و شەڕ ناکرێت هاتنی ئۆباما سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە پێوانەکانی شەڕی دژەتیرۆر**